

# سەرۆکێک

## بۆ دانپێدانان بە سەروەریی نەتەوەکەی لە دەرگای دەوڵەتانی جیهان دەدات



لە ساڵی ٢٠١٥ کاتێك سەرۆك بارزانی لەناو کۆشکی سپی باسی دەوڵەتی سەربەخۆی لەگەڵ سەرۆك ئۆباما و ستافی ئیدارەی ئەمریکی کرد و پاشانیش هەر لە میانەی ئەو سەردانەیدا لە ئەورووپا هەمان پرسی لەگەڵ دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپا و ناتۆ باسکرد، ئەمە پەیامێك بوو ئاراستەی هەموو جیهانی کرد، بەوەی کوردستان دوایین بڕیاری خۆی داوە، ئەو بڕیارەش ئەوەیە بەرەو دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەنگاو هەڵدەگرێت.

ئەم پەیامەی بارزانی نەك ئەمریکا و دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپا و ناتۆ-ی نیگەران نەکرد، بەڵکو هەنگاوی دیکەی بەدوای خۆیدا هێنا، کە بریتی بوو لە مامەڵەکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەو دەوڵەتە دانپێدانەنراوەی کە توانیویەتی هەموو دەسەڵاتەکانی سەروەریی لە چوارچێوەی رەچاوکردنی یاسا و شەرعییەتی نێودەوڵەتیدا پیادە بکات و رێز لەو پێوەرانەش بگرێت کە شەرعییەتی نێودەوڵەتی بۆ دەوڵەتێکی هاوچەرخ کردوویەتی بە پێوانە.

گرنگترین پرس لای ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەبارەت بە دوایین بڕیاری کوردستان بۆ بەدەستهێنانی سەروەریی ئەوەیە، ئەم پرۆسەیە بە دیالۆگ و لێکتێگەیشتنی نێوان کوردستان و عێراق بە پلەی یەکەم و کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ بە پلەی دووەم یەکلایی بکرێتەوە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە لە نێوان عێراق و کوردستان چیدیکە خوێنڕشتن و توندوتیژی روونەدات و لەسەر ئاستی ئیقلیمیش،

دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان نەبێتە فاکتەرێك بۆ شێواندنی ئاسایش و سەقامگیریی ناوچەکە .

دیارە لەسەر ئاستی پێوەندی فەرمی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراق، پێوەندییەکە گۆڕاوە بۆ پێوەندی نێوان دەوڵەتێکی دانپێدانەنراوی دیفاکتۆی سەربەخۆ لەگەڵ ئەو دەوڵەتەی پێشتر بەشێك بووە لێی و ئێستاش بە فەرمی هەر بەشێکە لەو دەوڵەتە، بەڵام جیاوازییەکەی ئەوەیە پێشتر پێوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بوو لە نێوان حکومەتێکی فیدراڵی و حکومەتێکی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا، بەڵام ئێستا جۆری پێوەندی نێوان کوردستان عێراق، پرۆسەیەکی دیکە رێکیدەخات کە ئەویش پرۆسەی دابەشکردنی سەروەرییە لەنێوان هەردوولایاندا. بە کردەیی و لەسەر ئەرزی واقیعیش ئێستا هەردوولا عێراق و کوردستان تەواوی دەسەڵاتەکانی سەروەریی بە بریاردانی شەڕ و ئاشتیشەوە لەسەر ئەو ناوچانە پیادەدەکەن کە هەر لایەك لەژێر دەستی خۆیدایەتی، لەمەش زیاتر ئەگەر هەردوولا بشیانەوێت پێکەوە هاریکاری بکەن، ئەوا وەك دوو دەوڵەتی دراوسێ دوای رێککەوتن لەسەر کارە هاوبەشەکەیان دەیخەنە واری کردارییەوە، هەروەك چۆن بە رێککەوتن سوپای عێراق بۆ ئازادکردنەوەی موسڵ لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە مۆڵەتی پێدرا بۆ ئەوەی بێتە ناو کوردستانەوە.

لەسەر ئاستی پێوەندی کوردستانیش لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ بەتایبەتی تورکیا و ئێران، حکومەتی کوردستان توانیویەتی جیا لە رێزگرتنی پرەنسیپەکانی دراوسێیەتی باش و نەبوون بە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ تێکدانی سەقامگیریی ئەو وڵاتانە، لەهەمانکاتدا پێوەندییەکی بەرفراوانی بازرگانی دروستکردووە کە لە چوارچێوەی پرۆسەی تەواوکاری ئابووریدا سوودێکی گەورەی هاوبەشی بۆ ئەوانیش و بۆ کوردستانیش دروستکردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە هەرێمی کوردستان توانیویەتی لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی ئەو راستییە بە هەموو لایەك بگەیەنێت، کە ئامانجی کوردستان لە راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، دروستکردنی دەوڵەتێك نییە جیاواز لەو شێوازی دەوڵەتەی کە ئێستا لە جیهاندا بوونی هەیە، بەڵکو ئامانجی ئەوەیە کە دەوڵەتێك دابمەزرێنێت وەك هەر دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی دیکە هەموو پرەنسیپ و پابەندبوونەکانی دەوڵەتی سەربەخۆ بەرامبەر دراوسێکانی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جێبەجێ بکات. سەلماندنی ئەم پابەندبوونانەی کوردستانیش وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆی دانپێدانەنراو، جۆرێك لە دڵنیایی لەسەر ئاستی ئیقلیمی بە دەوڵەتانی عەرەبی و دراوسێشەوە دروستکردووە، بۆیە وەك وەڵامدانەوەیەکی ئیجابی بۆ ئەم پابەندبوونانەی کوردستان بە یاسا و شەرعییەتی نێودەوڵەتییەوە، دەبینین بەشی زۆری دەوڵەتانی دراوسێ و هەروەها دەوڵەتانی عەرەبیش کونسوڵخانە و نوێنەرایەتی خۆیان لە هەولێر دەکەنەوە، ئەمە لەکاتێکدا زۆر باش دەزانن پێوەندی نێوان کوردستان و بەغدا لە رووی کردەییەوە پێوەندی نێوان دەوڵەتێکی فیدراڵی و هەرێمێکی ناو ئەو دەوڵەتە فیدراڵییە نییە، لەمەش زیاتر باش دەزانن کە کوردستان وەك دەوڵەتێکی دانپێدانەنراوی سەربەخۆ هەموو لایەنە جیاوازەکانی سەروەریی دەوڵەت لەسەر ئەو جوگرافیایەی کۆنترۆڵی کردووە، پیادەی دەکات و هیچ پێشێلکارییەکیشی بەرامبەر یاسا و شەرعییەتی نێودەوڵەتی ئەنجام نەداوە.

لەم چوارچێوەیەدا کاتێك سەرنج لە شێوازی پڕۆتۆکۆڵی پێشوازیی دەوڵەتان لە سەرۆکی کوردستان دەدەین، وەك لە سەردانی چەند رۆژی رابردووی سەرۆك بارزانی بۆ تورکیا بینیمان بە ئاڵای کوردستان پێشوازی لێدەکرێت، لەگەڵ ئەوەی ئەمە یەکەمجار نییە لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە بە ئاڵای کوردستان پێشوازی لە سەرۆکی کوردستان دەکرێت، بەڵام تورکیای دوای هەوڵی کودەتا شکستخواردووەکەی ١٥ی تەموز، تورکیای پێش ئەو بەروارە نییە، تورکیا ئێستا دەوڵەتێکە لە بارێکی نائاساییدایە و گەورەترین کێشەی ناو تورکیاش کێشەی کوردە، بەڵام کاتێك دەوڵەتێکی وەك تورکیا کە لە حاڵەتی نائاسایی دەوڵەتدا بە ئاڵای کوردستان پێشوازی لە بارزانی دەکات، مانای ئەوەیە دەوڵەتی کوردستان بۆ باری نائاسایی تورکیا جێگەی مەترسی نییە و بەڵکو کوردستان ئەو دەوڵەتەیە کە لە کاتی ئاسایی و نائاساییدا رێز لە بنەمای هاوسێیەتی باش و ئاشتی و سەقامگیری خۆی و دراوسێکانی دەگرێت.

خاڵی گرنگ و گەوهەری لەبەرەوپێشەوە چوونی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان و هەنگاوهەڵگرتن بۆ دوایین قۆناخی بریاری چارەنووس و بەدەستهێنانی دانپێدانانی نێودەوڵەتی، ئەو خاڵەیە کە ئێستا کوردستان وەك دەوڵەتێکی دانپێدانەنراوی سەربەخۆ هەموو دەسەڵاتەکانی سەروەریی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بە کردەیی لەو دەوڵەتە پیادەدەکات و هاوکات توانیویەتی وێڕای ئەوەی بە درێژایی زیاتر لە ١٠٠٠ کیلۆمەتر بەرەی شەڕی لەگەڵ تیرۆریستانی داعش هەیە، ئاسایش و سەقامگیری لە دەوڵەتەکەی خۆیدا




دابین بکات، هۆکارێکی ئیجابیش بێت بۆ ئاشتی و سەقامگیری ناوچەکە و جیهانیش، هەروەها لەناو ئەم دەوڵەتە دیفاکتۆیەدا ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ دەگیرێت و توانراوە پێکەوەژیان و لێبووردەیی لە نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان دروست بکات، کە لە هیچ دەوڵەتێکی جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا نەتوانراوە ژینگەی سیاسیی لەو جۆرە بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و پێکەوەژیان و لێبووردەیی لە نێوان نەتەوە جیاوازەکاندا دروست بکرێت.

لایەنێکی دیکەی گرنگ لە سەردانی ئەمجارەی سەرۆك بارزانی چ بۆ دەوڵەتانی دراوسێی و چ بۆ دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپا و ناتۆ، جیا لەوەی هەوڵدانە بۆ بەدەستهێنانی دانپێدانانی نێودەوڵەتی بە دەوڵەتی دیفاکتۆی کوردستاندا، لەهەمانکاتدا باسکردنی ئاستەکانی دیکەی پێوەندیی دەوڵەتە لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، لەمبارەوە پرسی بە دەوڵەتبوونی کوردستان تەنیا هەر ئەوەندە نییە، ئەم دەوڵەتە رابگەیەندرێت و دانپێدانانی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنێت، بەڵکو شێوازی مامەڵەی ئیقلیمی و نێودەوڵەتییە لەگەڵ ئەم دەوڵەتە تازەیەدا، ئەمەش نەك تەنیا لە بواری سەربازی و پێوەندیدار بە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش، بەڵکو لەسەر شێوازی پێوەندی کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێت لە بوارەکانی ئابووری و پەرەپێدان و ریزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و هاریکاریی نێودەوڵەتی لەگەڵ کوردستان لە پێناوی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی. بەتایبەتیش پێش ئەوەشی کوردستان وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ متمانەی نێودەوڵەتیش بەدەست بهێنێت، توانیویەتی وەك ئەزموونێك لە قۆناخی دەوڵەتێکی دانپێدانراودا هەموو پابەندبوونە نێودەوڵەتییەکان جێبەجێ بکات و ڕێزیان لێبگرێت.

کەواتە کوردستان وەك دەوڵەتێکی دانپێدانەنراو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و لە قۆناخی پیادەکردنی تەواوی دەسەڵاتەکانی سەروەریی دەوڵەت بە شێوەی دیفاکتۆ سەرکەوتوو بووە و جێگەی رەزامەندیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بووە، بۆیە ئەم پرسە ئەگەر ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیش کۆبوونەوەیەکی تایبەتی بۆ گرێ نەدا، بۆ ئەوەی لە ئاکامی راگەیاندنی ئەم دەوڵەتە تازەیە بکۆڵێتەوە، ئەوا سیاسەتی حەکیمانەی بارزانی دڵنیاییەکی ئەوتۆی بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دروستکردووە کە وەڵامی ئیجابی بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان بە ئاسانی بەدەست بێت و راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان وەك فاکتەرێك بۆ ئاشتی و سەقامگیریی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی پێشوازی لێ بکرێت، نەك نیگەرانی دروست بێت لە ئاکامی راگەیاندنی ئەم دەوڵەتە.



## دەوڵەتی دانپێدانەنراو و هەوڵەکان بۆ بەدەستهێنانی سەروەریی

# دابەشکردنی سەروەریی
# بونیادنانی دامەزراوەکان
# بڕیاردانی چارەنووس

**«دەوڵەتـی دانپێدانەنـراو(Unrecognized States) خاکـی ئـەو نیشـتمانەیە کـە سـەربەخۆیی ئەمـری واقیعـی بـە دەسـتهێناوە، بـەڵام هێشـتا نەیتوانیـوە دانپێدانانـی نێودەوڵەتـی وەک دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ بەدەسـت بهێنێـت، ئەمـەش حاڵەتێکـی تایبەتـی لـە نێـو سیسـتمی نێودەوڵەتیـدا بـۆ سـەروەریی دەوڵـەت دروسـت دەکات، لـە هەمانکاتـدا ئـەم جـۆرە حاڵەتـە لـە نـاو چوارچێـوەی سیاسـەتی تەقلیـددا جۆرێـک لـە تەحـەددا بـۆ سیاسەتسـازان و ئەکادیمیسـتەکان دروسـت دەکات، هـەروەک لەسـەر پرسـی سـەربەخۆیی کۆسـۆڤۆ بـەردەوام موناقەشـەی هەمەجـۆر دەکـرا، ئـەم بارودۆخـە تایبەتـە کۆمەڵێـک پرسـیاری گرنگـی لـە سیاسـەتی ئێسـتای نێودەوڵەتـی دروسـتکردووە کـە بریتیـن لـە:**

**١. ئایـا دەوڵەتـی دانپێدانەنـراو چـۆن وەک دەوڵەتێکـی خـاوەن سـەروەری مامەڵـە لەگـەڵ سیسـتمی نێودەوڵەتـی دەکات؟**

**٢. لەحاڵەتێکـدا ئەگـەر دانپێدانانـی نێودەوڵەتـی بوونـی نەبـوو، چـۆن ئـەو کیانـە سیاسـییە دیفاکتۆیـە پـەرە بـە خـۆی دەدات؟**

**٣. ئایـا حاڵەتـی دەوڵەتـی دانپێدانەنـراو، شـێوازێکی تـازەی دەوڵەتـە لـە جیهانـدا دروسـت دەبێـت، یـان ئـەم حاڵەتـە دەوڵەتێکـە لـە چاوەڕوانـی سـەروەریدا– State in waiting؟**

**٤. ئایـا چ سـتراتیژیەتێک بـۆ مامەڵەکـردن لەگـەڵ دەوڵەتـی دانپێدانەنـراو لەبـارە و**

**ڕێککەوتنی نێوان پێنتاگۆن و وەزارەتی پێشمەرگە ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێری سەرۆکی کوردستان، ئەمەش دیسان پیادەکردنی دەسەڵاتێکی دیکەی سەروەرییە بۆ هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی کە ئەم دەسەڵاتی سەروەرییە دوای ئەوە پیادەکراوە کە ڕەزامەندی بەغدا وەرگیراوە**

**• ئەو کێشانەی بە بێ بوونی سەروەریی چارەسەریان مەحاڵ دەبێت**

هـەردوو پرۆفیسـۆر جامیس هۆپـەر و پـاول ولیامز لـە کتێبی (بەدەسـتهێنانی سـەروەریی — Earned Sovereignty) بـاس لـەوە دەکـەن کـە لـە ئێسـتا زیاتـر لـە ٥٠ کێشـەی نەتەوەیـی چارەسـەرنەکراو هەیـە و بنەمـای هەمـوو ئـەم کێشـانەش سـەروەرییە (sovereignty-based conflicts)، ئـەم کێشـانە بوونەتـە هـۆکاری ئـەوەی سـێیەکی ئـەو ڕێکخراوانـەی کـە لـە ئێسـتادا لەسـەر ئاسـتی نەتەوەیەکگرتـووەکان بـە تیرۆریسـت لـە قەڵـەم دراون، پێوەندیـدارن بـە کێشـەی سـەروەریی و مافـی چارەنووسـەوە، بۆیـە هەتـا ئێسـتا تەنیـا ڕێگـە بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم کێشـانە لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی پەیوەسـتە بـەوەی ئایـا کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی دەتوانێت دان بـە سـەروەریی ئـەو نەتەوانـەدا بنێـت، بـۆ ئـەوەی کێشـەکە کۆتایـی بێـت و سـەرچاوەی توندوتیـژی نەمێنێـت؟ دیـارە هەتـا ئێسـتا و لەبـەر ئـەوەی دەوڵەتـان جەخت لەسـەر ئـەوە دەکەنـەوە سـەروەریی دەوڵـەت - Sovereignty first پێـش هەمـوو شـتێکی دیکـە، لەبەرامبەریشـدا بزاڤـە نەتەوەیـی و نیشـتمانییەکان جەخـت لەسـەر ئـەوە دەکەنـەوە مافـی چارەنـووس — Self-determination ، ئـەوا وەك دەبینیـن لەبـری ئـەوەی کێشـەکە چارەسـەر بکرێـت، دەوڵـەت لەژێـر چەتری سـەوەریدا بەومانایـەی ئـەو مافـەی هەیـە هێـز بەکاربهێنێـت بـۆ بەرپەرچدانـەوەی ئـەو هەڕەشـە ناوخۆیـی و دەرەکییانـەی هەڕەشـە لـە یەکپارچەیـی خاکەکـەی دەکات، چەندیـن ژینۆسـاید و کۆمەڵکوژی دژی ئـەو نەتەوانـەی پیـادە کـردووە کـە لـە چوارچێـوەی ئـەو دەوڵەتـەدا دەژیـن، هـەروەك چـۆن ڕژێمـی پێشـووی عێـراق (سـەدام حوسـێن) بـە چەندیـن شـێوەی ئەنفال و کیمیابـاران کۆمەڵکوژی دژی کوردسـتان پیادەکـرد، هەروەها ئێسـتاش کە بە حیساب لە عێراقێکی نوێدا دەژیـن، گوێمـان لێبـووە کـە چـۆن نـوری مالیکـی سـەرۆك وەزیرانـی پێشـووی عێراق بـە راشـکاوی پێش هاتنـی داعـش رایگەیانـدووە: (بـا فڕۆکەکانـی F16 بگاتـە دەسـتمان، ئـەوکات دەزانیـن چـۆن مامەڵـە لەگـەڵ هەرێمـی کوردسـتان دەکەیـن.) ئەمـەش

**ئایا دابەشکردنی سەروەری و مافی خۆبەڕێوەبردن دەبێتە چارەسەر؟ یان پێویستی بە داهێنانێکی ستراتیژی هەیە؟**

**دیارە هەتا ئێستاش جۆرێک لە تەمومژ و ئاڵۆزی لەسەر چەمکی سەروەری بۆ حاڵەتی دەوڵەتی دانپێدانراو هەیە، بەڵام وەک ستیفن کراسنەر ئاماژەی پێکردووە، سەروەری بە چوار پێوانە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت کە بریتین لە: (پێناسەی ویستفالیا، سەروەریی ناوخۆیی نیشتمانی، پێکەوە گرێدراو Interdependence، شەرعییەتی نێودەوڵەتی)، بەڵام هەتا ئێستا زۆربەی ئەوانەی کار لەسەر پرسی سەروەریی دەکەن، تەنیا پشت بە پێناسەی ویستفالیا و شەرعییەتی نێودەوڵەتی دەبەستن، بەڵام کە دێنە سەر دەوڵەتی دانپێدانەنراو و پرسی سەروەریی، ئەوا هەست دەکەین لەسەر چەمکی ناوخۆیی نیشتمانی جۆرێک لە شڵەژان و دووڕوویی هەیە و مانایەکی دیکەیان بەم چەمکە بەخشیوە، بەڵام بۆ چارەسەرکردنی پرسی دەوڵەتی دانپێدانەنراو، دەبێت هەنگاوەکان لە پشتگیریکردنی سەروەریی ناوخۆیی نیشتمانییەوە دەستپێبکات بۆ ئەوەی شان بە شانی ئەمە شەرعییەتی نێودەوڵەتی بدرێتە سەروەریی ئەو کیانە سیاسییە.»**

- **نینا کاسپەرسن – گاریس ستانفیلد**
- **کتێبی: دەوڵەتی دانپێدانەنراو لە سیستمی نێودەوڵەتیدا**

مانای ئەوەیە لەبەر ئەوەی کێشەی کورد بەگشتی و لە عێراقدا بەتایبەتی هەر لەسەرەتاوە کێشەیەك بووە لەسەر بنەمای نەبوونی سەروەریی، ئەوا چەند حکومەتەکان لە عێراقدا بگۆڕێن، کە هاتە سەر پرسی سەروەریی کوردستان، هیچ حکومەتێکیان بەرامبەر بە کوردستان جیاوازی نەبووە.

لەبەرامبەر ئەم ڕەفتارە دڕندانانەی ناوەند کە بەرامبەر کوردستان پیادەی کردووە، دیارە بزاڤی رزگاریخوازی کوردستانیش بە پشت بەستن بە مافی چارەنووس وەك مافێکی رەوای گەلی کوردستان و پەسەندکراوی ناو پاکتی نەتەوەیەکگرتووەکان دەستی داوەتە خەباتی چەکداری بۆ بەرگریکردن لە ماف و کەرامەتی نەتەوەیی کوردستان، بەڵام وەك بینیمان هەتا یەك دوو ساڵی رابردووش هەموو ئەو لایەنە سیاسییانەی لە پێناوی بەرگریکردن لە کوردستان خەباتی چەکدارییان کردبوو، لە ناو لیستی تیرۆردا لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ناویان تۆمار کرابوو، هەر لەبەر ئەمەش بوو سەرۆك بارزانی لە ساڵانی رابردوودا، داوەتێکی فەرمیی حکومەتی ئەمریکا رەتکردەوە و داوای کرد هەتا ناوی (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان) لە لیستی تیرۆر دەرنەهێندرێت، ئەوا ئامادەنابێت سەردانی ئەمریکا بکات و بەمەش ناوی هەردوو حزبەکە لە لیستی تیرۆر هێنرانە دەرەوە.

دیارە وەك پرۆفیسۆر ستیفن کراسنەر سەبارەت بە چەمکی سەوەریی دەوڵەت ئاماژەی پێکردووە، هەتا ئێستا سەبارەت بە چەمکی سەروەریی و مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسی دەوڵەتی دانپێدانەنراودا جۆرێك لە شڵەژان و دووڕوویی و تێنەگەیشتن هەیە، ئەمەش بەو مانایەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی ئەو جۆرە کێشانەی وەك (کوردستان، کۆسۆڤۆ، بۆسنیا، مۆنتینیگرۆ، تەیموری رۆژهەڵات، ئاچێ، فەلەستین و .. هتد) بە بێ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك بۆ پێدانی سەروەریی چارەسەر ناکرێن، لەبەرامبەریشدا جۆرە ئیشکالیەتێکیش لەسەر مافی چارەنووس لە چوارچێوەی پێناسەی تەقلیدی سەروەریی دەوڵەت

**دوای ئەوەی نرخی نەوت دابەزی و هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراقیش پێویستیان بە قەرزی بانکی نێودەوڵەتی بوو، بانکی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵ عێراق و کوردستان لەسەر بنەمای دابەشکردنی سەروەریی بووە، ئەمە واتە پشکی کوردستان لە بانکی نێودەوڵەتییەوە جیادەکرێتەوە و حکومەتی عێراق دەبێت بە دابەشکردنی ئەو سەروەرییە رازی بێت**






**ئەگەر کێشەیەکی نەتەوەیی وەک کوردستانی باشوور خاوەنی ئەزموونێکی دیموکراتی و دامەزراوەی شەرعیی خۆی نەبێت و هەوڵبدرێت کێشەکەی بە پێدانی سەروەریی چارەسەر بکرێت، ئەوا لەدوای دابەشکردنی سەروەریی قۆناخی بونیادنانی دامەزراوەکان دەست پێدەکات، لەم قۆناخەدا ئەو کیانە ئامادە دەکرێت بۆ ئەوەی بڕیار لە دوایین بارودۆخی بدات**

( پێناسەی ویستفالیا و شەرعییەتی نێودەوڵەتی ) بوونی هەیە، بۆیە ترسی ئەوە هەیە کە دروستبوونی دەوڵەتی تازەی خاوەن سەروەریی، ببێتە هۆکاری ئەوەی سیستمی ئاسایشی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی زیاتر ئاڵۆز بێت و بکەوێتە بەر مەترسیی زیاتر.

بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان و ئاڵۆزبوونی بارودۆخی جیهان و مانەوەی ئەو دەوڵەتە دانپێدانەنراوانە وەك حاڵەتێکی تایبەتی و سەیرکردنی چارەسەرکردنی کێشەکانیان وەك چارەسەرێکی مەحاڵ، خەریکە گۆڕانکاری گەورە لەسەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی ڕوودەدات و دەگەنە ئەو قەناعەتەی بەبێ پێدانی سەروەریی ئەو کێشانە چارەسەر ناکرێن، بۆیە لە ئێستادا بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن چۆن میکانیزمێك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی بە پێدانی سەروەریی ئەو حاڵەتانە چارەسەر بکرێت. بۆ ئەمەش ئێستا لەسەر ئاستی ئەنجومەنی پێوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا خەریکی داڕشتنی ستراتیژیەتێکن بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی مافی چارەنووس و سەروەریی دەوڵەت، ئەمەش لە میانەی پێدانی سەروەریی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

پڕۆفیسۆر پاول ولیامز کە لەگەڵ پڕۆفیسۆر جامیس هۆپەر خاوەنی کتێبی (بەدەستهێنانی سەروەریی )ـە لە مارتی ٢٠١٦ دانیشتنێکی گوێگرتنی لە ئەنجومەنی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێس بۆ ڕێکخرا، بۆ ئەوەی ئەم ئەنجومەنە لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونی پڕۆفیسۆر ولیامز بەرنامەیەك دابڕێژێت بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەك بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ مافی چارەنووس و سەروەریی دەوڵەت، لە چوارچێوەی پێدانی سەروەرییەوە.

ئەم وەرچەرخانە لەسەر ئاستی بیرکردنەوە مانای ئەوەیە خەریکە هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەگەنە ئەو ڕاستییەی کە ئەو کێشانەی لە بنەڕەتدا لەسەر پرسی سەروەریی دروست بوون، تەنیا بە پێدانی سەروەریی چارەسەر دەکرێن، بەڵام میکانیزمی پێدانی سەروەریی دەبێت بە سەر چەند قۆناخێکدا دابەش بکرێت و ئەو کیانە سیاسییەی لە ئێستادا بە دەوڵەتی دانپێدانەنراو ناودەبرێت، دەبێت بیسەلمێنێت کە ئەو دەوڵەتە دانپێدانەنراوە دەبێتە دەوڵەتێکی دانپێدانراوی خاوەن سەروەریی و دانپێدانراوی نێودەوڵەتی، ئەگەر توانی مەرجەکانی دەوڵەتی هاوچەرخ پیشانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بدات.

## • قۆناخەکانی پێدانی سەروەریی و داماڵینی پیرۆزیی سنوورەکان

قۆناخبەندی سەروەریی بۆ چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکان و حاڵەتی تایبەتی دەوڵەتی دانپێدانەنراو،





ئەو ئامانجەیە كە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئامادەیە دەوڵەتی تازە وەك ئەندامی ڕێكخراوی گشتی نەتەوەیەكگرتووەكان پەسەند بكات، بە مەرجێ ئەو دەوڵەتە دانپێدانەنراوە بۆ جیهانی بسەلمێنێت دەوڵەتێكی هاوچەرخ دەبێت و ئامادەیە هەموو پابەندبوونەكانی دەوڵەتی هاوچەرخ بۆ (ڕێزگرتن لە ئاشتی و ئاسایشی جیهانی، دژایەتیكردنی تیرۆر و نەهێشتنی توندوتیژی، ڕێزگرتنی مافەكانی مرۆڤ و پێكەوەژیان و پەرەپێدانی دیموكراتی ) جێبەجێ بكات. سەبارەت بەم لایەنە پرۆفیسۆر ولیامز لە كتێبەكەیدا ئاماژەی بەوە كردووە، قۆناخبەندی پێدانی سەروەریی بە دەوڵەتی فەلەستین تاقیكرایەوە بۆ چارەسەركردنی كێشەی فەلەستین - ئیسرائیل، یەكێك لەو مەرجانەی لەو پرۆسەیەدا بۆ لایەنی فەلەستینی كرابووە مەرج، ئەوە بوو كە دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستین دەبێت دامەزراوەكانی خۆی بونیاد بنێت و توندوتیژی بنبڕ بكات، بەڵام كە لەم مەرجەدا دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستین سەركەوتوو نەبوو، ئەوا پرۆسەكە هەڵپەسێرا و دەوڵەتی فەلەستین نەیتوانی سەروەریی تەواو بەدەست بهێنێت.

كەواتە ئەم ئاراستەیە پێمان دەڵێت، ڕاستە جیهان گەیشتۆتە قەناعەت كە ئەو كێشانەی پێوەندی بە سەروەرییەوە هەیە تەنیا بە پێدانی سەروەریی چارەسەر دەكرێن، بەڵام مەترسیی جیهان و كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوەیە، ئەگەر بە پێدانی سەروەریی كێشەكە چارەسەركرا، ئایا ئەو دەوڵەتە تازەیەی دەبێتە خاوەنی سەروەریی و دانپێدانانی نێودەوڵەتی، چۆن مامەڵە لەگەڵ سیستمی جیهانی دەكات؟ ئایا وەك مۆنتینیگرۆ دەبێتە ئەندامی یەكێتی ئەوروپا، یان وەك فەلەستین ڕێكخراوێكی وەك حەماسی تێدا دروست دەبێت و دەبێتە هەڕەشەیەكی جددی لەسەر سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەكە و وڵاتانی دەوروبەری؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە میكانیزمی چۆنیەتی پێدانی سەوەریی وەڵامدراوەتەوە.

### ● میكانیزمی پێدانی سەروەریی بۆ چارەسەركردنی كێشە نەتەوەییەكان

میكانیزمی پێدانی سەروەریی، یان دروستكردنی پردێك بۆ پڕكردنەوەی كەلێنی نێوان سەروەریی دەوڵەت و مافی چارەی خۆنووسین، واتە دانپێدانان بەو ڕاستییەی كە بەبێ چارەسەركردنی كێشەی سەروەریی ئەو كێشانە چارەسەر ناكرێت، بەڵام گرنگە پێدانی سەروەریی بۆ چارەسەركردنی كێشەی نەتەوەیەك، كۆتاییهێنانی كێشەكە بێت، نەك ببێتە سەرچاوەی كێشەیەكی دیكە، لەمەش زیاتر

**پیناسەی سەروەریی لە پرۆسەی پێدانی سەروەریی بۆ چارەسەركردنی كێشەكان تەنیا بریتی نییە لە دانپێدانانی نێودەوڵەتی و بەس، بەڵكو سەروەریی وەک چەپكێک لە ماف و پابەندبوون پێناسە كراوە و دەبێت دەوڵەتە تازەكە بە هاوكاری لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەری و كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جێبەجێیان بكات، بۆ ئەوەی ئەو دەوڵەتە تازەیەی دەبێتە خاوەنی سەروەریی، دەوڵەتێک بێت هاوكاربێت بۆ ئاشتی و سەقامگیری ئیقلیمی و جیهانی، نەک خۆی ببێتە هەڕەشە بۆ ئاشتی و سەقامگیری لە جیهان و ناوچەكەشدا**

**کوردستان و سەرۆک بارزانی لە ئاستی گەڕانەوەی عێراق بۆ دیکتاتۆری هاتنە دەنگ و بە راشکاوی سەرۆک بارزانی رایگەیاند: «جارێکی دیکە گەلی کوردستان نابێتەوە بە بەشێک لە رژێمێکی دیکتاتۆری، بۆ ئەمەش، یان دەبێت دەستووری عێراق وەک خۆی جێبەجێ بکرێت، یان ئەوا گەلی کوردستان خۆی بڕیار دەدات پێوەندی ئایندەی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراق چۆن دەبێت**

**لە ساڵی ٢٠٠٣دا، ئەمریکا هەموو ئامانجی ئەوە بووە، عێراقی تازە لەسەر شێوازی کوردستان دووبارە دروست بکاتەوە، بەڵام تیایدا سەرکەوتوو نەبوو. لەهەمانکاتدا دوای ئەوەی شیعەی عێراقیش دڵنیابوون جێگە پێی خۆیان لە حوکمڕانی قایم کردووە، ئەوا هەر لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١، ناوەڕۆکی دەوڵەتی فیدراڵییان بەتاڵ کردەوە و حکومەتەکەی نوری مالیکی هەنگاوی بەرەو دیکتاتۆریەت هەڵگرت**

میکانیزمی پێدانی سەروەریی واتە، تاقیکردنەوەی ئەو نەتەوەیەی مەبەستێتی بگاتە سەروەریی تەواو لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆی دانپێدانراوی نێودەوڵەتی، بەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو سەروەرییە دەکات و ئاراستەی دەوڵەتە تازەکە بەرەو کوێیەوە دەچێت؟ لەم بۆچوونەوە ئەوە دەخوێنینەوە، راستە ئێستا لە جیهاندا زیاتر لە ٥٠ کێشە هەیە کە تەنیا لەسەر بنەمای پێدانی سەروەریی چارەسەر دەکرێن، بەڵام مەرج نییە هەموو ئەوانەی کێشەی سەروەرییان هەیە لە پرۆسەی وەرگرتنی سەروەریدا سەرکەوتووبن، هەروەك چۆن دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستین سەرکەوتوو نەبوو.

بۆ تاقیکردنەوەی ئەو نەتەوانەی کێشەکانیان بە پێدانی سەروەریی چارەسەر دەکرێت، هەردوو پرۆفیسۆر ولیامز و هۆپەر لە کتێبی ( پێدانی سەروەریی ) میکانیزمەکەیان بە سەر دوو قۆناخدا دابەش کردووە کە هەریەك لەو دوو قۆناخە سێ توخم لە خۆیان دەگرن و لە قۆناخی یەکەمدا توخمی سەرەکین و لە قۆناخی دووەمدا سێ توخمی ئارەزوومەندانەن، دیارە مەبەست لە توخمی ئارەزوومەندانە بەو مانایە نییە کە جێبەجێکردنیان گرنگ نین، بەڵکو بەو مانایە چەند زووتر ئەو توخمە ئارەزوومەندانانە جێبەجێ بکرێن، هێندەی دیکە زووتر ئەو نەتەوەیە دەگاتە دوایین قۆناخی بەدەستهێنانی سەروەریی و بڕیاردان لەسەر ریفراندۆم لە دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی تەواو . لێرەدا لەسەر قۆناخەکە هەڵوەستە دەکەین:

● **١. توخمە سەرەکییەکانی پێدانی سەروەریی**

گرنگترین وەرچەرخان لەمیانەی ئەم قۆناخەدا تیکەڵکردنی سەروەرییە وەك چارەسەرکردنی کێشەکە و بریتین لە:

● دابەشکردنی سەروەریی — Shared Sovereignty، ئەم توخمە بە توخمی سەرەکی و گەوهەری لە پرۆسەی پێدانی سەروەریی بۆ هەموو ئەو کەیسانەی هەوڵی چارەسەرکردنی دەدرێت. لێرەدا ئەگەر سەرنج لە چەمکی (دابەشکردنی سەروەریی) بدەین، ئەو وەرچەرخانە هەست پێدەکەین کە تەنیا ١٠-١٢ ساڵ پێش ئێستا چەمکی (دابەشکردنی دەسەڵاتەکان) لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پەنای بۆ دەبرا، بەڵام کاتێك ئەم چەمکە دەگۆڕێت بۆ (دابەشکردنی سەروەریی) مانای ئەوەیە دەوڵەتی فیدراڵی (وەك ئەزموونی نێوان عێراق و کوردستان) چارەسەری کێشەکان ناکات، بەڵکو کێشەکان ئاڵۆزتر دەکات، بۆیە دەبێت پەنا ببرێت بۆ (دابەشکردنی سەروەریی) ئەمەش وەك هەنگاوهەڵگرتن بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی تازە دروست بێت کە ناوی کوردستانە، بۆ ئەمەش دەبێت ئەو کیانە سیاسییەی بۆتە دەوڵەتی دانپێدانەنراو (وەك حاڵەتی ئێستای کوردستان) بە هاوبەشی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق دەسەڵاتی سەروەریی بەسەر ئەو ناوچانە پیادەبکەن کە لەبەر دەستی هەر لایەکیانە، لە حاڵەتێکدا ئەگەر کێشەکە پێویستی بە پێدانی سەروەریی بوو بۆ چارەسەرکردنی و ئەو نەتەوەیە خاوەنی کیانێکی سیاسی ئەوتۆ نەبوو کە سەروەریی لەگەڵ بەش بکرێت، ئەوا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەسەڵاتەکە لەگەڵ دەوڵەتەکە بەش دەکات و ئەو بەشە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە دەسەڵاتی سەروەریی تیایدا پیادەکرێت، ئەمەش وەك حاڵەتی کۆسۆڤۆ کە وەك دەوڵەت دانیشی پێدانرابوو، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەروەریی پیادەدەکرد.

● ئەگەر کێشەیەکی نەتەوەیی وەك کوردستانی باشوور خاوەنی ئەزموونێکی دیموکراتی و دامەزراوەی شەرعیی خۆی نەبێت و هەوڵبدرێت کێشەکەی بە پێدانی سەروەریی چارەسەر بکرێت، ئەوا لەدوای دابەشکردنی سەروەریی قۆناخی بونیادنانی دامەزراوەکان دەست پێدەکات، لەم قۆناخەدا ئەو کیانە ئامادە دەکرێت بۆ ئەوەی بڕیار لە دوایین بارودۆخی بدات.

● قۆناخی سێیەم خۆئامادەکردنی کیانە سیاسییەکەیە بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر دوایین بارودۆخی خۆی لەگەڵ ئەو دەوڵەتە بدات کە خۆی بەشێك بووە لەو دەوڵەتە، یاخود بڕیاربدا شێوازی پێوەندیی ئایندەی لەگەڵ ئەو دەوڵەتەی کە بەشێك بووە لێی، چۆن دەبێت، لە زۆربەری حاڵەتەکاندا ئەم بڕیاردانە بەشێوەی گشتپرسی یەکلایی کراوەتەوە، لە هەندێك حاڵەتیشدا بە دیالۆگ لە نێوان کیانە سیاسییەکە و دەوڵەتەکەدا بەلایەکدا خراوە، بەڵام بڕیاردان لەسەر دوایین بارودۆخی کۆتایی پێویستی بە رەزامەندی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەیە بۆ ئەوەی دوای بڕیاردان، دانپێدانانی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنێت، هەروەك ئێستای باشووری کوردستان کە چۆن سەرۆك بارزانی هەوڵدەدات بۆ بڕیاردان لەسەر دوایین بارودۆخی کوردستان و شێوازی پێوەندی لەگەڵ عێراقدا، رەزامەندی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنێت.



**• ٢. توخمە ئارەزوومەندەکانی پێدانی سەروەریی (Optional elements)**

ئەم توخمانەش دابەشکراون بە سەر سێ قۆناخدا کە بریتین لە:

• قۆناخی سەروەریی (Phased sovereignty)، لەم قۆناخەدا ئاستی لێهاتوویی و توانای کیانە سیاسییەکە وەك دەوڵەتێکی دانپێدانەنراو، هەوڵدەدات هەموو لایەنەکانی سەروەریی دەوڵەتێکی سەربەخۆ پیادەبکات، بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی بۆ بڕیاردانی کۆتایی ئامادە بکات.

• سەروەریی مەرجدار (Conditional sovereignty)، لەم قۆناخەدا کە کیانە سیاسییەکە سەروەریی وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ پیادەکات، دەبێت ڕەچاوی کۆمەڵێك پێوەری نێودەوڵەتی بکات، بۆ ئەوەی بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بسەلمێنێت کە شایستەی ئەوەیە ببێتە ئەندامی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئەو پێوەرانەش بریتین لە: (پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، پاراستنی مافی ئەو نەتەوە و ئایینە جیاوازانەی لەو دەوڵەتە تازەیە دەژین، دژایەتیکردنی تیرۆر، پەرەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکان و سەروەریی یاسا، گەشەپێدان و بەشداریکردن لە ئاشتی و سەقامگیری ئیقلیمیدا).

• قۆناخی سنووردارکردنی سەروەریی، لەم قۆناخەدا دەوڵەتە تازەکە هەندێك لە دەسەڵاتەکانی سەروەریی سنووردار دەکرێت و لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە ئیدارە دەدرێت. هەر بۆ نموونە ئەگەر باسی باشووری کوردستان بکەین، ڕاستە کوردستان خاوەنی پێشمەرگەیە و پێشمەرگەش سەلماندوویەتی توانای پاراستنی کوردستانی هەیە، بەڵام ئەم توانایەی پێشمەرگە گرێدراوە بە هاوکاری هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش، بوونی ڕاوێژکاری سەربازی و تەنانەت بوونی بنکەی سەربازی لە کوردستاندا، بۆیە ئەگەر کوردستان ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆش، لەلایەنی سوپاوە دەبێت بە هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەروەریی خۆی پیادەبکات، هەروەها

**باشووری کوردستان لەماوەی ١٩٩٢- ٢٠٠٣ لە دوو پرۆسەی جیاوازدا، پرۆسەی دابەشکردنی سەروەریی لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و نەتەوەیکگرتووەکان تاقیکردۆتەوە**

# کێشەی سۆماڵ
# تەنیا بە میکانیزمی پێدانی سەروەریی چارەسەر دەکرێت

ئەم بابەتە بەشێکە لە توێژینەوەیەک کە بە ناونیشانی: (بۆ باشترکردن، یان خراپترکردن: بەزۆر مارەکردنی مافی چارەنووس و سەروەری لەیەکتری – For Better or For Worse? The Forced Marriage of Sovereignty and Self-Determination) کە لەلایەن د. نورا عەلی مامۆستای یاسا لە زانکۆی کۆرنێل ئامادەکراوە، لەبەر ئەوەی ئەم پرسە پێوەندی بە مافی چارەنووس و سەروەرییەوە هەیە، پوختەیەکی بە زمانی کوردی بڵاودەکەینەوە.

● ● ●

کەیسی سەربەخۆبوونی سۆمالیلاند کە بە عەرەبی پێی دەوترێت: (جمهورية ارض الصومال)، ئامانجەکانی گرتنەبەری ڕێگاچارەی بەدەستهێنانی هەنگاو بە هەنگاوی سەروەری "earned sovereignty" دەهێنێتەدی، چونکە دەبێتەهۆی پاراستنی ئاشتی لە کاتێکدا کە هەوڵی ئەوە دەدات دەسەڵاتی زیاتر بەسەر خاکی خۆیدا بەدەست بێنێت. لە ساڵی ١٩٩١ـەوە، سۆماڵی لاند کاری لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و نەتەوەکانی دیکەدا کردوە بۆ ئەوەی هاوکاری بن لە هێنانەدی ئاشتی و سەقامگیری لە هەرێمەکەدا. لەبەر ئەوەی سۆماڵیلاند بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ بە بێ سەرپەرشتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کاروبارەکانی خۆی هەڵسووڕاندووە، ئەوا بانگەشەی سۆمالیلاند بۆ دانپێدانان یەکناگرێتەوە لەگەڵ سێ توخمە سەرەکی و پێویستەکە و هەروەها سێ توخمە ئیختیارییەکەی ڕێگاچارەی "earned sovereignty" لەبەر ئەوەی سەروەریی هاوبەش و سەروەریی هەنگاو بە هەنگاو تەرتیباتێکی پڕ لە وردەکاری لەخۆدەگرێ لەبارەی هاوبەشیکردن لە سەروەریدا لەگەڵ دەوڵەتی دایکدا.

لە میانەی گواستنەوەی دەسەڵات و ئەرکەکاندا، ئاڵوگۆڕێکی هەنگاو بە هەنگاویش بەرە حوکمڕانیی دیموکراسی ڕوودەدات، کە لە هەمان کاتدا ڕێز لە یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتی دایک دەگرێت. سۆمالیلاند نەیدەتوانی هیچ یەکێک لەو قۆناغانەی–گواستنەوەی دەسەڵات و ئەرکەکان– جێبەجێ بکات، لەبەر ئەوەی تاوەکو ساڵی ٢٠١٣ خاوەنی حکومەتێکی دانپێدانراو و کارا نەبوو. بێتوانایی لە ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی سۆماڵدا بووە هۆی ئەوەی سۆماڵی لاند ڕێگای خۆی بۆ بەدەستهێنانی

لەوانەیە دەوڵەتە تازەکە ڕاستەوخۆ نەتوانێت پێوەندی هاریکاری لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە دابمەزرێنێت، لەم حاڵەتەدا پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاریکاری بکات.

ئەگەر لە چوارچێوەی ئەو میکانیزمەی وەك نەخشەی ڕێگە بۆ پێدانی سەروەریی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دیاریکراوە و لە چەندین کێشەی دیکەشدا کاری لەسەر کراوە، ئەوا هەست دەکەین پێناسەی سەروەریی لە پرۆسەی پێدانی سەروەریی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان تەنیا بریتی نییە لە دانپێدانانی نێودەوڵەتی و بەس، بەڵکو سەروەریی وەك چەپکێك لە ماف و پابەندبوون پێناسە کراوە و دەبێت دەوڵەتە تازەکە بە هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەری و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جێبەجێیان بکات، بۆ ئەوەی ئەو دەوڵەتە تازەیەی دەبێتە خاوەنی سەروەریی، دەوڵەتێك بێت هاوکاربێت بۆ ئاشتی و سەقامگیری ئیقلیمی و جیهانی، نەك خۆی ببێتە هەڕەشە بۆ ئاشتی و سەقامگیری لە جیهان و ناوچەکەشدا.

دانپێدانان بگرێتەبەر. کەواتە دەکرێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکار بێت بۆ ئەوەی ڕێگاچارەی "earned sovereignty" لە سۆمالیلاند جێبەجێ بکرێت. لە پێوەندی بە سۆمالیلاندەوە، ئەوا گرنگترین توخمێک کە غائیبە لە سێ قۆناغەکەی "earned sovereignty" بریتییە لە دیاریکردنی خشتەیەکی زەمەنی بۆ بڕیاردان بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی کۆتایی. لەبەر ئەوە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەردەوام هاوکاری سۆماڵ و سۆمالیلاند بکات، بۆ دیاریکردنی وادەی کۆتایی کە تێیدا سۆمالیلاند وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە دانی پێدابنرێت، ئەم وادەی کۆتاییەش هاوشێوەی ئەو وادەیەیە کە دیاریکرابوو بۆ بەردەوامبوونی کارەکانی ئەنجومەنی ویسایەی نەتەوە یەکگرتووەکان. کەواتە شتێکی ئاساییە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی- تەنانەت دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆییش- بەردەوام بێت لە چاودێریکردنی ئەرکگەلێکی دیاریکراو بۆ ئەوەی دڵنیابێت لە بەردەوامیی جێبەجێکردنی قۆناغەکانی پێش بەدەستهێنانی سەربەخۆیی.



سۆمالیلاند توانیویەتی پەرە بە بونیادی دەوڵەت بدات کە پێکهاتووە لە حکومەتێکی دەستووری هەڵبژێردراو لە لایەن خەڵکەوە. حکومەت چەند مافێکی دیاریکراوی هەیە و توانیویەتی ئەرکەکانی خۆی ئەدا بکات، لە ڕێگەی مومارەسەکردنی دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنی سنوورەکانی و بەڕێوەبردنی چەند دامەزراوەیەکی گشتی و سەپاندنی باج و دەستێوەردان لە بازاڕ و گەڵاڵەکردنی سیاسەتی پەرەپێدان و دەستەبەرکردنی ئاسایش بۆ هاووڵاتییەکانی، ئەم ئەرکانەش هاوشێوەی ئەو وڵاتانەی دیکەی ئەفریقیا ئەدا کردووە کە خاوەنی سەرچاوەی باشترن و دەوڵەتێکی ڕێکخراوتریان هەیە. هەروەها سۆمالیلاند توانیویەتی کارئاسانی بکات، بۆ گەشەکردنی کەرتی ئابووری لە ڕێی دووبارە بووژاندنەوەی ژێرخان و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان. زۆرێک لە خەڵکی سۆمالیلاند کە وەک پەناهەندە روویان کردبۆوە دەوڵەتانی دراوسێ لە ماوەی شەڕەکەدا، ئێستا گەڕاونەتەوە و ڕێکخراوە مەدەنییەکانیش گەشەیان کردووە.

● نووسینی: Nora Y.S. Ali

**● کوردستان لە دوایین قۆناخی بەدەستهێنانی سەروەریی و دانپێدانانی نێودەوڵەتیدا**

ئەگەر لەدوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ و پاشانیش کۆڕەوە ملیۆنییەکەی خەڵکی کوردستان، دەرچوونی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ دابینکردنی نەوای ئارام و ناوچەی دژەفڕین بۆ خەڵکی کوردستان، بە یەکەم وەرچەرخانی سیاسەتی نێودەوڵەتی دوای شەڕی سارد دابنرێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەیەکی نەتەوەیی کە کێشەی کوردستانە، ئەوا ئەو ئەزموونە دیموکراتییەی لەدوای ساڵی ١٩٩٢ لە کوردستان بە دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەت و بونیادنانەوەی دامەزراوەکانی دیکەی کوردستان، ئەمەش دیسان بە یەکەم تاقیکردنەوەی سەروەریی هاوبەش لە نێوان کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دادەنرێت هەتا ساڵی ٢٠٠٣، لەماوەی ئەم ١١ساڵەدا، بۆ ماوەی نزیکەی ٦ ساڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و نەتەوەیەکگرتووەکان پێکەوە بە هاوبەشی پشکی کوردستانیان لە بڕیاری ٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایش ناسراو بە بڕیاری ( نەوت

# ئەگەر بمانەوێت چارەسەری دەوڵەتی فاشیل بکەین نابێت سنوورەکان بە پیرۆزی سەیر بکەین

ئەم بابەتە بەشێکە لە توێژینەوەی (دەستنیشانکردنی دەوڵەتی شکستخواردوو) کە لەلایەن -جۆن یۆ -پڕۆفیسۆری یاسا لە زانکۆی بیرکلی نووسراوە، لەبەر گرنگیی ئەم بابەتە بۆ ئێستای دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەم بەشەمان بە زمانی کوردی بڵاو دەکەینەوە.

• • •

دەوڵەتە شکستخواردووەکان یەکێکن لە قووڵترین تەحەددییەکان کە رووبەڕووی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا و ئاشتی و سەقامگیری نێودەوڵەتی دەبنەوە. دۆزینەوەی چارەسەرێکی گشتگیر و کارا بۆ تەحەددییەکانی تیرۆریزم و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، یان هەژاری و گەشەپێدانی ئابووری، پێویستی بە رادەیەک لە تێگەیشتن هەیە دەربارەی چۆنیەتی چارەسەرکردنی دەوڵەتە شکستخواردووەکان. تا ئێستا ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لە ئاست ئەم پرسەدا هەمان رێگاچارە دەگرنەبەر کە بریتییە لە: بنیادنانی ئەو دامەزراوانەی بەهۆیانەوە دەوڵەت کۆنتڕۆڵی خۆی دەسەپێنێت، خۆ ئەگەر خۆشبەختیش بن، ئەوا هەڵدەستن بە چاندنی دیموکراسییەتێکی کارا و ئابووری بازاڕ لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتەکەدا، بەڵام زۆرێک لە شارەزایانی یاسای نێودەوڵەتی بە ئاشکرا گومانیان هەیە لە توانای دەوڵەت بۆ بنیادنانەوە، کێشەکەش بریتی نییە لە دەوڵەتی شکستخواردوو، بەڵکو بریتییە لە دەوڵەتی نەتەوەیی وەک کاراکتەرێکی سەرەکی لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. لەبەر ئەوە سیاسەتی ئەمەریکا و نەتەوەیەکگرتوەکان لە ئاست ئەم پرسەدا لە لایەک و بۆچوونی باوی ئەکادیمی

بەرامبەر خۆراك ) جێبەجێ کردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە باشووری کوردستان لەماوەی ١٩٩٢- ٢٠٠٣ لە دوو پرۆسەی جیاوازدا، پرۆسەی دابەشکردنی سەروەریی لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان تاقیکردۆتەوە. سەرکەوتنی کوردستان لەهەردوو شێوازی دابەشکردنی سەروەریی لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان، بووە ئەو فاکتەرەی کە هەرێمی کوردستان و دامەزراوە شەرعییەکانی وەك ئەوەی هەیە وەك خۆی و وەك بەشێك لە عێراقی تازە (عێراقێکی فیدراڵی و دیموکراتی و فرەیی و پەرلەمانی) لەناو دەستووری عێراقدا دانی پێدابنرێت، ئەم دانپێدانانەش تەنیا دانپێدانانێك نەبووە لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە، بەڵکو دانپێدانانێکی نێودەوڵەتیش بووە، لەبەر ئەوەی دوای ٢٠٠٣ بۆ ئەوەی ئەمریکا شەرعییەتی ئەوەی

هەبێت دووبارە دەوڵەتی عێراق بونیاد بنێتەوە، بە بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایش بووە داگیرکاری عێراق، ئەمەش لە پێناوی ئەوە بوو کە دەوڵەتێکی هاوچەرخی بەهێز لە جێگەی دەوڵەتێکی دیکتاتۆری دروست بکاتەوە، لەم چوارچێوەیەدا رازی بوونی ئەمریکا و نەتەوەیەکگرتووەکان بەوەی هەرێمی کوردستان بە هەموو دامەزراوە شەرعییەکانیەوە ببێتە بەشێك لەو عێراقە تازەیەی ئەمریکا ئامانجی بوو، ئەمە مانای ئەوەیە لە ساڵی ٢٠٠٣دا، ئەمریکا هەموو ئامانجی ئەوە بووە، عێراقی تازە لەسەر شێوازی کوردستان دووبارە دروست بکاتەوە، بەڵام تیایدا سەرکەوتوو نەبوو. لەهەمانکاتدا دوای ئەوەی شیعەی عێراقیش دڵنیابوون جێگە پێی خۆیان لە حوکمڕانی قایم کردووە، ئەوا هەر لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە کۆتایی



**لەلایەکی دیکەوە، هەردووکیان هەڵەن. پرسی بنیادنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی – ئاسایی–، لە سەرتاسەری جیهاندا کە خاوەن سەروەریی تەواو بێت، بە بێ ئەوەی هیچ سنوورێک دەستکاری بکرێت، ئەوەمان بۆ روون ناکاتەوە کە بۆچی لە بنەڕەتدا هەندێ دەوڵەت شکست دەهێنن. ئەگەر بە سادەیی بدوێین، ئەوا دەوڵەتە کاراکان گرێنادرێنەوە بەو سنوورانەی کە لەلایەن نەتەوەیەکگرتوەکانەوە دانیان پێدانراوە، یان ئەو سنوورانەی لە سەروەختی هەڵوەشاندنەوەی خێرای کۆلۆنیالیزمدا و لە دەیەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهانیدا کێشران. ئەو ئەکادیمییانەی کە لە دەوڵەتە شکستخواردووەکاندا سەرهەڵدانی بەدیلێک بەدی دەکەن بەرەو دەوڵەتی نەتەوەیی، چارەسەرێکی کردەیی شک نابەن کە پشتی نەبەستبێت بە سەرچاوە سەربازی و ئابووری و سیاسییەکانی دەوڵەتە نەتەوەییە بەهێزەکان. چونکە بە بێ ئەوان ئەو یەکێتییانەی کە لە کۆمەڵێک وڵات پێکدێن و حکومەتی ئەو وڵاتانە دەسەڵاتیان پێداون و ئەو لایەنانەی کە بە بڕیاری نەتەوەیەکگرتووەکان کاروباری هەرێمی دیاریکراو بەڕێوەدەبەن و رێکخراوە ناحکوومییەکان توانایەکی کەمیان هەیە بۆ راستکردنەوەی دەوڵەتە شکستخواردووەکان. کەواتە دەوڵەتە بەهێزەکان دەتوانن هاوکار بن، ئەویش بەوەی رۆڵیان هەبێت لە پەرەپێدان و زەمانەتکردنی رێککەوتنی دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان گروپە رکابەرەکانی نێودەوڵەتە شکستخواردووەکاندا.**

- **بەشێک لە وتاری:** Fixing Failed States
- **نووسینی:** John Yoo

ساڵی ٢٠١١، ناوەڕۆکی دەوڵەتی فیدراڵییان بەتاڵ کردەوە و حکومەتەکەی نوری مالیکی هەنگاوی بەرەو دیکتاتۆریەت هەڵگرت، بەڵام کوردستان و سەرۆك بارزانی لە ئاستی گەڕانەوەی عێراق بۆ دیکتاتۆری هاتنە دەنگ و بە راشکاوی سەرۆك بارزانی رایگەیاند: «جارێکی دیکە گەلی کوردستان نابێتەوە بە بەشێك لە رژێمێکی دیکتاتۆری، بۆ ئەمەش، یان دەبێت دەستووری عێراق وەك خۆی جێبەجێ بکرێت، یان ئەوا گەلی کوردستان خۆی بڕیار دەدات پێوەندی ئایندەی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراق چۆن دەبێت.»

لەماوەی ساڵانی ٢٠١٢- ٢٠١٤، ئەمریکا و نەتەوەیەکگرتووەکان لە هەوڵی ئەوەدا بوون بە هەر رێگەیەك بێت، پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق بگێڕنەوە بۆ چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق، بەڵام لەو دوو ساڵەدا نەك هەر نەتوانرا عێراق بگەڕێتەوە بۆ چوارچێوەی ئەو فیدراڵیەتەی کە لە دەستووردا هاتووە، بەڵکو هەنگاوی هەڵگرت بۆ ئەوەی نوری مالیکی بانگەشەی ئەوە بکات خۆی خاوەنی دەوڵەتی عێراقە و هەموو سەرچاوەکانی دەوڵەتی عێراقیشی کردە ئامێرێکی سیاسی بۆ ئەوەی دووبارە هەڵبژاردنەوەی خۆی لە هەڵبژاردنەکاندا مسۆگەر بکات. مالیکی لە نیسانی ٢٠١٤ توانی جارێکی دیکە هەڵبژاردن بباتەوە، بەڵام لە حوزەیرانی ٢٠١٤ عێراقی دۆڕاند، تیرۆریستانی داعش موسڵیان داگیرکرد و ٥ فیرقەی سوپای عێراق و پۆلیسی فیدراڵیش بە هەموو چەك و ئامێرێکی سەربازییەوە تەسلیمی داعش بوون، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی بەغدا بکەوێتە ژێر مەترسیی داگیرکردنی

**لەبەر ئەوەی کێشەی کورد بەگشتی و لە عێراقدا بەتایبەتی هەر لەسەرەتاوە کێشەیەک بووە لەسەر بنەمای نەبوونی سەروەریی، ئەوا چەند حکومەتەکان لە عێراقدا بگۆڕێن، کە هاتە سەر پرسی سەروەریی کوردستان، هیچ حکومەتێکیان بەرامبەر بە کوردستان جیاوازی نەبووە**

**هێزی پێشمەرگە کە بەراورد بە سوپاکەی مالیکی چەک و پێداویستییەکانی زۆر سنووردار بوو، بەڵام توانی لەبەردەم شاڵاوی تیرۆریستانی داعش خۆی رابگرێت، تەنانەت ئەگەر تیرۆریستانی داعش لەسەرەتاشدا توانییان چەند ناوچەیەکی کوردستان لە دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان داگیربکەن، ئەوا تەنیا لە ماوەی ٤٨ کاتژمێردا بە سەرپەرشتی راستەوخۆی سەرۆک بارزانی توانرا ئاراستەی شەڕەکە بگۆڕێت و تیرۆریستانی داعش رابگیرێن**

لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە، هەر بۆیە بەبێ ئەوەی پرس بە مالیکی بکرێت، سەروەیی عێراق راستەوخۆ لەلایەن مەرجەعییەتی شیعە لە نەجەف و دوای ئەویش کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، واتە عێراق لە دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی کە تازە لە ژێر بەندی حەوتەمی پاکتی نەتەوەیەکگرتووەکان هاتبووە دەرەوە، بووە دەوڵەتێکی بێ سەروەریی و ملکەچی فەرمانەکانی نەجەف و تاران.

ئەمریکا و نەتەوەیەکگرتووەکان دوای ئەمە گەیشتنە ئەو قەناعەتەی نوری مالیکی لە بەڕێوەبردنی عێراقدا نەك هەر فەشەلی هێناوە، بەڵکو بە کردەیی عێراقی کردە سێ دەوڵەت، ئەم سێ دەوڵەتەش لەسەر زەوی بووە ئەمری واقیع، بەڵام لە بەرامبەردا هەرێمی کوردستان کە ماوەی زیاتر لە شەش مانگ بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی لەلایەن حکومەتەکەی نوری مالکییەوە بڕابوو، لە هەمانکاتدا هێزی پێشمەرگە کە بەراورد بە سوپاکەی مالیکی چەك و پێداویستییەکانی زۆر سنووردار بوو، بەڵام توانی لەبەردەم شاڵاوی تیرۆریستانی داعش خۆی رابگرێت، تەنانەت ئەگەر تیرۆریستانی داعش لەسەرەتاشدا توانییان چەند ناوچەیەکی کوردستان لە دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان داگیربکەن، ئەوا تەنیا لە ماوەی ٤٨ کاتژمێردا بە سەرپەرشتی راستەوخۆی سەرۆك بارزانی توانرا ئاراستەی شەڕەکە بگۆڕێت و تیرۆریستانی داعش رابگیرێن.

ئەم خۆڕاگرییەی کوردستان بووە هۆکاری ئەوەی پێگەی هەرێمی کوردستان لە هەرێمێکی ناو دەوڵەتێکی فیدراڵییەوە بەرەو کیانێکی سیاسی وەك دەوڵەتێکی دانپێدانەنراو لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت لەسەر چەندین ئاست:

١. لەسەر ئاستی دەوڵەتی عێراق، حکومەتی عێراق ناچاربوو بە دابەشکردنی سەروەریی لەگەڵ هەرێمی کوردستان رازی بێت، ئەمەش نەك تەنیا لەیەك بواردا، بەڵکو لەسەر هەموو ئاستەکان، تەنانەت بە قبووڵکردنی ناردنی چەك و تەقەمەنی و پێداویستی سەربازی دەوڵەتانی هاوپەیمان لە بەغداوە بۆ هەرێمی کوردستان، راستە بەغدا وەك خۆی ئەو چەك پێداویستییانەی وەك پشکی کوردستان بۆ پێشمەرگە نەدەنارد و بەشێکی بۆخۆی گلدەدایەوە، بەڵام هەر تەنیا رازیبوونی بەغدا بەوەی پشکی چەك و تەقەمەنی و پێداویستی سەربازی بۆ کوردستان جیابکرێتەوە، ئەمە مانای ئەوەیە بەغدا بەناچاری رازی بووە سەروەریی عێراق لەگەڵ کوردستان بەش بکات.

٢. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و لە ئاکامی دڵنیابوونی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەوەی عێراق وەك پێویست پابەند نییە بە دابەشکردنی سەروەری لەگەڵ کوردستاندا، دەوڵەتانی هاوپەیمان خۆیان دەسەڵاتی سەوەریی عێراقیان بە هاوبەشی لەگەڵ کوردستان دابەش کردووە و راستەوخۆ مامەڵەیان لەگەڵ کوردستان کردووە، وەك دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی، بەتایبەتی رەزامەندیی ئەڵمانیا بۆ ناردنی چەك و پێداویستی سەربازی بە شێوەی راستەوخۆ بۆ پێشمەرگە، ناردنی راوێژکارە سەربازییەکانیان و کردنەوەی خولی راهێنان و مەشق لە وڵاتەکانی خۆیان بۆ پێشمەرگە، ئەمەش مانای ئەوەیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە پرۆسەی پێدانی سەروەریی بە کوردستان هاوکارێکی باش بووە.

٣. حکومەتی بەغدا ماوەی چەند ساڵێکە بودجە و مووچەی کوردستانی بڕیوە، ئەمە لە روویەکەوە بەکارهێنانی گوشارێکە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان دەستبەرداری سەروەریی خۆی بێت و بگەڕێتەوە بۆ ژێر دەستی بەغدا، بەڵام خۆڕاگری خەڵکی کوردستان بووە هاندەر بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دروست بدات و لەسەر فرۆشتنی نەوتی کوردستان بەردەوام بێت، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش رازی بێت کە کوردستان خۆی راستەوخۆ نەوتەکەی بفرۆشێت، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە لایەنێکی دیکەی سەروەری کە سیاسەتی ئابووری و ئابووری سەربەخۆیە لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە پیادەبکرێت، لەمەش زیاتر دوای ئەوەی نرخی نەوت دابەزی و هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراقیش پێویستیان بە قەرزی بانکی نێودەوڵەتی بوو، بانکی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵ عێراق و کوردستان لەسەر بنەمای دابەشکردنی سەروەریی بووە، ئەمە واتە پشکی کوردستان لە بانکی نێودەوڵەتییەوە جیادەکرێتەوە و حکومەتی عێراق دەبێت بە دابەشکردنی ئەو سەروەرییە رازی بێت.

٤. لە بواری سەربازی و گرێدانی رێککەوتنی سەربازی، رێککەوتنی نێوان پێنتاگۆن و وەزارەتی پێشمەرگە راستەوخۆ لە ژێر چاودێری سەرۆکی کوردستان، ئەمەش دیسان پیادەکردنی دەسەڵاتێکی



دیکەی سەروەرییە بۆ هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی کە ئەم دەسەڵاتی سەروەرییە دوای ئەوە پیادەکراوە کە ڕەزامەندی بەغدا وەرگیراوە، لەوانەیە ڕازیبوون، یان ڕازی نەبوونی بەغدا فاکتەرێکی کاریگەر نەبێت لە ئیمزاکردنی ئەو پرۆتۆکۆڵە سەربازییە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بەغدا ڕازی نەبوایە، ئەوا ئەمریکا ڕاستەوخۆ لەگەڵ کوردستان هەر ئیمزای دەکرد، بەڵام بایەخی ڕازیبوونی بەغدا لەسەر ئیمزاکردنی ئەو گرێبەستە، ڕێگاخۆشکەرە بۆ ئەوەی پرسی دیکەی دابەشکردنی سەروەریی بە دیالۆگ لەگەڵ بەغدا باس بکرێت.

ئەگەر بارودۆخی ئێستای کوردستان هەمووی پێکەوە بە میکانیزمی پرۆسەی پێدانی سەروەریی بۆ باشووری کوردستان گرێبدەینەوە، ئەوا کوردستان گەیشتۆتە ئەو قۆناخەی بەرەو بارودۆخی کۆتایی و بڕیاری یەکلاکەرەوە هەنگاو هەڵبگرێت، بەڵام دیارە لە پرۆسەی پێدانی سەروەریی، چۆن کیانە سیاسییەکە وەك دەوڵەتێکی دانپێدانەنراو کۆمەڵێك پابەندبوون دەکەوێتە سەری و دەبێت جێبەجێیان بکات، بۆ ئەوەی دانپێدانانی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنێت، بەهەمان شێوە دەوڵەتانی دەوروبەر و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش کۆمەڵێك پابەندبوونیان بەرامبەر دەوڵەتە تازەکەی کوردستان دەکەوێتە سەرشان و پێویستە هەرێمی کوردستان وەك دەوڵەتێکی دانپێدانەنرا و دەستپێشخەر بێت بۆ ئەوەی بە دیالۆگ شێوازی پابەندبوونەکانی کوردستان و پابەندبوونەکانی دەوڵەتانی دراوسێی و نێودەوڵەتی ڕێکبخات، ئەم لێکتێگەیشتنە لە نێوان کوردستان وەك دەوڵەتێکی دانپێدانەنرا و دەوڵەتانی دراوسێی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ پێشوازیکردن لەو دەوڵەتە تازەیە، مۆدیلیکی تازەی دانپێدانانی نێودەوڵەتی بۆ دەوڵەتی تازەی خاوەن سەروەری وەك ئەندامێك لە نەتەوەیەکگرتووەکان بەرجەستە دەکات، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دڵنیا دەبێت دەوڵەتە تازەکەی کوردستان هۆکارێك دەبێت بۆ زیاتر چەسپاندنی ئاشتی و سەقامگیری لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیش.

**بۆ چارەسەرکردنی پرسی دەوڵەتی دانپێدانەنراو، دەبێت هەنگاوەکان لە پشتگیریکردنی سەروەریی ناوخۆیی نیشتمانییەوە دەستپێبکات بۆ ئەوەی شان بە شانی ئەمە شەرعییەتی نێودەوڵەتی بدرێتە سەروەریی ئەو کیانە سیاسییە**

# مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ کورد سەنگی لە مانەوەی عێراق بەیەکپارچەیی زیاترە



**ئەم باسە پوختەی دیراسەتێکە بە ناونیشانی: «پرسی دەوڵەتی کورد لە عێراقدا» کە لەلایەن فلیپ . ئێس. حاجی نووسراوە و راوێژکاری یاساییە لە زانکۆی هێزەکانی دەریایی ئەمریکا و لە گۆڤاری یاسای نێودەوڵەتی** (Case Western Reserve Journal of International Law) **بڵاوکراوتەوە. لەبەر گرنگیی ئەم بابەتە پۆختەیەکی بە زمانی کوردی بڵاودەکەینەوە.**

**کورتکراوەی توێژینەوەی:** The Case for Kurdish Statehood in Iraq
**نوسینی:** Philip S. Hadji

بنەمای مافی بڕیاردانی چارەنووس پەیوەستە بەوەی گروپە جیاوازەکانی گەلان مافی یاساییان هەیە بۆ ئەوەی خۆیان بڕیاری ئەوە بدەن کە دەیانەوێت سەر بە چ دەوڵەتێك بن. ئەوا پێویستە ئەو گروپە تەواو جیاواز بێت. پێوەری جیاوازبوونی گروپێك لە خەڵکی دابەش دەبێت بەسەر بنەما بابەتییەکان و بنەما زاتییەکاندا. بنەما بابەتییەکان خەلفیەتی رەگەزی و ئیتنی و زمان و ئایین و مێژوو و کەلتووری هاوبەش دەگرێتەوە. لە کاتێکدا بنەما زاتییەکان پەیوەستە بەوەی ئەو گروپە بە شێوەیەکی دەستەجەمعی وەك خەڵکێکی جیاواز لە خۆیان بڕوانن.

لە حاڵەتی روودانی جینۆسایددا، چەمکی یەکپارچەیی خاك جێی خۆی بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووس چۆڵ دەکات. سەرباری ئەوەش، سەربەخۆیی ئەمری واقیع و فاکتەرێکی تایبەتییە کە پێگەی مافی بڕیاردانی چارەنووس لەبەرامبەر بنەمای پاراستنی یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتەکە بەهێز دەکات. کاتێك کورد قوربانی دەستی جینۆساید بن، ئەوا مافی خۆیانە بانگەشەی رەوای خاوەندارێتی خاك بکەن و خاوەنی دەوڵەتی ئەمری واقیع بن، لەم حاڵەتەشدا دەستهەڵگرتن لە بنەمای پاراستنی یەکپارچەیی خاك بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووس تەواو قەناعەت پێهێنەرە.

ئەمە پێمان دەڵێت مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ کورد سەنگ و قورسایی زیاترە بە بەراورد بە خواستی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق. رژێمی سەددام حوسێن بە ئاشکرا مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانی کوردی پێشێل کرد بە ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید لە میانەی هەڵمەتەکانی ئەنفالدا. لەمەش زیاتر کورد بۆ ماوەی هەزاران ساڵە لەسەر هەمان خاك نیشتەجێن و



توانیویانە لەسەر خاکی خۆیان بمێننەوە و کەلتوورێکی جیاوازیان هەبێت، سەرەڕای هەوڵی وڵاتانی دیکە بۆ داگیرکردنی خاکەکەیان و بۆ تواندنەوەی کەلتوورەکەیان و سەرباری بوونی کێشەی هەرێمایەتی، ئەوان خاوەنی بانگەشەیەکی ڕەوای خاوەندارێتی خاکن. ڕێککەوتننامەی لۆزان دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردی لەخۆ نەگرت، لە دەرئەنجامدا کورد شەڕی لە دژی بەریتانییەکان کرد لە عێراقدا لە پێناو بەدەستهێنانی سەربەخۆیی وڵاتەکەیان. لەسەر بنەمای ئەو مێژووە، کورد بانگەشەیەکی ڕەوای خاوەندارێتی خاکی هەیە.

بە پێی پەیماننامەی مۆنتیڤیدیۆی تایبەت بە ماف و ئەرکەکانی دەوڵەت- ١٩٣٣-، خەسڵەتی دەوڵەت لە سایەی یاسای نێودەوڵەتیدا لە چوار پێداویستیدا بەرجەستە دەبێت کە دەبێت خاوەنیان بێت:

١) دانیشتووانێکی جێگیر
٢) خاکێکی دیاریکراو
٣) حکومەت
٤) توانانی دروستکردنی پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە.

کورد هەر چوار مەرجەکەی پەیماننامەی مۆنتیڤیدیۆی تێدایە. لەم لایەنەوە ئەگەر سەرنج بدەین ئەم ڕاستیانە دەردەکەون:

- هەرێمی کوردستان مەرجی هەبوونی دانیشتووانێکی جێگیری تێدایە، لەبەر ئەوەی کوردی عێراق دانیشتووانێکی هەمیشەیی و نزیکەی چوار ملیۆن کەس دەبن. ئەمەش زۆر زیاترە لەو ژمارەیەیە کە پێویستە بۆ بوون بە دەوڵەت، لەبەر ئەوەی وڵاتگەلێك هەن کە دانیشتووانەکەیان لە ٣٠٠،٠٠٠ کەس کەمترە و لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دانیان پێدانراوە.
- هەرێمی کوردستان مەرجی بوونی خاکێکی دیاریکراوی تێدا بەرجەستە بووە، لەبەر ئەوەی

**لە حاڵەتی رووداني جینۆسایددا، چەمکی یەکپارچەیی خاک جێی خۆی بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووس چۆڵ دەکات. سەرباری ئەوەش، سەربەخۆیی ئەمری واقیع و فاکتەرێکی تایبەتییە کە پێگەی مافی بڕیاردانی چارەنووس لەبەرامبەر بنەمای پاراستنی یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتەکە بەهێز دەکات. کاتێک کورد قوربانی دەستی جینۆساید بن، ئەوا مافی خۆیانە بانگەشەی رەوای خاوەندارێتی خاک بکەن و خاوەنی دەوڵەتی ئەمری واقیع بن**

دەستووری عێراقیش وەك خاكێك دان بە هەرێمی کوردستاندا دەنێت. ئەو راستییەش کە هێشتا خاکی هەرێمی کوردستان بە تەواوەتی یەکلانەکراوەتەوە بە مانای ئەوە نییە کە نابێت کوردستان وەك دەوڵەت هەژمار نەکرێت، لەبەر ئەوەی هەرێم قەوارەیەکە مەرجی بوونی خاكێکی دیاریکراوی تێدا بەدی هاتووە بۆ هەبوونی دەوڵەت، ئەگەرچی هێشتا سنوورەکانی یەکلانەکراوەتەوە، یاخود دەوڵەتێکی دیکە بانگەشەی خاوەندارێتی هەندێ لە خاکەکەی دەکات.

● هەرێمی کوردستان مەرجی سێیەمیشی بەدی هێناوە کە بریتییە لە بوونی حکومەت، ئەگەرچی مەرج نییە دەوڵەت فۆرمێکی دیاریکراوی حکومەتی هەبێت، بەڵام دەبێت دەسەڵاتێك هەبێت کە ئەرکەکانی دەوڵەتی ئەدا بکات. دەستووری عێراق دان بە حکومەتی هەرێمدا دەنێت و دەسەڵاتێکی زۆریشی پێداوە. حکومەتی هەرێم دەتوانێت یاسای فیدراڵی هەڵوەشێنێتەوە، رێژەی باج لەسەر ئەو خەڵکە دیاری بکات کە لە هەرێمەکەدا دەژین و کۆنترۆڵی ئاو و نەوتی هەرێمەکەش بکات. سەرەڕای ئەوەش حکومەتی هەرێمی بەرپرسیارە لە پاراستن و دەستبەرکردنی ئاسایش و خاوەنی هێزی پێشمەرگەیە.

● گومانی تێدا نییە کە کورد دەتوانێت پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە دروست بکات. لە زۆر رووەوە، وا دەردەکەوێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتی دەرەکی خۆی پیادە بکات. کە هەڵساوە بە دامەزراندنی فەرمانگەی پێوەندییەکانی دەرەوە و بەرپرسێکی بۆ ئەو فەرمانگەیەش داناوە. هەرێمی کوردستان پێشوازی لە بەرپرسانی حکومەتە بیانییەکان دەکات و بە سەربەخۆیی لە بەغدا سیاسەتی دەرەکی و پێوەندیە گشتییەکان بەڕێوەدەبات.

### ● دەوڵەتی سەربەخۆ و جیابوونەوە لە عێراق

بەرجەستەبوونی مەرجەکانی پیادەکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس و پێوەرەکانی بە دەوڵەت بوون راستەوخۆ سەرناکێشن بۆ دروستبوونی دەوڵەتێکی نوێ. بۆ ئەوەی بتوانن دەوڵەتێکی نوێ دابمەزرێنن، دەبێت کورد لە عێراق جیا ببێتەوە. چونکە ئەگەر پلان و بەرنامەیەکی لاوازیان هەبێت بۆ جیابوونەوە، ئەوا رەنگە دەرفەتی بەدەستهێنانی دانپێدانانی نێودەوڵەتی بخەنە مەترسییەوە، کە ئەو دانپێدانانەش بە رادەیەکی گەورە بەندە بە قەناعەتپێهێنانی سیاسییەوە. بۆ ئەوەی دەرفەتەکانی بەدەستهێنانی دانپێدانانی نێودەوڵەتی زیاتر بکەن، دەبێت کورد زۆر بە بایەخەوە لە نیگەرانییەکانی هێزە نێودەوڵەتییە گەورەکان بڕوانێت.

**کورد بۆ ماوەی هەزاران ساڵە لەسەر هەمان خاک نیشتەجێن و توانیویانە لەسەر خاکی خۆیان بمێننەوە و کەلتوورێکی جیاوازیان هەبێت، سەرەڕای هەوڵی وڵاتانی دیکە بۆ داگیرکردنی خاکەکەیان و بۆ تواندنەوەی کەلتوورەکەیان و سەرباری بوونی کێشەی هەرێمایەتی، ئەوان خاوەنی بانگەشەیەکی رەوای خاوەندارێتی خاکن**

کورد مافی بڕیاردانی چارەنووسی هەیە لە سایەی یاسای نێودەوڵەتیدا، بەڵام جیابوونەوەیەکی راستەوخۆ لە عێراق باشترین رێگا نابێت بۆ دەستەبەرکردنی سەقامگیری لە ناوچەکە و بەدەستهێنانی پشتیوانی تەواو لە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا تا رادەی دانپێدانان. باشترین بژارەی سیاسی- لەسەر ئەو بنەمایەی کە لە مەودای دووردا سەرکەوتوو بێت و لە مەودا نزیکیشدا ئاستی توندوتیژی کەم بکاتەوە، بریتییە لە رێگاچارەی بەدەستهێنانی هەنگاو بە هەنگاوی سەربەخۆیی (Earned Sovereignty) . هەنگاوهەڵگرتنی یەك لە دوای یەك بەرەو دەوڵەتی سەربەخۆ لەو نیگەرانییانە کەم دەکاتەوە کە پەیوەستن بە سەرهەڵدانی پشێوی لە عێراقدا و دەکرێت ئەم ئامانجەش، واتە دەوڵەتی سەربەخۆ، لە رێی پیادەکردنی رێگاچارەی بەدەستهێنانی سەروەریی (Earned Sovereignty) بۆ پیادەکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس بەدی بهێنرێت. چونکە (Earned Sovereignty) دابەزاندنی مەرجداری دەسەڵاتە سەروەرییەکان لە خۆدەگرێت لە دەوڵەتەوە بۆ قەوارەیەکی خوار دەوڵەت و لە ژێر سەرپەرشتی نێودەوڵەتیدا. بە کورتی (Earned Sovereignty) بریتییە لە گواستنەوەی هەنگاو بە هەنگاوی دەسەڵات بە رەزامەندی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. بەم رێگاچارەیە کوردی عێراق دەتوانێت هەنگاو بە هەنگاو ئەو دەسەڵاتانە لە عێراق بەدەست بهێنن بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خاوەن سەروەریی. جێبەجێکردنی سەرکەوتووانەی رێگاچارەی (Earned Sovereign-ty) لەو ناکۆکییانەی لە جیهاندا لەئارادان، ئەوە دەخەنەڕوو کە لە هەرێمی کوردستانی عێراقیشدا ئەگەری سەرکەوتنی لەئارادایە.

ئەو ئاشتی و گەشەکردنە رێژەییەی کە توانرا لە مۆنتینیگرۆ و کۆسۆڤۆ و ئیرلەندای باکوور بەدەستهێنرا- لە دوای گرتنەبەری رێگاچارەی (Earned Sovereignty) ئەو راستییە دەدردەخات کە دەکرێت بە شێوەیەکی کارا رێگاچارەی (Earned Sovereignty) بەکار بهێنرێت بۆ کۆتاییهێنان بە ئەو ناکۆکییانەی پەیوەستن بە سەروەرییەوە لەو وڵاتانەدا کە گرفتاری دەستی شەڕ و توندوتیژین. هەر سێ حاڵەتەکەش گرنگییان هەیە بۆ کەیسی کورد لە عێراقدا لەبەر ئەوەی ئەو لێکچوونانەی لە نێوان ناکۆکییەکاندا هەیە. بە چەشنی کوردستانی عێراق، بەلکان و ئێرلەندای باشوور

مێژوویەکی دوورودرێژی توندوتیژی و ململانێی ئیتنییان هەبووە.

مۆنتینیگرۆ و کۆسۆڤۆ هەردووکیان لە دوای لەبەریەك هەڵوەشانەوەی یۆگسلافیای پێشوو دروست بوون. دیارە بە هاوشێوەی یۆگسلافیا، سنوورەکانی عێراقیش لەلایەن دەوڵەتە دەرەکییەکانەوە کێشران. لەوەش زیاتر، هاوشێوەی یۆگسلافیا عێراق لە کۆمەڵێك گروپی ئیتنی جیاواز دروست بووە کە لە سایەی یەك دەوڵەتدا کۆبوونەتەوە. هەروەها ئێرلەندای باکووریش لێکچوونی هەیە لەگەڵ کوردستانی عێراقدا، چونکە ئیرلەندای باکووریش گۆڕەپانی ناکۆکییەکی درێژخایەنی نێوان دوو وڵات بوو کە خاوەنی ئایین و مەزهەبی جیاواز بوون. بەلەبەرچاوگرتنی سەرکەوتنی ڕێگاچارەی (Earned Sovereignty) لەم وڵاتانەدا، ئەوا گونجاوە کە هەمان ڕێگاچارە لە هەرێمی کوردستانی عێراقیشدا بگیرێتەبەر.

گرتنەبەری ڕێگاچارەی (Earned Sovereign-ty) لە کوردستانی عێراقدا ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت کە ببێتە مایەی دەستبەرکردنی ئاشتی و گەشەکردنێکی درێژخایەن. لەلایەکی دیکەوە قۆناخی ڕێگاچارەی (Earned Sovereignty) بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی و کێشەکە بریتییە لە سەروەریی هاوبەش و بنیادنانی دامەزراوەکان. پێوەندی نێوان هەرێمی کوردستانی نیمچە سەربەخۆ و عێراق دەکرێت بە قۆناغی سەروەریی هاوبەش وەسف بکرێت. سەروەریی هاوبەشیش بریتییە لەو ماوەیەی تێیدا کە قەوارەی خوار دەوڵەت دەسەڵاتێکی بەرفراوانی خۆبەڕێوەبەری پێدەدرێت. لە دوای جەنگی یەکەمی کەنداوەوە، کوردستانی عێراق خاوەنی خۆبەڕێوەبەرییە و کوردی عێراق ناچارکران خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوە ببەن.

## ● کوردستان لە کۆسۆڤو و مۆنتینیگرۆ شایستەترە بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ

بە بەراورد بە مۆنتینیگرۆ و کۆسۆڤۆ و ئیرلەنداوی باکوور، هەرێمی کوردستان زۆر پێشکەوتووترە لە سەرەتای دەستکردن بە پرۆسەی بە دەوڵەت بوون، ئەویش لە ڕووی ئەو دامەزراوانەی کە پێویستن بۆ بوونی حکومەتێکی کارای دیموکراسی. هەرێمی کوردستان ئیدارەی حکومەتێکی مەحەلی دەدات کە خزمەتگوزارییەکان دابین دەکات، لەوەش زیاتر، دامەزراوەکانی یاسادانانی بنیادناوە کە پێویستن بۆ حکومەتێکی دیموکراتی، لە کۆتاییدا دامەزراوەکانی سیاسەتی دەرەکی دروستکردووە و خاوەن سەرکردایەتییەکە کە دەستی کردووە بە پیادەکردنی سیاسەتی دەرەکی.

ئەوەی لە کۆتاییدا بەرگێکی یاسایی بەبەر جیابوونەوەی کورددا دەکات، ئەوەیە ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەك دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی، دان بە کوردستاندا دەنێت، یان نا؟ چونکە بەدەستنەهێنانی دانپێدانانی نێودەوڵەتی زیان بە پێوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی کوردستان دەگەیێنێت لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا. بۆ نموونە، قوبرسی باکوور کە تەنیا لەلایەن تورکیاوە دانی پێدانراوە، تاوەکو ئێستا گرفتارە بەهۆی ئەوەی بە شێوەیەکی نایاسایی جیابۆوە. یەکێتی ئەورووپا پێوەندی دیپلۆماسی نییە لەگەڵ قوبرسی باکوور و ڕەتی دەکاتەوە کە بازرگانی لەگەڵدا بکات. لەوەش زیاتر، یەکێتی ئەورووپا سزای تورکیای دا لەسەر دانپێدانانی بە قوبرسی باکوور و ئەمەشی کردە هۆکارێك بۆ دواخستنی گفتوگۆکانی پەیوەست بە ئەندامی بوونی تورکیا لەو یەکێتییە.

کەواتە دەرفەتەکانی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی دانپێدانانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە ڕاددەیەکی بەرچاو زیاتر دەبێت، ئەگەر لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا کار بکات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی هەنگاو بە هەنگاو سەروەریی بەدەست بهێنێت. حاڵەتەکانی مۆنتینیگرۆ و ئیرلەندای باکوور و کۆسۆڤۆ ئەوە دەخەنەڕوو کە کارکردن لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا ڕێگایەکی بەهێزە بۆ بنیادنانی سەرمایەی سیاسیی پێویست بۆ بەدەستهێنانی دانپێدانانی دەوڵەتانی دیکەی نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. لەوەش تایبەتتر، حاڵەتی کۆسۆڤۆ ئەوەی پیشاندا کە هێزە نێودەوڵەتییە مەزنەکان دان بە دەوڵەتە تازە دروستبووەکەدا دەنێن، تەنانەت بە چاوپۆشین لەوەی کە ئایا وڵاتەکەی پێشووتر- کە دەوڵەتە تازەکەی لێ جیابۆتەوە- دان بە دەوڵەتە نوێیەکەدا دەنێت، یان نا. چونکە وڵاتانی ڕۆژئاوا دانیان بە کۆسۆڤۆدا نا، ئەگەرچی سربیا- کە کۆسۆڤۆی لێ جیابۆوە- بە توندی بەرهەڵستی ئەو دانپێدانانەی کرد. ئەمە پێشینەیەکی گرنگە بۆ دەوڵەتی کوردی، لەبەر ئەوەی ئەوە دەخاتەڕوو کە دەکرێت ئەمەریکا و وڵاتە بەهێزەکانی دیکە دان بە کوردستاندا بنێن، تەنانەت ئەگەر عێراقیش بەرهەڵستی بکات.

**هەرێمی کوردستان مەرجی هەبوونی دانیشتووانێکی جێگیری تێدایە، لەبەر ئەوەی کوردی عێراق دانیشتووانێکی هەمیشەیی و نزیکەی چوار ملیۆن کەس دەبن. ئەمەش زۆر زیاترە لەو ژمارەیەیە کە پێویستە بۆ بوون بە دەوڵەت**

**دەرفەتەکانی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی دانپێدانانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە ڕاددەیەکی بەرچاو زیاتر دەبێت، ئەگەر لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا کار بکات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی هەنگاو بە هەنگاو سەروەریی بەدەست بهێنێت**



نەجات عەلی بەرپرسی میحوەری مەخموور بۆ گوڵان:

# ئەگەر حەشدی شیعە لەئازادکردنی موسڵ بەشداری بکات شەڕی شیعە و سوننە لەو پارێزگایە روودەدات

**دەبێت موسڵ دوای داعش بە عەقڵییەت و ئالیەتێکی نوێ بەڕێوەببردرێت**

**ئاشکرایە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەك هەر تەنیا توانیویەتی سنوورێك بۆ پێشڕەوی و داگیرکارییەکانی داعش دابنێت، بەڵکو توانیویەتی پاشەکشەشیان پێبکات و زۆرێك لە ناوچە داگیرکراوەکانیان لەدەست دەربهێنێت و زۆربەی زۆری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمیش رزگاربکات، ئەمەش بووەتە جێی سەرسامی و ستایشی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تا ئەو رادەیەی وڵاتێکی وەك ئەمەریکا لێکتێگەیشتنێکی سەربازی لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگەدا واژۆ بکات. بۆ هەڵوەستەکردن لەسەر سەرکەوتنەکانی ئەم دواییەی پێشمەرگە لە هەردوو میحوەری مەخموور و گوێڕ و گرنگیی پێشمەرگە لە تێکشکاندنی داعشدا، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی نەجات عەلی بەرپرسی میحوەری مەخموور کرد و بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

*** وەکو بەرپرسی میحوەری مەخموور ئایا دەکرێت باسێکی دۆخی پێشمەرگە و ناوچەکەمان بۆ بکەیت، بەتایبەتی دوای ئازادکردنی ژمارەیەك گوندی ناوچەکە و دوورخستنەوەی مەترسیی داعش لەسەر تەواوی ناوچەکە؟**

- پێش ئەوەی باسی بارودۆخی ئێستا بکەم، پێم باشە سەرەتا ئەوە بڵێم ئەو ناوچەیەی رزگارکرایەوە ناوچەیەکی ستراتیژییە و لە بواری سەربازی و سیاسی و ئابووریشەوە گرنگییەکی زۆری هەیە، لە رووی دانیشتووانیشەوە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە کورد و عەرەبی تێدایە و جوانترین نموونەی پێکەوەژیان بووە، بەڵام دوای ئەوەی داعش ئەم ناوچەیەی کردە ئامانج، ناڵێم ئەو پێکەوەژیانە تێکچوو، یان لەناوچوو، بەڵام دانیشتووانە رەسەنەکەی بە کورد و عەرەبەوە ئاوارە بوون و ناوچەکە چۆڵ بوو، رەنگە خۆتان بینیبێتان کە چۆن لە وێرانەیەك دەچێت، بۆیە پێویستە هەوڵ بدرێت بەپەلە ئاوەدان بکرێتەوە و جارێکی تر پێکەوەژیانی تێدا دروست بکرێتەوە. داعش کە ئەم ناوچەیەی کردە ئامانج مەبەستی خۆی هەبوو، کە گرنگترینیان سیاسی بوو، چونکە هەر هەموو ناوچەکە ئەو ناوچە و شوێنانەن کە کێشە لەسەرە، یاخود ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانن، هەروەها داعش مەخمووری کردە ئامانج، چونکە دەیزانی کە مەخموور نزیکە لە پایتەختی کوردستان کە هەولێرە و نزیکە لەو ناوچانەی کە دەوڵەمەندن بە نەوت، یان سامانی سروشتی، لە رووی سەربازیشەوە ئەگەر داعش بیتوانیبایە بگاتە چیای قەرەچۆغ و زۆرگەزراو ئەو کات ناڵێم هەولێر کۆنترۆڵ دەکرا، بەڵام هەولێریش دەکەوتە بەر رەحمەتی مووشەك و تۆپەکانیان.

ئەوە بوو بۆ ماوەیەکی کەم داعش توانی گوێڕ و شارۆچکەی باقرت و گوندەکانی دەوروبەروی بەشێك لە مەخموور داگیر بکات، بەڵام ئێمە بە ماوەیەکی کورت و بە هیممەتی پێشمەرگە رێگەمان نەدا، تەواوی مەخموور بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی داعش، دووەم توانیمان بە رەوتێکی خێرا هێزێك کۆبکەینەوە و ئامادەی بکەین و هێرش بکەینەسەر داعش، سێیەم توانیمانە لە یەکەم سەنگەردا داعش لە مەخموور تێکبشکێنین، چوارەم ئەمە بووە دەستپێك و سەرەتای تێکشکاندنی داعش. ئەو سەرکەوتنانەی پێشمەرگە بەسەر داعشدا زۆر گرنگ بوون، چونکە ئەو کات داعش توانی لە رێی بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێك گرتەی ڤیدیۆیی لە رێگەی سۆشیال میدیاوە دیمەنی سەربڕین و کوشتنی خەڵك بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە پیشان بدات و ئەمەش ترسێکی زۆری لە سایکۆلۆژی خەڵك دروست کردبوو، کاتێکیش خەڵکی بینییان چۆن هێزی پێشمەرگە داعشی تێکشکاند و راوی ناوە. ئەو ترسە لای خەڵك رەوییەوە. ئێستاش ئەوەتا بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵە هێزی پێشمەرگە لەو سەنگەرانەدا توانیویەتی بەرگری لەخاکی کوردستان بکات، هەروەها توانیمان ئەو ناوچانەش رزگار بکەین کە پێمانوایە بۆ پاراستنی کوردستان گرنگن، کە لەم پێناوەشدا شەهید و برینداریێکی زۆرمان داوە، بەڵام ئەوەش راستە هیچ سەرکەوتنێك بە بێ قوربانی بەدەست نایەت. لێرەشدا من سەری رێز بۆ شەهیدەکانمان دادەنەوێنم و لەخوای گەورە دەپاڕێینەوە بریندارەکانمان چاك بکاتەوە و سڵاو و رێز بۆ کەس و کاری ئەو قوربانییانەش دەنێرم. چونکە ئەگەر ئەوان نەبوونایە ئەو سەرکەوتنە گەورانە تۆمار نەدەکران. ئەوەی پێوەندی بە

**جەنابی سەرۆک بارزانی جگە لەوەی لە پلان و نەخشەی جەنگی رۆڵی سەرەکی گێڕاوە، لەشەڕەکانیشدا لەگەڵمان بووە و رۆڵێکی سەرەکی بینیوە لە تێکشکاندنی ئەو ئەفسانەیەی کە داعش لە ناوچەکەدا دروستی کردبوو**

**هەمیشە کوردستانم خۆش ویستووە، بەڵام ئەو وانە پڕ لە مانا و بەهایانەی جەنابی سەرۆک وایکردووە زیاتر خاکی کوردستانم خۆش بوێت. ئەو ئامۆژگاری و راسپاردانەی کە بۆ تەواوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەیدات، لە رووی هەڵسوکەوت و دابونەریت و بەهای مرۆییەوە زۆر بەرزن و بەردەوام پێمان دەڵێت کە رێز لە بەهاکانی مافی مرۆڤ بگرین، لە شەڕدا فێری کردین کە شکستمان هێنا بێ ئومێد نەبین**

دۆخی ئێستای میحوەری مەخموورەوە هەبێت، ئەوا دۆخێکی باشە، مەخموریش بۆتە میحوەرێکی سەرەکی بۆ ئازادکردنەوەی موسڵ، ئەمەش دوای ئەوەی هێزی هاوپەیمانان لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان رێککەوتن لەسەر ئەوەی مەخموور ببێتە بنکەیەك بۆ ئەوەی سوپای عێراق لەوێوە دەست بەهێرشکردن بۆ رزگارکردنەوەی موسڵ بکات، ئەوا بۆ ماوەی ساڵێك دەچێت سوپای عێراق لەم دەڤەرە بوونیان هەیە و هاوکاری و ئاسانکاری باشمان کردوون، بۆ ئەوەی بتوانن پێشڕەوی بکەن و ناوچەکانی ژێر دەستی داعش ئازاد بکەن. هەرچەندە پێشڕەوییەکانی ئەو سوپایە خاون و لەئاست ئومێدی خەڵکی ناوچەکە نەبووە، بەڵام هەرچۆنێك بێت توانیان گەیارە رزگار بکەن و ئەمەش لەسەر میحوەری ئێمە کاریگەری باشی لێدەکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو هەڕەشە و مەترسییانەی داعش کە مابوون لەسەر ناوچەکەی ئێمە زیاتر دوورخرانەوە، بەڵام هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی سوپای عێراق و ئەم ژمارە زۆرەی ئاوارە و هاتنی ئەو هەموو شاندە تا رادەیەك دۆخی ناوچەکەی ئێمەی ئاڵۆز کردووە. بەڵام لە رووی مەبدەئییەوە ئێمە داعش لە هەر کوێ بێت، بە دوژمنی خۆمانی دەزانین و هەر وڵات و لایەنێکیش شەڕی ئەو تیرۆریستانە بکات بە دۆستی خۆمانی دەزانین و ئامادەشین دەستی هاوکاری بۆ درێژ بکەین. بەگشتی دۆخەکە لە رووی سەربازییەوە باشە، بەڵام لە رووی سیاسییەوە سەرجەم دۆخی عێراق و سووریا و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دوای داعشەوە ناڕوونە، هەروەها لە رووی سیاسییەوە تا ئێستا هەرێمی کوردستان و عێراق رێککەوتنێکیان لە نێوانیاندا نییە بۆ بەڕێوەبردنی موسڵی دوای داعش، کە پێش داگیرکردنیشی لەلایەن داعشەوە ئێمە کۆمەڵێك کێشەی سیاسی و ئیداریمان لەگەڵ ئیدارەی موسڵ و تەنانەت لەگەڵ حکومەتی ناوەندی هەبووە لەسەر شێوەی ئیدارەدانی موسڵ. هەربۆیە پێویستە دەرس لە شەڕی داعش و ئەو رووداوانەی روویاندا وەربگیرێت و لەدوای رزگارکردنی شارەکە لەدەستی داعش بۆ بەڕێوەبردنی ئیدارەی موسڵ بیر لە میکانیزمی تر بکرێتەوە، بەتایبەتی کە ئەم پارێزگایە لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتی پێکهاتەکەی لەشارەکانی تر جیاوازترە، بۆیە ناکرێت بە هەمان عەقڵییەت و ئالیەتی پێشووەوە موسڵ بەڕێوەببرێت، ئەگەر وا بکەن، بێگومان کێشەکان بەردەوام دەبن و رەنگە کێشەی گەورەتریش لە موسڵ رووبدات. ئێمە وەك کورد بەشێك نین لە کێشەی مەزهەبی و ئێمە نەتەوەیەکین لە ناوچەکەدا کە تا ئێستا لە پێناوی ناسنامەی نەتەوەیی خۆمان خەبات دەکەین، چونکە نەبووینەتە خاوەنی کیانێکی سەربەخۆ و دەوڵەتی خۆمان کە بە خۆمان بە شایستەی بەدەستهێنانی دەزانین، لەکاتێکدا ئەو هەموو قوربانی و شەهید و بریندارە کە بە درێژایی مێژوو داومانە لەپێناو ئازادی و سەربەخۆییدا بووە، ئێستاکەش دەرفەتێکی باشە بۆ گەلی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆ پێویستە یەکڕیز بین و کێشەکانی ناوخۆ چارەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی مەسەلەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی بەدی بێت، بەپێچەوانەوە بەفیڕۆدانی ئەو دەرفەتە دەبێتە هۆی چاوەڕوانی دەیان ساڵی تر، ئەویش ئەگەر دەرفەتێکی دیکەمان بۆ بێتەپێشەوە.

*** رۆڵی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەکو سەرۆکی فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە رزگارکردنەوەی مەخموور و ئۆپەراسیۆنەکانی ئازادکردنەوەی خاکی کوردستان چۆن دەبینی؟**

- من بە حوکمی ئەوەی لە تەمەنی ١٥ ساڵییەوە بوومەتە پێشمەرگە، هەر بۆیە لە دوور و نزیکەوە توانای جەنابی سەرۆك بارزانی-م بینیوە، ئەوەشی لەم دوو ساڵی دواییدا کە شەڕی داعش بووە، جەنابی سەرۆك بارزانی لە سەنگەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگە بەرامبەر بەرەنگاربوونەوەی داعش ئامادە بووە و راستەوخۆ و بە شێوەیەکی مەیدانی سەرپەرشتی و بەشداری ئۆپەراسیۆنەکانی کردووە، ئەوەش کاریگەری رۆحی کردووەتە سەر فەرماندەکان و منیش راستەوخۆ کەوتوومەتە ژێر کاریگەری و کاراکتەری ئەو سەرکردەیە کە نەك تەنیا لەکوردستان، بەڵکو لەهەموو دنیا نموونەی کەمە، جەنابی سەرۆك بارزانی جگە لەوەی لە پلان و نەخشەی جەنگی رۆڵی سەرەکی گێڕاوە، لەشەڕەکانیشدا لەگەڵمان بووە و رۆڵێکی سەرەکی بینیوە لە تێکشکاندنی ئەو ئەفسانەیەی کە داعش لە ناوچەکەدا دروستی کردبوو، جەنابی سەرۆك ورەی پێشمەرگەی بەرزکردەوە، جەنابیان لەهەر میحوەرێکدا پلان و بەرنامەی شەڕی دانابێت، یان بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی ئازادکردنەوەی خاکی کوردستان پلانی دانابێت، چاودێری و بەدواداچوونی وردی دەکرد، هەر بۆیە سەرکەوتنەکان مسۆگەر

**لەم دوو ساڵی دواییدا کە شەڕی داعش بووە، جەنابی سەرۆک بارزانی لە سەنگەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگە بەرامبەر بەرەنگاربوونەوەی داعش ئامادە بووە و راستەوخۆ و بە شێوەیەکی مەیدانی سەرپەرشتی و بەشداری ئۆپەراسیۆنەکانی کردووە، ئەوەش کاریگەری رۆحی کردووەتە سەر فەرماندەکان و منیش راستەوخۆ کەوتوومەتە ژێر کاریگەری و کاراکتەری ئەو سەرکردەیە کە نەک تەنیا لەکوردستان، بەڵکو لەهەموو دنیا نموونەی کەمە**

**رێککەوتنی نێوان وەزارەتی پێشمەرگەو پێنتاگۆن کە وەزارەتی بەرگری گەورەترین وڵاتی زلهێزی جیهانە، کاریگەری زۆری لەسەر ململانێی سیاسی و ئابووری و سەربازی هەیە گرنگی و تایبەتمەندێتی خۆیشی هەیە بەوەی جۆرێکە لە شەرعییەتدان بە هەرێمی کوردستان وەکو کاراکتەرێکی فەرمی لە ناوچەکە کە ئەگەر دەوڵەتیش نەبێت، بەڵام لەشێوەی دەوڵەتێکدایە**

**هاتنی بە لێشاوی ئاوارە بۆ هەرێمی کوردستان کە خۆی لە دۆخێکی دژواری دارایيدایە بۆتە هۆی ئەوەی بارودۆخەکە ئابوورییەکە قورستر بێت، تەنانەت مەترسیی ئەمنیشیان هەیە بۆ هەر ناوچەیەک کە رووی تێبکەن**

بوون، لەدوا ئۆپەراسیۆنی هێزی پێشمەرگە لە خازر و گوێڕ جەنابیان لە نزیکەوە لە هەموو کۆبوونەوە و گفتوگۆکان و دانانی پلان و بەرنامە و جێبەجێکردنی تەواوی ئۆپەراسیۆنەکە بەشدار بوون، ئێستاش چاودێری ورد دەکات لەسەر ئەو هێڵ و ساترەی کە ئەمجارە لە رزگارکردنی ئەو گوندانە دانراوە، جەنابیان رزگارکردنی خاکی کوردستان و پارێزگاریکردنی زۆر بەلاوە گرنگە و پێیوایە دەبێت لەلایەن پێشمەرگەوە رزگار بکرێت و لە ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدا بێت، من هەمیشە کوردستانم خۆش ویستووە، بەڵام ئەو وانە پڕ لە مانا و بەهایانەی جەنابی سەرۆك وایکردووە زیاتر خاکی کوردستانم خۆش بوێت. ئەو ئامۆژگاری و راسپاردانەی کە بۆ تەواوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەیدات، لە رووی هەڵسوکەوت و دابونەریت و بەهای مرۆییەوە زۆر بەرزن و بەردەوام پێمان دەڵێت کە رێز لە بەهاکانی مافی مرۆڤ بگرین، لە شەڕدا فێری کردین کە شکستمان هێنا بێ ئومێد نەبین و هەمیشە تەئکیدی لەسەر بوونی ئیرادە دەکردەوە، بەڕێزیان پێیوایە هەر شکستێك روویدات، دەبێت بەدواداچوون بکرێت، کە ئایا کێشەکە ئەوەیە هەڵە و کەموکوڕییەك هەبووە، یان ئیرادە نەبووە، لەبەر ئەوە بەڕێزیان پێیوابوو مادەم ئیرادە هەیە، ئەوا دەتوانین کێشە و کەموکوڕییەکان چارەسەر بکەین. خاڵێکی تری گرنگ کە لەجەنابی سەرۆك بارزانی فێری بووین پارێزگاریکردن و پاراستنی گیانی پێشمەرگەیە، جەنابیان ژیان و گیانی پێشمەرگەی زۆر بەلاوە گرنگە و لەسەرجەم ئۆپەراسیۆنەکاندا داوای لێکردووین کە نابێت بە هەر نرخ بێت شەڕ بکەن، بەڵکو دەبێت بە کەمترین قوربانی ناوچەکان ئازاد بکەین، چونکە پەنجە و دڵۆپە خوێنی پێشمەرگەیەکی زۆر بەلاوە گرنگە، هەر بۆیە پێویستە پارێزگاری لێبکرێت، هەروەها ئامۆژگاری دەکردین کە خۆمان لە خۆکوژ و بۆمب و تەقەمەنی بپارێزین و هەر کە هەواڵی شەهیدبوونی پێشمەرگەیەکی دەبیست، دڵگران و غەمبار دەبوو، لەبەر ئەوە لە شەڕەکاندا زۆر تەئکید لەسەر ئەم بابەتە دەکاتەوە.

*** پێشمەرگە بۆ جیهانی سەلماند کە تاکە هێزە لەسەر زەوی ناوچەکەدا کە داعشی تێکشکاندووە و لە هەمان کلاتدا میهنییەتی سەربازی و ئەخلاقییەتی شەڕی پاراستووە و رێزی لە هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان گرتووە و دوای تۆڵەسەندنەوە نەکەوتووە، ئایا ئەم هەڵسوکەوتە بەرزەی لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- کورد نەتەوەیەکە جیاوازە لە نەتەوەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەندێك خەسڵەتی تایبەتی تێدایە کە وایکردووە باوەڕی بە پێکەوەژیانی ئاشتییانە و لێبووردەیی هەیە، کاتێك ئەو هەموو خوشکەمان لە شنگال کەوتنە دەستی داعش چاوەڕوان دەکرا ئێمە هەندێ کاردانەوەمان هەبێت، بەڵام لە ئۆپەراسیۆنێکدا کە چەند گوندێکی عەرەب نشینمان کەوتە دەست و خەڵکێکی مەدەنی زۆری تێدا بوو، ئەوان زۆر دەترسان، چونکە وایاندەزانی بە هەمان رەفتار و کردەوەی ئەوان کردیان، تۆڵەی شنگالیان لێدەکەینەوە، پێموتن: ئێمە نەتەوەیەکین ناتوانین ئەو تاوانانە بکەین، ئێمە پێشمەرگەین بەشێوازێك پەروەردە کراوین هەرگیز ناتوانین تاوان بکەین، بەپێچەوانەوە ئێوە دایك و خوشکی ئێمەن و شەرەف و نامووستان پارێزراوە. تەنانەت پێمان وتن: ئێوە ئازادن لێرە دەمێننەوە، یان دەچنە شوێنێکی دیکە. ئەمە دەیسەلمێنێت کە پێشمەرگە لە سروشتی خۆیدا ئەخلاقە و بنەمای جوانی تێدایە و باوەڕی بە کۆمەڵێك پرەنسیپی مرۆیی هەیە کە رەنگە زۆر خەڵکی تر ئەو خەسڵەتانەی تێدا نەبێت. هەربۆیە پێشمەرگە پەروەردەکەی وایە و سەرۆکەکەشی سەرۆکێکە رەمزی لێبووردەیی و ئاشتی و پێکەوەژیانە، ئێمە توانیمان لەو شەڕانە شتێك نەکەین کاریگەری خراپی لەسەر ناوبانگمان هەبێت.

*** هۆکاری پێداگیری حەشدی شەعبی بۆ بەشداریکردن لە شەڕی موسڵدا بۆ چی دەگەڕێتەوە، لە کاتێکدا مەترسی ئەوە هەیە پێشێلکاری بکەن و کاری ناڕەوا ئەنجام بدەن، یان شەڕی شیعە و سوننەی لێبکەوێتەوە؟**

- لێرەدا دوو خاڵ هەیە پێویستە ئاماژەی پێبکەین، یەکەم: ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان نابینە بەشێك لەو ململانێ تائیفیەی نێوان هەردوو مەزهەبی سوننەو شیعە هەیە، ئەمە کێشەی ئێمەش نییە، ئێمە خاوەن دۆزێکین پێی دەوترێت دۆزی کورد و کوردایەتی و سەربەخۆیی، واتە حەشدی شەعبی بەشداری دەکات، یا نایکات، ئەوە کێشەی ناوخۆی خۆیانە، ئێمە نابینە بەشێك لەو ململانێیە. خاڵی دووەم ئەوەیە ئایا ئێمە بەشداری دەکەین لە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنەوەی موسڵ؟ ئێمە رێککەوتنێکمان هەیە

**ئێستا دوو حەشد هەیە حەشدی شیعە و حەشدی سوننە، خەڵکی عەرەبی موسڵ نیگەرانن لە بەشداری حەشدی شیعە، ئەوان پێیانوایە ئەو حەشدە تەنیا دژی سوننەن و سەر بە وڵاتێکی ئیقلیمین. کێشەی ناتەبایی شیعە و سوننە تەنیا لەنێوان هۆزە عەرەبەکانی سوننە و شیعە نییە، لەناو سوپاش ئەو کێشەیە هەیە و دەیان ئاڵا و رەمزی مەزهەبی و تائیفی بە ئاشکرا لەناو سوپای عێراق دەبینین، لەم دەڤەرەی ئێمە زۆرجار بینومانە شەڕیان بووە و تەقەیان لەیەکتر کردووە**

**تا ئێستا هیچ کێشەمان لەگەڵ حەشدی شەعبی نییە، بەڵام ئەگەر ئەوان لەبیرکردنەوە و زهنییەتیاندا بیانەوێت هێرش بکەنە سەر هەرێمی کوردستان، ئەوا بەدڵنیاییەوە هەمان چارەنووسی داعشیان دەبێت کە لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگە تێکشکێندران**

**لە هەموو دنیا و لە هەر وڵاتێکدا ئەو هێزە چەکدارانەی لە دەرەوەی دامودەزگا و دامەزراوەی شەرعی و یاساییدا بن، دەبنە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر پرۆسەی دیموکراسی و ئاسایشی ئەو وڵاتە، دروستکردنی ئەو هەموو هێزە لە رووی دارایی و ئەو هەموو خەرجییە خۆی لەخۆیدا مەترسی و هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر ئابووری وڵات**

لەگەڵ ئەمەریکاو بەپێی ئەو ڕێککەوتنە وەکو نەخشەڕێگایەك لەسەری دەڕۆین ١- تا ئەو شوێنەی کورد هەبێت و خاکی کوردستان بێت و پێویستییان بەوە هەبێت پێشمەرگەی کوردستان ئەو خەڵکە و خاکە ئازاد بکات، ئێمە ئامادەییمان تێدایە و ئەو کارە دەکەین. ٢- تا ئەوشوێنەی سوپای عێراق پێویستی بە هاوکاری ئێمەیە هاوکارییان دەکەین، ٣- ئێمە لەو نەخشە ڕێگایە لانادەین کە پێشمەرگە لەگەڵ ئەمەریکاو هێزەکانی هاوپەیمانان هەیەتی. لەهەرشوێنێك پێویست بکات هێزی پێشمەرگە ئازادی بکات و بمێنێتەوە و پارێزگاری لێبکات، بەتەئکید ئەنجامی دەدات. سەبارەت بەحەشدی شەعبیش لە هەموو دنیا و لە هەر وڵاتێکدا ئەو هێزە چەکدارانەی لە دەرەوەی دامودەزگا و دامەزراوەی شەرعی و یاساییدا بن، دەبنە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر پرۆسەی دیموکراسی و ئاسایشی ئەو وڵاتە، دروستکردنی ئەو هەموو هێزە لە رووی دارایی و ئەو هەموو خەرجییە خۆی لەخۆیدا مەترسی و هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر ئابووری وڵات، ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان تا ئێستا هیچ کێشەمان لەگەڵ حەشدی شەعبی نییە، بەڵام ئەگەر ئەوان لەبیرکردنەوە و زهنییەتیاندا بیانەوێت هێرش بکەنە سەر هەرێمی کوردستان، ئەوا بەدڵنیاییەوە هەمان چارەنووسی داعشیان دەبێت کە لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگە تێکشکێندران، کێشەو گرفتی شیعە و سوننە کێشەیەکی گەورە و قووڵە ئێستاکەش سوننەکان زۆر زۆر نیگەرانن لە بەشداریکردنی حەشدی شەعبی شیعە، چونکە ئێستا دوو حەشد هەیە حەشدی شیعە و حەشدی سوننە، خەڵکی عەرەبی موسڵ نیگەرانن لە بەشداری حەشدی شیعە، ئەوان پێیانوایە ئەو حەشدە تەنیا دژی سوننەن و سەر بە وڵاتێکی ئیقلیمین. کێشەی ناتەبایی شیعە و سوننە تەنیا لەنێوان هۆزە عەرەبەکانی سوننە و شیعە نییە، لەناو سوپاش ئەو کێشەیە هەیە و دەیان ئاڵا و رەمزی مەزهەبی و تائیفی بە ئاشکرا لەناو سوپای عێراق دەبینین، لەم دەڤەرەی ئێمە زۆرجار بینومانە شەڕیان بووە و تەقەیان لەیەکتر کردووە، تا ئێستا ئەوەی لە حەشدی شیعە دەبینیت و دەیبیستی تاوانیان بەرامبەر سوننەی عەرەب و بگرە کوردیش کردووە، من هەندێك کوردم لەنزیکەوە بینیوە، بۆم دەرکەوتووە کە ئازار و سووکایەتییان پێ کراوە و مامەڵەی زۆر نامرۆڤانەیان بەرامبەر کردوون، بۆیە پێموایە ئەگەر حەشدی شیعە بەشداری بکات لەئازادکردنی موسڵ، شەڕی شیعە و سوننە لە موسڵ روودەدات.

*** سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە میحوەری مەخموور و تێکشکاندنی داعشەکان لە گوندەکان چۆن ئاسانکاری بۆ ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی موسڵ دەکات؟**

- سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە میحوەری مەخموور و گوندەکانی ئەم ناوچەیە سەرەتا لەوەدا بوو کە ئێمە بووینە بنکەیەك بۆ ئازادکردنی ئەو ناحیە و گوندانەی کە بەشێکن لە سنووری پارێزگای موسڵ، تەنانەت لە ئازادکردنی گەیارەدا ئەو هێزەی کە توانی داعشەکان بشکێنێت لە مەخموورەوە پێشڕەوی کرد بەرەو گەیارە، بۆ ساڵێك دەبێت وەك هێزی پێشمەرگەی کوردستان هاوکاری و پاڵپشتی و ئاسانکاری بۆ هێزەکانی سوپای عێراق لەم ناوچەیەدا دەکەین، مەخموور و گوێڕ دیسان کە یەك میحوەرن و ئەو ڕێگایەی لە گوێڕەوە دەردەچێت بەرەو موسڵ دەبێتە میحوەرێکی سەرەکی بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی موسڵ کەواتە ئێستا لە دوو شوێنەوە سوپای عێراق دەتوانێت پێشڕەوی بکات، هەم لە ناحیەی گەیارەوە، هەم لە پردی گوێڕ بۆ ئەوەی بتوانێت هێز بپەڕێنێتەوە و بەرەو موسڵ بڕوات، خاڵی سێیەم بارەگای فرقەی قیادەی نەینەوا کە لە مەخموورە بە قیادەی تەحریر نەینەوا دادەنرێت و چەندین فرقە و سوپای عێراق و بارەگای لیوایان وەکو خەلفی و تۆپخانە و لیوای زرێپۆش لە مەخموورن، واتا مەخموور بنکەیەکی سەربازییە بۆ ئازادکردنی موسڵ، لەلایەکی ترەوە هەرچی ئاوارەی عەرەبی موسڵ هەیە هاتۆتە مەخموور و لە دیبەگە کەمپێکی گەورەیان بۆ کراوەتەوە، ئەمەش ئاسانکارییەکی ترە بۆ خەڵکی ئەم ناوچانە و سوپای عێراقی، بۆیە مەخموور یارمەتیدەر بووە بۆ ئازادکردنی سەرجەم ناوچەکانی پارێزگای نەینەوا و یارمەتیدەریش دەبێت بۆ ئازادکردنی ناو شاری موسڵ.

*** هەر سەبارەت بە ئاوارەکانی پارێزگای نەینەواو خۆئامادەکارییەکان بۆ پێشوازیکردنی لێشاوێکی دیکەی ئاوارەی شاری موسڵ ئەمڕۆ تیمی گوڵان ژمارەیەکی زۆری ئاوارەی عەرەبی بینی کە لەدەست ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی لە گەیارە و ناوچەکانی ترەوە روویان لە شارۆچکەی مەخموور**

**تا ئەو شوێنەی کورد هەبێت و خاکی کوردستان بێت و پێویستییان بەوە هەبێت پێشمەرگەی کوردستان ئەو خەڵکە و خاکە ئازاد بکات، ئێمە ئامادەییمان تێدایە و ئەو کارە دەکەین**

**ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان نابینە بەشێک لەو ململانێ تائیفیەی نێوان هەردوو مەزهەبی سوننەو شیعە هەیە، ئەمە کێشەی ئێمەش نییە، ئێمە خاوەن دۆزێکین پێی دەوترێت دۆزی کورد و کوردایەتی و سەربەخۆیی**

**ئێمە وەک کورد بەشێک نین لە کێشەی مەزهەبی و ئێمە نەتەوەیەکین لە ناوچەکەدا کە تا ئێستا لە پێناوی ناسنامەی نەتەوەیی خۆمان خەبات دەکەین، چونکە نەبووینەتە خاوەنی کیانێکی سەربەخۆ و دەوڵەتی خۆمان کە بە خۆمان بە شایستەی بەدەستهێنانی دەزانین**

**کردبوو. ئایا ئێوە لە ڕووی ئەمنییی ناوچەکە و لایەنی مرۆییەوە چۆن ئامادەکاری بۆ کۆنترۆڵی ئەو بارودۆخە دەکەن؟**

- هاتنی بە لێشاوی ئاوارە بۆ هەرێمی کوردستان کە خۆی لە دۆخێکی دژواری دارایییدایە بۆتە هۆی ئەوەی بارودۆخەکە ئابوورییەکە قورستر بێت، تەنانەت مەترسیی ئەمنیشیان هەیە بۆ هەر ناوچەیەك کە ڕووی تێبکەن، بەڵام ئاوارەکان ناتوانن تاسەر لەناوچەکەماندا بمێننەوە، چونکە کەمپەکانمان بە شێوەیەکی کاتی بۆ داناون، ئێستاکەش لەهەوڵی ئەوەداین لەمەودوا کەمپ لە سنووری هەرێمی کوردستان دروست نەکەین، بەڵکو لەهەوڵی ئەوەداین ئاوارەکان بچنە ئەو ناوچانەی کە کەمپی نوێیان لێ دروست دەکرێت لەو ناوچانەی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان کە ئێستا ئازاد دەکرێت، وەکو لە گەیارە و حاجی عەلی کە نزیکەی ٢٠ کیلۆمەتر لە سەنتەری مەخموورەوە دوورە لە ئێستادا و سەرقاڵی دروستکردنی کەمپین لەو ناوچانە. لە ڕاستیدا ئەم ناوچانەش پێشتر خاکی کوردستان بووە و کەوتۆتە بەر شاڵاوی تەرحیل و تەعریبی شاڵاوی حکومەتی مەرکەزی کە بە شێوازی جۆراوجۆر و قۆناغ بە قۆناغ ئەو ناوچانەی تەعریب کردووە، تا وای لێهاتووە تەنانەت یەك ماڵە کوردی تێدا نەماوە، بەڵام ناوی دێهاتەکانی ئەم ناوچانە هەر بە کوردی ماوەتەوە وەکو دێهاتەکانی: ( هۆمەراوە و کەرمردی و عەلی ئاوا و زۆڕنا و دۆرەنجێو و ...هتد). چۆڵکردنی ماڵە کوردەکان لەم ناوچەیە بە پرۆسەو چەند میکانیزمێك بووە لە وانە هەندێکی لە ڕێگەی دەرکردن و فشارەوە بووە، هەندێکیشی لە ڕێگەی کڕینەوەی زەوی و خاکەکەوە بووە، هەر بۆیە ئەم ناوچانە تا دەچێتە سەر ڕووبارەکە کوردستانین و کوردستان بووە، بەڵام ئێستا بوونەتە ناوچەی عەرەب نشین و عەرەبستان.

*** هەر سەبارەت بە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنەوەی موسڵ، ئایا هێزی پێشمەرگە تاچەند ئامادەکاریی تێدایە لەو شەڕە بەشدار بێت، بەتایبەتی لەمیحوەری مەخموورەوە؟**

- دوای ئەوەی گەیارە ئازادکرا، ناوچەکانی زاب و شەرگات و دەشتی قەڕاج و گوندە عەرەبەکان ماوە، بەڵام بۆ ئازادکرنی موسڵ، ئەم میحوەرەی ئێمە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئازادکردنەوەی نییە، بەڵام ئەگەر داوامان لێبکرێت، ئەوا دەتوانین لە پردی گوێڕ بپەڕینەوە و بەشدار بین لەو ئۆپەراسیۆنە، دەشتوانین لەسەر خەتی خۆمان ئەو ناوچانە پاك بکەینەوە کە تا ئێستا داعشی تێدایە، وەك قەرەچوخ و ناوچەکانی دیکە. چونکە سەرتاسەری بەرەکانی میحوەری ئێمە داعشی تێدایە و سوپای عێراقی تەنیا لەسەر ڕێگا سەرەکییەکان ڕۆیشتووە بەرەو گەیارە و دەستە ڕاست و چەپی بەجێهێشتووە و پاکی نەکردۆتەوە. خۆ ئەگەر پرۆسەکەش دەستی پێکرد، ئەگەر جەنابی سەرۆك فەرمان بدات، ئەوا ئەو ناوچانەی خۆمان ئازاد دەکەینەوە و خۆ ئەگەر داواشمان لێبکرێت بەشدار بین لە شەڕی ئازادکردنی موسڵ- کە هێشتا دیار نییە دەچینە ناو شار، یان نا، ئەوا بەشدار دەبین.

*** گرنگترین ڕێککەوتنی سەربازی کە ئەمساڵ واژۆ کرا، پرۆتۆکۆڵی لێکتێگەیشتن لەنێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو. وەکو فەرماندەیەکی سەربازی چۆن سەیری بایەخی ئەم ڕێککەوتنە دەکەیت؟**

دەوڵەت سێ پایەی سەرەکی هەیە کە بریتین خاك و خەڵك و دەوڵەت و سیادەی؛ ئێمە خاك و خەڵکمان هەیە و لە دەوڵەت و سیادە یەك کێشەمان هەیە کە ئیعترافکرنی نێودەوڵەتی و نێونەتەوەییە بەو دەوڵەتەی کە ڕایدەگەیەنین، هەربۆیە ئەو جۆرە ڕێککەوتننامانە بۆ ئێمە گرنگن، چونکە جۆرێکە لەدانپێدانان بە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستاندا، ئەمەش دوای ئەوەی تا ڕادەیەکی باش هەرێمی کوردستان توانی سەربەخۆ بێت، لەم ڕوانگەیەوە ڕێککەوتنی نێوان وەزارەتی پێشمەرگەو پێنتاگۆن کە وەزارەتی بەرگری گەورەترین وڵاتی زلهێزی جیهانە، کاریگەری زۆری لەسەر ململانێی سیاسی و ئابووری و سەربازی هەیە گرنگی و تایبەتمەندێتی خۆیشی هەیە بەوەی جۆرێکە لە شەرعییەتدان بە هەرێمی کوردستان وەکو کاراکتەرێکی فەرمی لە ناوچەکە کە ئەگەر دەوڵەتیش نەبێت، بەڵام لەشێوەی دەوڵەتێکدایە، چونکە ئەو جۆرە ڕێککەوتنە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان مەسەلەیەکی ئەوەندە سادە نییە و ئەمە گرنگی خۆی هەیە و دەستکەوتێکی گەورەیە، یارمەتیدانی لەشکری پێشمەرگەی کوردستانیش لە ڕووی داراییەوە کە لە ڕێککەوتننامەکەدا هاتووە، ئەمەش دەستکەوتێکی ترە و کاریگەری لەسەر مەعنەوییاتی پێشمەرگەش هەبووە.

**ئێستاکەش دەرفەتێکی باشە بۆ گەلی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆ پێویستە یەکریز بین و کێشەکانی ناوخۆ چارەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی مەسەلەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی بەدی بێت، بە پێچەوانەوە بەفیڕۆدانی ئەو دەرفەتە دەبێتە هۆی چاوەڕوانی دەیان ساڵی تر، ئەویش ئەگەر دەرفەتێکی دیکەمان بۆ بێتە پێشەوە**

**داعش لە هەر کوێ بێت، ئێمە بە دوژمنی خۆمانی دەزانین و هەر وڵات و لایەنێکیش شەڕی ئەو تیرۆرستانە بکات بە دۆستی خۆمانی دەزانین و ئامادەشین دەستی هاوکاری بۆ درێژ بکەین**

**تا ئێستا هەرێمی کوردستان و عێراق ڕێککەوتنێکیان لە نێوانیاندا نییە بۆ بەڕێوەبردنی موسڵی دوای داعش، کە پێش داگیرکردنیشی لەلایەن داعشەوە ئێمە کۆمەڵێك کێشەی سیاسی و ئیداریمان لەگەڵ ئیدارەی موسڵ و تەنانەت لەگەڵ حکومەتی ناوەندی هەبووە لەسەر شێوەی ئیدارەدانی موسڵ**

# ئایا تورکیا هاوپەیمانی ئەمەریکایە لە دژی داعش؟

ئەوەی جێی سەرسوڕمانی هەر کەسێکە ئەوەیە کە چۆن وڵاتێك کە بەم دواییە لە کودەتایەکی خوێناوی و چەندین هێرشی تیرۆریستی رزگاری بوویێت، ئێستا بێتو دەست بداتە دەستێوەردانی سەربازی بۆ سەر دەوڵەتێکی دراوسێی، بەڵام تورکیا دەقاودەق ئەم کارەی کردووە!

لە کاتژمێرەکانی سەرەتای رۆژی چوارشەممەدا، تورکیا تانك و فڕۆکە سەربازییەکانی بەرەو سنووری سووریا جووڵەپێکرد، ئەویش لە چوارچێوەی هەڵمەتێکدا و بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەو چەکدارە موعارەزە سوورییانەی کە لەلایەن رۆژئاواوە پشتگیریان لێدەکرێت بۆ گرتنەوەی شارۆچکەی جەرابلوس، کە دوایین مۆڵگەی بەهێزی داعشە لەسەر سنووری تورکیا و بەم دواییە وەزیری دەرەوە بەڵێنی ئەوەی دا کە لەو گروپە سەربازییە پاك دەکرێتەوە، بەڵام پێدەچێت ئۆپەراسیۆنەکە پتر بە ئامانجی ئیحتیواکردنی تموحی کوردی سوریا بۆ بەرفراوانکردنی خاکەکەیان بێت، کە تورکیا بە دوژمنی سەرەکیی خۆی دەزانێت لە سوریادا.

تورکیا یەکینەکانی پاراستنی گەل، کە گروپێکی سەربازی کوردی سووریان، بە درێژکراوەی پارتی کرێکارانی کوردستان- کە پارتێکی قەدەغەکراوە- دەزانێت، ئەو گروپە سەربازییەی بۆ چەندین دەیەیە شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا دەکات. ئەوە راستە کە پێوەندییە نزیك لە نێوان ئەو گروپانەدا هەیە، بەڵام ئەوەش راستە کە بەم دواییە یەپەگە بۆتە کاراترین هاوپەیمانی واشنتۆن کە لەسەر زەوی شەڕی داعش بکات لە سووریا.

تورکیا نیگەرانە لەوەی کورد، بەو پشتیوانی ئاسمانییەی ئەمەریکا بۆی دەستەبەر دەکات، بەرەو رۆژئاوای- ئەو وڵاتە- پێشڕەوی بکەن لە شەڕەکەیاندا لە دژی داعش، کە بەو شێوەیە دەتوانن راڕەوێك دروست بکەن بە درێژایی سنووری تورکیا کە لە عێراقەوە بەرەو دەریای ناوەڕاست درێژ ببێتەوە. کۆنترۆڵکردنی ئەو خاکانە دەبێتە هۆی زیندووکردنەوەی خەونی جوداخوازی لە نێو کوردی تورکیادا. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە حکومەتی تورکیا فشاری لەسەر ئەمەریکا دروست کرد بۆ ئەوەی هاوکارییەکانی لەگەڵ یەپەگەدا بوەستێنێت. ئەنقەرە بڕیاری دا کە ئۆپەراسیۆنێك بە سەرکردایەتی تورکیا بۆ گرتنەوەی ئەو شارۆچکە سنوورییە ئەنجام بدات کە رێگری دەکات لە هەر هێرشێك کە لەلایەن هێزە کوردییەکانەوە ئەنجام بدرێت.

ئەمەریکا نەك تەنیا پشتیوانی خواستی تورکیای کرد بۆ جڵەوکردنی کوردی هاوپەیمانی واشنتۆن، بەڵکو بە ئاشکرا بەیاننامەیەکی نائاسایی لەسەر یەپەگەی هاوپەیمانی دەرکرد، لە هەمان رۆژی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکەدا. جێگری سەرۆکی ئەمەریکات جۆزێف بایدن، کە بە سەردانێك لە تورکیا بوو لە رۆژی چوارشەممە، هۆشداریدا لەوەی کە ئەمەریکا پشتیوانییەکانی بۆ کورد رادەگرێت، ئەگەر بێتو ئەوان داواکاری ئەنقەرە بۆ کشانەوە بۆ ناوچەی رۆژهەڵاتی رووباری فورات جێبەجێ نەکەن.

کەواتە رەنگە ئەم ئۆپەراسیۆنە هاوبەشە، هەروەها تەئکیدکردنەوەی ئەمەریکا بەوەی کورد لەوبەری رووبارەکە دەمێننەوە، ببنە هۆی خاوکردنەوەی گرژییەکانی پەیوەست بە داواکانی تورکیا بۆ رادەستکردنەوەی فەتحوڵا گولەن، ئەو پیاوە ئایینییەی کە لە پەنسلڤانیا دادەنیشێت و تورکیا بەوە تۆمەتباری دەکات کە لە پشتی رێکخستنی کودەتا شکستخواردووەکەی مانگی رابردووەوە بوو. بەڵام رەنگە ئەمە سیاسەتێکی کورتبینانە بێت. چونکە دەستبەرداربوون لە کورد و هاندانی تورکیا بۆ دەستێوەردان لە سووریادا تەنیا دەبێتە هۆی ئاڵۆزکردنی شەڕی ئەمەریکا لە دژی داعش.

جووڵەکردنی تورکیا بەرەو سووریا هەڵگری مەترسییەکی جددییە بەوەی ئەگەری ئەوە هەیە بە تێپەڕبوونی کات ئامانجەکانی هەڵمەتە سەربازییەکە بگۆڕێن و لە دەرئەنجامدا پابەندبوونی درێژخایەن و پلان بۆ دانەنراوی لێبکەوێتەوە. چونکە پێناچێت

**ئەمەریکا لە ئێستادا رووبەڕووی تەنگژەیەک بۆتەوە، لەلایەکەوە، پێویستی بەوەیە بەردەوام دەستی بە بنکەی ئاسمانی ئەنچەرلیک لە تورکیا رابگات، کە بنکەیەکی سەرەکییە لە شەڕی دژ بە داعشدا. هەروەها پێویستی بەوەیە تورکیا رێگری لە جیهادیە شەڕکەرەکان بکات بۆ ئەوەی بە خاکی ئەودا نەچنە سووریا و بە پێچەوانەشەوە، لەلایەکی دیکەشەوە، ئەمەریکا پێویستی بە کوردی سووریا هەیە بۆ بەردەوامیدان بە شەڕی دژ بە داعش لە سووریادا**



گونول تول*– نیویۆرک تایمز

* توێژەری باڵا لە ئامۆژگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تایبەتمەند لەسەر سیاسەتی تورکیا و کورد و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

تورکیا پاشەکشە بکات ئەگەر بێتو یەپەکە نەکشێتەوە بۆ رۆژهەڵاتی روباری فورات. کەواتە لە حاڵەتی پاشەکشەنەکردنی کورددا ئەوا ئەگەرێکی راستەقینە دێتەئاراوە بە روودانی پێکدادانی راستەقینە لە نێوان ئەو دوو هاوپەیمانە گرنگەی واشنتۆن.

میلیشیا کوردییەکان وەك باشترین هاوپەیمانی واشنتۆن دەمێننەوە لەسەر زەوی. ئەگەر سەرنج لە رابردوویان بدەین، ئەوا ئەو چەکدارانەی موعارەزەی سووریا کە لەلایەن رۆژئاواوە پشتیوانی دەکرێن، ئەگەری ئەوەیان لێناکرێت بتوانن پارێزگاری لەو شارۆچکەیە بکەن کە لە سنووری تورکیادا دەستیان بەسەردا گرتووە. هەروەها بەهۆی کەمبوونەوەی تواناکانی لە دوای کودەتا شکستخواردووەکەوە، ئەوا رەنگە سوپای تورکیاش نەتوانێت لە ئاست ئەم ئەرکەدا بێت. لە سەروەختی کودەتاکەدا، حکومەتی تورکیا بە هەزاران کارمەندی سەربازی لەکار لاداوە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی سوپا لاوازتر بێت و پتر لێکترازاو بێت.

ئەمەریکا لە ئێستادا رووبەڕووی تەنگژەیەك بۆتەوە، لەلایەکەوە، پێویستی بەوەیە بەردەوام دەستی بە بنکەی ئاسمانی ئەنچەرلیك لە تورکیا رابگات، کە بنکەیەکی سەرەکییە لە شەڕی دژ بە داعشدا. هەروەها پێویستی بەوەیە تورکیا رێگری لە جیهادیە شەڕکەرەکان بکات بۆ ئەوەی بە خاکی ئەودا نەچنە سووریا و بەپێچەوانەشەوە، لەلایەکی دیکەشەوە، ئەمەریکا پێویستی بە کوردی سووریا هەیە بۆ بەردەوامیدان بە شەڕی دژ بە داعش لە سووریادا.


بۆ دەرچوون و دەربازبوون لەم تەنگژەیە، پێویستە واشنتۆن فشار لەسەر حکومەتی تورکیا دروست بکات بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ گفتوگۆکانی ئاشتی لەگەڵ کوردی وڵاتەکەیدا، کە لە هاوینی رابردوودا ئەو گفتوگۆیانە هەرەسیان هێنا. هەوڵی کودەتاکەی ئەم دواییە هیچ لایەکی ناکۆکییەکەی ناچار نەکرد، پێداچوونەوە بە ستراتیژیەتی هەڵکشاندنی بارودۆخەکەدا بکەن. حکومەتی تورکیا پارتە کوردییەکەی لە بەشداریکردن لەو هەوڵانەدا بێبەشکرد کە هێنانەدی یەکێتیی نیشتیمانی خرانەگەڕ و سوپای تورکیا و چەکدارە تورکەکان بەردەوام بوون لە شەڕکردن لەدژی یەکتر لە باشووری رۆژهەڵاتی وڵاتەکەدا. ئەگەر تورکیا نەتوانێت چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ کێشەی کورد بێنێتەدی، ئەو کاتە کوردی سووریا بە هەڕەشەیەکی وجوودی دەزانێت لەسەر خۆی و بەردەوام دەبێت لەسەر هێرشکردنە سەر یەپەگە، بەمەش هەوڵەکانی ئەمەریکا لە دژی داعش لاواز دەکات. بۆ ناچارکردنی تورکیاش بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە سەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ کورددا، دەبێت لە بەرامبەردا ئەمەریکا چەند شتێك بە تورکیا ببەخشێت: داواکاری ژمارە یەکی تورکیا بریتییە لە دەستبەجێ رادەستکردنەوەی بەڕێز گولەن. کە جێبەجێکردنی ئەم داواکارییەش سەختە. رادەستکردنەوە پرۆسەیەکی یاسایی و تەکنیکی دوور و درێژە.

بەڵام پێویستە لە بری ئەوە ئەمەریکا شەراکەتێکی سەربازی نزیکتر بخاتەبەردەم تورکیا. ماوەیەکی زۆرە تورکیا دەیەوێ فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی شەڕکەر لە ئەمەریکا بکڕێت، کە ئەمە خواستێك بووە لەلایەن کۆنگرێسەوە بەرهەڵستی کراوە. هەروەها تورکیا خواستی ئەوەی هەبووە هاوکاری لەگەڵ واشنتۆندا بکات لە بواری تەکنەلۆجیای بەرگری. بە کارکردن لە نزیکەوە لەگەڵ تورکیا لەسەر ئەم بابەتانە، ئەوا ئەمەریکا دەتوانێت هەندێ لە نیگەرانییە ئەمنییەکانی تورکیا کەم بکاتەوە و ئەوە پیشانی حکومەتی تورکیا بدات کە پابەندە بە ئاسایشی ئەو وڵاتەوە. رەنگە ئەمەش ئەو دەستڕۆیشتووییە بداتە واشنتۆن بۆ ئەوەی قەناعەت بە ئەنقەرە بکات تاوەکو هەنگاو هەڵبگرێت بۆ ئەوەی کێشەی کوردی وڵاتەکەی چارەسەر بکات. ئەوەش دەبێتە هۆی لابردنی فاکتەرێکی گەورەی نارەحەتکەر لە پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمەریکادا و بوار دەدات هەردوولا تەرکیز لەسەر نیگەرانییە گەورەکەیان بکەنەوە کە بریتییە لە شەڕی دژ بە داعش.

**ئەگەر تورکیا نەتوانێت چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ کێشەی کورد بێنێتەدی، ئەو کاتە کوردی سووریا بە هەڕەشەیەکی وجوودی دەزانێت لەسەر خۆی و بەردەوام دەبێت لەسەر هێرشکردنە سەر یەپەگە، بەمەش هەوڵەکانی ئەمەریکا لە دژی داعش لاواز دەکات**

# کاتێک حزبەکان جێگەی دەوڵەت دەگرنەوە

## دیموکراتیەت بێ مانا دەبێت و کێشەکانی کۆمەڵگەی پێ چارەسەرناکرێت



**«کاتێک ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٣ رژێمی سەدام حوسێن-ی گۆڕی، عێراق وڵاتێکی بێ سەرکردە بوو، بەڵام ئەمریکا نەیتوانی عێراق لە دەوڵەتێکی دیکتاتۆرییەوە بگوازێتەوە بۆ دەوڵەتێکی هاوچەرخی بەهێز، لەبری ئەمە، ئەمریکا هەوڵیدا رژێمێکی دیکتاتۆری وەرچەرخێنێت بۆ سیستمێکی دیموکراتی و لەو پێناوەشدا جیا لەوەی قوربانییەکی زۆری دا، پارەیەکی هێجگار زۆریشی خەرج کرد، لەم پرۆسەیەدا ئەمریکا توانی هەڵبژاردن وەک رووداوێک لە چەند ساڵ جارێک لە عێراقدا دووبارە بکرێتەوە و سەرکردەکان جۆرێک لە شەرعییەتی هەڵبژاردنیان هەبێت، بەڵام ئەمە نەبووە هۆکاری ئەوەی عێراق ببێتە دەوڵەتێکی سەرکەوتووی سەقامگیر، بەڵکو بووە دەوڵەتی دەستەبژێرێکی سیاسیی گەندەڵ وەک ئەوەی ئێستا زانایانی سیاسەت ناویان لێناوە (دەوڵەتی دەستەبژێری گەندەڵ، یان دەوڵەتی پەتریمۆنیاڵی تازە). ئەم نموونەیە پێمان دەڵێت: کێشەی بونیادنانەوەی دەوڵەت ئەوە نییە چۆن وەرچەرخان دروست دەکەیت لە دیکتاتۆریەتەوە بۆ دیموکراتی، بەڵکو ئەرکی گرنگ و سەرەکی ئەوەیە چۆن لەسەر ژێرخانی دەوڵەتێکی دیکتاتۆری، دەوڵەتێکی هاوچەرخی بەهێز بونیاد دەنرێتەوە، کێشەی لەمە گەورەتر لە پرۆسەی وەرچەرخان لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراتی ئەوەیە کە دەوڵەت بگۆڕیت بۆ دەوڵەتی دەستەبژێرێکی گەندەڵ، لەم حاڵەتەدا ئیدی دیموکراتی لە پیادەکردنی ئەرکەکانی شکست دەهێنێت و ناتوانێت وەڵامدەرەوەی خواستی هاووڵاتیانی بێت، هەر بۆیە وەرچەرخان لە دەوڵەتێکی دیکتاتۆرییەوە بۆ دەوڵەتێکی هاوچەرخ زۆر ئاسانترە لە وەرچەرخان لە دەوڵەتێکی دەستەبژێری گەندەڵەوە بۆ دەوڵەتێکی هاوچەرخ، ئەمەش پێمان دەڵێت: کێشەی سەرەکی لە عێراقدا دیموکراتی نییە، بەڵکو نەبوونی دەوڵەتێکی هاوچەرخی بەهێزە)**

- **فرانسیس فۆکۆیاما مارتی ٢٠١٦**
- **لە کورێکدا کە ئەکادیمیای ئەمریکی لە بەرلین بۆیان رێکخستبوو.**

### ● حزبی سیاسی وەك ئاستەنگێگ بۆ دەوڵەت و پەکخستنی دیموکراتی

لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥ جۆرناڵی دیموکراتی بابەتێکی بە ناونیشانی: (ئایا دیموکراتی لەناو داکشانی تەواودایە؟— Is Democracy in decline?) بڵاوکردەوە، ئەم ناونیشانە بۆ جۆرناڵێکی بەناوبانگی وەك (جۆرناڵی دیموکراتی) مانای ئەوەیە، دیموکراتی لەسەرانسەری جیهان لەناو تەنگژەیەکی کەم وێنەدایە، ئەمەش نەك تەنیا لە وڵاتانی تازەپێگەیشتووی قۆناخی وەرچەرخان بەرەو دیموکراتی، بەڵکو لە وڵاتانی پێشکەوتووی رۆژئاواشدا بە یەکێتی ئەورپا و ئەمریکاشەوە.

فرانسیس فۆکۆیاما کە دووبەرگی کتێبە تازەکانی لە ٢٠١١ و ٢٠١٤ بە ناونیشانی: (بنەچەی سیستمی سیاسی و لەبەریەك هەڵوەشانی سیاسی) بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە نووسیوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە دەستەبژێری ناو حزبە سیاسییەکان لەناو پرۆسەی دیموکراتی دەوڵەتانی پێشکەوتووی رۆژئاوا و هەروەها دەوڵەتانی تازە پێگەیشتووش، چەمکی دەوڵەتی هاوچەرخیان گۆڕیوە بۆ دەوڵەتی دەستەبژێری حزبەکان و گروپەکانی خاوەن بەرژەوەندی گەورە،



بۆیە کاتێك دەوڵەتی هاوچەرخی بەهێز، بوونی نەبوو، ئەوا دیموکراتی لە پیادەکردنی ئەرکەکانی و وەك سیستمێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە شکست دەهێنێت. ئەمەش بەو مانایە نییە کە هۆکاری سەرنەکەوتنی دیموکراتی ئەوەیە کە لە وڵاتەکەدا هەڵبژاردنی ئازاد و پاك بوونی نییە، یان فرەحزبی و ئازادی بیروڕای سیاسی بوونی نییە، بەڵکو هۆکاری سەرەکی شکستی دیموکراتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەوڵەتی بەهێزی هاوچەرخ بوونی نییە.

فۆکۆیاما بۆ شرۆڤەی چەمکی دەوڵەتی بەهێز، دەگەڕێتەوە بۆ بنەچەی سیستمی سیاسی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، بۆ ئەمەش بنەمای دەوڵەت کە توانای هەبێت خاکەکەی بپارێزیت، دەگێڕێتەوە بۆ دەوڵەتی چین، ئەمەش بەو مانایەی دەوڵەتی چین لە ماوەی ٢٠٠٠ساڵی رابردوودا یەکەمین نموونەی دەوڵەت بووە کە توانیویەتی هێز بەرهەم بهێنێت و هێزیش بەکاربهێنێت بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەکانی دەرەوە و ناوەوە بۆ پاراستنی خاکەکەی، بۆیە دەکرێت دەوڵەتی چین وەك بونیادی یەکەمین دەوڵەتی بەهێز لە جیهاندا پێناسە بکرێت، بەڵام جیاوازی نێوان دەوڵەتی بەهێز و دەوڵەتی هاوچەرخی

بەهێز ئەوەیە، لە دەوڵەتی بەهێزی تەقلیدیدا هیچ دامەزراوەیەك نییە كە بەكارهێنانی هێز لەلایەن دەوڵەتەوە سنووردار بكات، بەڵام لە دەوڵەتی هاوچەرخی بەهێزدا سێ بنەمای سەرەكی دەبێت ڕەچاو بكرێن كە بریتین لە:

● لە دەوڵەتی هاوچەرخی بەهێزدا، دەوڵەت توانای بەرهەمهێنانی هێز و شەرعییەتی بەكارهێنانی هێزی هەیە بۆ پاراستنی خاكەكەی لە دەستدرێژی دەرەكی و ناوەكی.

● لەم دەوڵەتەدا دامەزراوەی سەروەریی یاسا بوونی هەیە و شەرعییەتی بەكارهێنانی هێز لەلایەن دەوڵەتەوە سنووردار دەكات.

● لە دەوڵەتی هاوچەرخی بەهێزدا بەرپرسیاریەتی دیموكراتی هەیە، ئەمەش بە مانای بوونی هەڵبژاردنی ئازاد و پاك، فرەحزبی، ئازادیی بیروڕای سیاسی لە چوارچێوەی یاساكانی دەوڵەتدا.

لەم جۆرە دەوڵەتەدا بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندی تایبەتی تێكەڵی یەكتری ناكرێت، بۆیە ئەو حزبانەشی كە بەشداری هەڵبژاردن دەكەن و ململانێی سیاسی دەكەن بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، بەرژەوەندی گشتی تێكەڵی بەرژەوەندی حزبی و كەسی خۆیان ناكەن، ئەمەش وادەكات هەم حزبە سیاسییەكان لە ئەركی نوێنەرایەتیكردنی دەنگدەرەكانیان سەركەوتوو بن، هەمیش دیموكراتیش لە پیادەكردنی ئەركەكانی سەركەوتوو بێت و ئەو حكومەتە دیموكراتیەشی لە ئاكامی ئەم پرۆسەیە دێتەئاراوە دەتوانێت خزمەتگوزارییە سەرەكییەكان بۆ كۆمەڵگە دابین بكات و توانای چارەسەركردنی كێشەكانی كۆمەڵگەشی دەبێت. بەڵام كاتێك حزبە سیاسییەكان و گروپی بەرژەوەندیی گەورە، ناوەڕۆكی دەوڵەتی هاوچەرخ بەتاڵ دەكەنەوە، ئەوا دیموكراتی شكست دەهێنێت، هەروەك چۆن ئێستا دیموكراتی لە سەرانسەری جیهاندا لەناو تەنگژەیەكی گەورەدا دەژی.

سەبارەت بە بەتاڵكردنەوەی ناوەڕۆكی دەوڵەتی هاوچەرخ، فۆكۆیاما دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاكردنەوەیەی كە ماكس ڤایبەر بۆ دەوڵەتی كەسی (Personal state) لەگەڵ دەوڵەتی خەڵك (Impersonal State) كردوویەتی، دیارە لە دەوڵەتی كەسیدا، پادشا خۆی بە خاوەنی دەوڵەتەكە دەزانێت، ئەمەش لە زانستی سیاسەتدا پێی دەگوترێت: دەوڵەتی پەتریمۆنیاڵ (patrimonial state)، كە تیایدا جیاكردنەوەی بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندی تایبەت بوونی نییە، بۆیە زۆر ئاسایی بووە پادشایەك شارێك بكاتە دیاری كچەكەی لە ئاهەنگی بووكێنییەكەیدا، بەڵام پاش ئەوەی دەوڵەتی كەسی بوونی نەماوە و دەوڵەتی خەڵك بووە مۆدیل، ئیدی كەس زاتی ئەوەی نەكردووە بڵێت: خۆم خاوەنی دەوڵەتم، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی كات و وەرچەرخانی دیدگای دەستەبژێری حزبە سیاسییەكان بۆ گەندەڵی و دەوڵەمەندبوون، ئەم دەستەبژێرە دەوڵەتیان وەك ئامێرێك بۆ مەبەستە سیاسییەكانی خۆیان بەكار هێناوە، ئەمەش بۆتە هۆكاری ئەوەی لەبری ئەوەی تەنها یەك كەس خۆی بكاتە خاوەنی دەوڵەت، دەستەبژێرێكی سیاسیی ناو حزبەكان دەبنە خاوەنی دەوڵەت و حكومەتیش دەبێتە وەڵامدەرەوەی خواستی حزبە سیاسییەكان و ئەو گروپانەی بەرژەوەندی بووە، كە لینكی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ حزبەكاندا هەیە، لەمەش زیاتر پەرلەمانتاران لەژێر كاریگەری حزبەكانیان و لۆبی گروپی بەرژەوەندی، ئەوەندەی یاسا بۆ حزب و بەرژەوەندییە حزبییەكان دەردەكەن، هێندە وەڵامی خواستی خەڵك نادەنەوە، ئەم جۆرە تازەیەی دەوڵەت زانایانی بواری سیاسەت ناویان لێناوە دەوڵەتی دەستەبژێری تازە(patrimonial state new)، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر پێشتر لەدەوڵەتی كەسیدا، دەوڵەت بریتی بوبێت لەبەرژەوەندی یەك تاكەكەس، ئەوا لەدەوڵەتی دەستەبژێری تازەدا، دەوڵەت بریتییە لە بەرژەوەندی حزبە سیاسییەكان و گروپەكانی بەرژەوەندی، ئەمەش وادەكات كە چیدیكە دیموكراتی وەك سیستمێك بۆ وەڵامدانەوەی خواستی خەڵك نەتوانێت ئەركەكانی پیادە بكات و دەبێت بە ئامێرێك بەدەستی حزبە سیاسییەكانەوە.

● **حزبە سیاسییەكان و بێ ماناكردنی چەمكی دەوڵەت و دیموكراتی**

ئەگەر هەتا ساڵی ١٩٩٠ تەنیا بە پێناسەی ویستفالیا سەروەری دەوڵەت پێناسە كرابێت و دەوڵەت تەنیا بریتی بووبێت لەو دەوڵەتانەی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دانی بە سنوورەكانیاندا نابێت، ئەوا لەدوای ساڵی ١٩٩٠ ـەوە، بەهۆی بارودۆخی شەڕ و لەبەریەك هەڵوەشانەوەی یەكێتی سۆڤیەتی پێشوو، كۆمەڵێك كیانی سیاسی دروست بوون كە وەك دەوڵەتی ئەمری واقیع پێناسە دەكرێن و ناویان لێنراوە (دەوڵەتی دانپێدانەنراو — Unrecognizing states )، دیارە باشووری كوردستانیش لەناو ئەم پێناسەیەدا جێگەی دەبێتەوە و ئێستا لە دواقۆناخی دانپێدانانی نێودەوڵەتی و بەدەستهێنانی سەروەریی تەواودایە.

**ئەركی حزبی سیاسی وەک حزبێكی دیموكراتی لە دوای دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەییەوە دەست پێدەكات و ململانێی حزبی بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات لەناو دەوڵەتە نەتەوەییەكەدا گەشە دەكات و لە ڕێگەی نوێنەرایەتیكردنی خەڵكەوە سیستمی سیاسی لە چوار چێوەی دەوڵەتەكەدا دەگۆڕێت، بەڵام ئەوەی كە نەگۆڕ و چەسپاوە دەوڵەتەكەیە كە هیچ لایەک ناتوانێت بیگۆڕێت**

**گرنگە چەمكی دەوڵەت و حزب لە یەكتری جیابكەینەوە، لەمەش زیاتر دەبێت ڕاشكاوانە دەست بخەینە سەر ڕاستییەكان، بەوەی حزبی سیاسی لە قۆناخی دروستكردنی دەوڵەتی نەتەوەییدا، نابێت ئەو مافە لە خەڵک زەوت بكات و لە بری خەڵک قسە لەسەر پرسی دەوڵەت بكات**

لەناو ئەم دەوڵەتە دانپێدانەنراوەدا کە کوردستانە، حزبە سیاسییەکان بێ ئەوەی هەست بە بەرپرسیاریەتی ئەوە بکەن کە دەوڵەتی دانپێدانەنراوی کوردستان دەوڵەتی خەڵکە، نەك دەوڵەتی حزبە سیاسییەکان، دەبینین زۆر بێ باکانە یاری بە چەمکی دەوڵەتی کوردستان دەکەن و بە ئاشکرا حزبی سیاسی هەیە دەڵێت: من خاوەنی ئەم ناوچەیەی کوردستانم و ئەم ناوچەیەی کوردستان نابێتە بەشێك لە دەوڵەتی کوردستان، یان لەم ناوچەیەی کوردستاندا ئەو حزبە سیاسیە هەرجۆرە تەسەروفێك بە کاروباری ئەو ناوچەیە بکات، دەبێت چاوپۆشی لێبکرێت، لەبەر ئەوەی زۆنی خۆیەتی، ئەمەش بە مافی شەرعیی خۆی دەزانێت و بەرژەوەندی حزب سەرووتر لە بەرژەوەندی دەوڵەت سەیردەکات، لە هەمانکاتیشدا باس لە چەمکی دیموکراتی و ژیانی دامەزراوەیی و سەروەریی یاسا دەکات، کە هەر خودی ئەو حزبە سیاسییانە چەمکی دەوڵەتیان لە ماناکانی بەتاڵ کردۆتەوە، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی لەبری ئەوەی حزبە سیاسییەکان ببنە فاکتەرێکی بەهێز بۆ بونیادنانی دەوڵەتی کوردستان و رێکخستنەوەی سیستمی دیموکراتی لە کوردستاندا، خۆیان بوونەتە ئاستەنگ لەبەردەم دەوڵەتی کوردستان و پەکخستنی دیموکراتی لە پیادەکردنی ئەرکەکانی و چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگەدا.

بۆیە لەم روانگەیەوە ئەگەر سەیری ئەو پرۆسە سیاسییەی کوردستان بکەین کە حزبەکان بەمجۆرە بەرەو ئاراستەیەکی خراپی دەبەن، بە ئاشکرا هەست دەکرێت، هەموو شتێك تەنیا لە چوارچێوەی بەرژەوەندی حزبە سیاسییەکاندا چڕبۆتەوە و ماناو چەمکی دەوڵەت و دیموکراتی بەپێی بەرژەوەندی حزبەکان پێناسە دەکرێت و قسەوباسی لەسەر دەکرێت، لەمەش خراپتر، هەر لە چۆنیەتی کاندیدکردنی کاندیدەکانیان بۆ پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران تا دەگاتە ئەنجومەنی پارێزگاکان و تەنانەت رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش، ئەو پۆستانە لەلایەن حزبەکانەوە کراون بە ئامێرێك بۆ سیاسەتکردن و لە چوارچێوەی ئاڵوێری «پشتگیریم بکە و دەنگم پێبدە. پۆستەکانت پێ دەبەخشم» مامەڵەی سیاسی پێوەدەکرێت، ئەمجۆرە سیستەمەی حزبەکان پێی دەڵێن: دیموکراتی لە ناوەڕۆکدا گۆڕاوە بۆ سیستمێکی کلینتیالیزم (clientelism political system)، لەم جۆرە سیستەمەشدا هەموو جومگەکانی حکومەت و دامەزراوە شەرعییەکانی دەوڵەت لەسەر بنەمای گۆڕینەوەی پۆست بۆ پشتگیری حزب بە سیاسی دەکرێت و پێناسەی هاووڵاتیبوون دەگۆڕێت بۆ هەوادار و لایەنگری حزبەکان و ئەوەی هەوادار و لایەنگری حزبە سیاسییەکان نەبێت، بە هاووڵاتی لەقەڵەم نادرێت، زیاد لەمەش ئەم سیستەمەش نەك هەر دەبێتە هۆکارێك بۆ بڵاوبوونەوەی بەرفراوانیی گەندەڵی و زیادبوونی لە رادەپێویستی بیرۆکراتی و رۆتین و هەڕەشە لەسەر دیموکراتی، بەڵکو دیموکراسی لە ریشەوە هەڵدەکێشێت و لەناوی دەبات. لەوانەیە باشترین نموونەی تاعونی حزبایەتی خراپ بۆ پەکخستنی دیموکراتی و دروستکردنی گەندەڵی و رۆتین و بیرۆکراتی زیاد لە پێویست، نموونەی دیموکراتیەتی یۆنان بێت، راستە یۆنان لەدوای ساڵی ١٩٧٤ و لەچوارچێوەی شەپۆلی سێیەمی دیموکراتی کۆتایی بە حوکمڕانی عەسکەرتاری هێنا و بۆ ماوەی چەند دەیەیەك دەستاودەستی دەسەڵات لەنێوان حزبەکاندا بەڕێوەچووە، بەڵام هۆکاری سەرەکی بۆ کێشەی گەورەی دارایی و ئیفلاسی دەوڵەتی یۆنان دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی سیاسەتکردنی حزبە سیاسییەکان و شێوازی مامەڵەی حزبە سیاسییەکان لەگەڵ حکومەت و دەوڵەتی یۆناندا، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو هەر حزبێك لە یۆناندا دەسەڵاتی بگرتایەتەدەست، گسکی لە هەموو پۆستەکانی پێش خۆی دەدا و لە سەرۆك وەزیرانەوە تا دەگاتە فەرمانبەرێکی پلە چوار هەر هەموویانی دەگۆڕی، دواتریش هەموو پۆستەکانی بە ئەندام و هەواداری حزبەکەی خۆی پڕدەکردەوە، ئەم حاڵەتەی کە یۆنانی بەو حاڵە برد، بەهەمان شێوە و خراپتریش لە کوردستاندا بوونی هەیە، ئەمەش نەك تەنیا لەسەر ئاستی دوو حزب، بەڵکو لەسەر ئاستی هەموو حزبە سیاسییەکان و چەندی پێیان کرابێت، ئەم کارەیان کردووە، تەنانەت ئەم کارە شۆڕبۆتەوە بۆ دانانی پاسەوانی بیرێکی ئاو لە ناو گەڕەکێکی شارەکانی کوردستاندا.

لەواقیعی نەخوازراوی لەمجۆرەدا، ئەوجا لەکوردستان بێت، یان هەر وڵاتێکی دیکە، پرسەکە ئەوە نییە بڵێین حزبێك ئەم کارە دەکات و ئەوانی دیکە ئەم کارە ناکەن، بەڵکو ئەم دیاردەیە وەك تاعون هەموو حزبەکان دەگرێتەوە و دەبێتە جۆرێك لە مۆدێلی سیاسی و شێوازی کۆنترۆڵکردنی هەموو جومگەکان لەلایەن حزبەکانەوە.

بەڵام لایەنی تایبەت و گرنگ کە مەترسی لەسەر ئێستای کوردستان دروست دەکات، ئەوەیە

**ئایا ئەگەر تایوان بەشێک بوایە لە چین، دەیتوانی بەو ئاستەی ئێستای سەرکەتوو بێت، یان حاڵی وەک هەر شارێکی دیکەی چین وادەبوو؟ یان ئایا ئەگەر سەنگافورا هەر هەرێمێک بوایە لەناو دەوڵەتی مالیزیادا، ئێستا دەگەیشتە ئەو ئاستەی بە چەندین قۆناخ پێش مالیزیا کەوتووە؟**

**ئەگەر حزبی سیاسی ئەرکەکانی خۆی لە قۆناخی رزگاری نیشتمانی و بڕیاردانی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی لەگەڵ قۆناخی حزبی سیاسی وەک پێویستیەکی دیموکراتی تێکەڵاو بکات، ئەوا نە دەوڵەتەکە دروست دەبێت و نە دیموکراتیش مانای دەبێت**

کە بارودۆخی کوردستان لەناو ئەو هەموو کیانە سیاسییەی کە بە دەوڵەتی ئەمری واقیع پێناسە دەکرێن، بە دەوڵەتی فەلەستینیشەوە، ئێستا کوردستان لەهەر کیانێکی دیکە زیاتر لە قۆناخی بەدەستهێنانی سەروەریی تەواو نزیك بۆتەوە و لەبەردەم فرسەتێکی بێ وێنەدایە بۆ ئەوەی دانپێدانانی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنێت، بەڵام لە ناو ئەم هەلە مێژووییەی بۆ سەربەخۆیی و سەروەریی کوردستان هاتۆتە پێشەوە، حزبە سیاسییەکان ئەم فرستەیان خستۆتە ناو تەڵەزگەیەکی گەورە و خۆشیان بوونە ئاستەنگێکی گەورە لەبەردەم پرۆسەی دەوڵەتی کوردستان و پەرەپێدانی دیموکراتی.

لێرەدا گرنگە ئاماژە بەو راستییە بکەین، کە پێناسەی پەرەپێدانی دیموکراتی و سەرکەوتنی دیموکراتی، بریتی نییە لە گەرەلاوژێی سیاسیی نێوان حزبەکان، بەڵکو سەرکەوتن و پەرەپێدانی دیموکراتی بریتیە لەوەی هەموو حزبەکان رێز لە شکۆی دەوڵەتی کوردستان بگرن و لە ژێر شکۆی دەوڵەتی کوردستاندا ململانێی بێ نییەت لەسەر بەرژەوەندی گشتی بکەن، لەمەش زیاتر دەبێت بەتەواوەتی بگەنە ئەو قەناعەتەی کە کێشەی سەرەکی لە کوردستاندا هەڵبژاردن و پڕکردنەوەی پۆستە گشتییەکان نییە بە کادری حزبەکان، بەڵکو کێشەی سەرەکی لە کوردستاندا ئەوەیە دەوڵەتی ئەمری واقیع بکرێتە دەوڵەتی خاوەنی سەروەریی تەواو و هەموو هەوڵەکان یەکبخرێت بۆ ئەوەی بە شێوازێکی سەردەمییانە سەروەریی کوردستان دانپێدانانی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنێت.

## ● دامەزراندنی دەوڵەت پێویستی بە بڕیاری خەڵکە نەك حزبە سیاسییەکان

لە مێژووی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخی هەموو نەتەوەکانی جیهاندا، دوای دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی، سیستمی دیموکراتی بەمانای سیستمێکی دامەزراوەیی لیبراڵ دیموکراتی وەك سیستم دامەزراوە و پێش دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی، سیستمی لیبراڵ دیموکراتی بوونی نەبووە، ئەوجا لەناو ئەم سیستمە دیموکراتییە و لەبەر پێویستی نوێنەرایەتیکردنی توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە حزبی سیاسی وەك ئامرازێك بۆ نوێنەرایەتی دروست بووە، واتە حزبی سیاسی وەك حزبێکی سیاسی دیموکراتی بەهێز، لەناو پێویستی کۆمەڵگە بۆ نوینەرایەتیکردن دروست دەبێت، ئەمەش مانای ئەوەیە نە دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ و نە سیستمی دیموکراتی بەرهەمی حزبی سیاسی نین، بەڵکو دیموکراتی و حزبی سیاسی بەرهەمی دەوڵەتی نەتەوەیین، بەڵام پرسیاری دیکە ئەوەیە، ئەو نەتەوانەی بێ دەوڵەتن و چەندین حزبی سیاسی بۆ لە قۆناخی رزگاری نیشتمانی بۆ گەیشتن بە مافی چارەنووس دروست دەبن، ئایا ئەو حزبانە ئەرکیان نابێتە دروستکردنی دەوڵەت و بونیادی دیموکراتی لەو دەوڵەتەدا؟ لەم وەڵامی ئەم پرسیارەدا مێژووی نەتەوەکانی جیهان فێرمان دەکات، کە حزبی سیاسی لە قۆناخی رزگاری نیشتمانی و پرۆسەی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخدا، پێناسەکەی جیاوازە لەو حزبە سیاسیانەی وەك پێویستیەك بۆ سەرخستنی دیموکراتی دروست دەبن، بۆیە ئەگەر حزب وەك پێویستی لەناو پرۆسەی دیموکراتی بۆ نوینەرایەتی بەشێك لەکۆمەڵگە دابمەزرێت، ئەوا حزب لەقۆناخی رزگاری نیشتمانی بۆ یەکبوون و نوێنەرایەتیکردنی هەموو گەل دادەمەزرێت، هەتا ئەگەر چەندین حزبی جیاوازیش بوونی هەبێت دەبێت لەبەرەیەکدا یەکبگرن و جیاوازییە لاوەکیەکانیان وەلا بنێن بۆ ئەوەی بتوانن قۆناخی مافی چارەنووس و پرۆسەی دەوڵەتی نەتەوەیی سەرکەوتوو بێت. بەڵام ئەگەر حزبی سیاسی ئەرکەکانی خۆی لە قۆناخی رزگاری نیشتمانی و بڕیاردانی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی لەگەڵ قۆناخی حزبی سیاسی وەك پێویستیەکی دیموکراتی تێکەڵ و بکات، ئەوا نە دەوڵەتەکە دروست دەبێت و نە دیموکراتیش مانای دەبێت.

ئەوەی ئێستا وەك سەمەرەیەکی سیاسی لە حزبە سیاسییەکانی کوردستان گوێبیستی دەبین، ئەوەیە باسی دیموکراتی دەکرێت، بەڵام لەسەر پرسی سەربەخۆیی کوردستان لێکترازان و هەڵوێستی جیاواز هەیە، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر دەوڵەتی نەتەوەیی نەبێتە چوارچێوەیەك بۆ سیستمە دیموکراتییەکە، ئەوە شتێك نییە هەتا پێی بگوترێت دیموکراتی.

ئەزموونی دیموکراتی هەرێمی کوردستان کە بەداخەوە هەر لەسەرەتاوە هەندێك ئەقڵی حزبیانەی تەسك بە پەسەندنەکردنی ئاکامی یەکەم هەڵبژاردن ئیفلیجیان کرد، حاڵەتێکی تایبەتی بوو، ئەو چوارچێوەیە بۆ ئەزموونی دیموکراتی کوردستان هاتەئاراوە، چوارچێوەیەکی شێوە دەوڵەتی نەتەوەیی بوو، بۆیە ئەگەر ئەو هەلە مێژووییە لە چوارچێوەی بڕیاری ٦٨٨ی نێودەوڵەتی بۆ

> **نە دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ و نە سیستمی دیموکراتی بەرهەمی حزبی سیاسی نین، بەڵکو دیموکراتی و حزبی سیاسی بەرهەمی دەوڵەتی نەتەوەیین**

> **هەر لە چۆنیەتی کاندیدکردنی کاندیدەکانیان بۆ پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران تا دەگاتە ئەنجومەنی پارێزگاکان و تەنانەت رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش، ئەو پۆستانە لەلایەن حزبەکانەوە کراون بە ئامێرێک بۆ سیاسەتکردن و لە چوارچێوەی ئالۆیری «پشتگیریم بکە و دەنگم پێبدە. پۆستەکانت پێ دەبەخشم» مامەڵەی سیاسی پێوەدەکرێت**

کوردستان دروست نەبوایە، ئەوا نەدەتوانرا هەڵبژاردن بکرێت، نە دەتوانرا داواتریش حکومەت و پەرلەمان دابمەزرێت. راشکاوانەتریش لەمە کە پێویستە بۆ نەوەکانی دوای راپەڕین بە راستگۆیی بخرێتەڕوو، ئەگەر حکومەتی عێراق لەساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ شاندی بەرەی کوردستانی لەسەر ئۆتۆنۆمی رێك بکەوتایە، ئەوا نەدەتوانرا هەڵبژاردن بکرێت و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دابمەزرێت، لەمەش زیاتر دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن لە ٢٠٠٣، ئەگەر هەرێمی کوردستان خاوەنی پەرلەمان و حکومەتی خۆی نەبوایە، ئەوا پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان نەدەبوونە بەشێك لە پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراقی تازە، بەڵکو لە باشترین حاڵەتدا فیدراڵیزمی ئیداری لەسەر ئاستی پارێزگاکان پیادەدەکرا و ناوی کوردستان لە پرۆسەی فیدراڵیزمی پارێزگاکاندا

سەرکەوتوو بن، هەرێمەکانیان هەموو بنەماکانی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخی تێدا فەراهەم کراوە و تەنیا ئەوەیان کەمە کە خاوەنی سەروەریی تەواو و ئەندامی رێکخراوی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان نین.

لێرەدا گرنگە ئاماژە بە دەوڵەتی تایوان بکەین کە نموونەی دەوڵەتێکی سەرکەوتووە لە بواری پەرەپێدان و بونیادنانی نەتەوە و دەوڵەتدا، ئایا ئەگەر تایوان بەشێك بوایە لە چین، دەیتوانی بەو ئاستەی ئێستای سەرکەوتوو بێت، یان حاڵی وەك هەر شارێکی دیکەی چین وادەبوو؟ یان ئایا ئەگەر سەنگافورا هەر هەرێمێك بوایە لەناو دەوڵەتی مالیزیادا، ئێستا دەگەیشتە ئەو ئاستەی بە چەندین قۆناخ پێش مالیزیا

دەتوێندرایەوە.

ئەم نموونەیە گرنگە هەڵوەستەی جددی لەسەر بکرێت و گرنگە قەناعەت بەوە بکەین کە سیستمی دیموکراتی وەك سیستمێکی دامەزراوەیی لەدوای دەوڵەتی نەتەوەیی سەرکەوتوو دەبێت، لە هیچ شوێنیکی ئەم جیهانە سیستمی دیموکراتی لە دەرەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی نەك سەرکەوتوو نەبووە، بەڵکو لەبنەڕەتدا بوونی نییە، لەسەر ئەم پرسە ئەگەر چەند نموونەیەکی سەرکەوتووی وەك سکۆتلەندا و کیوبیکیش بهێنرێتەوە، ئەوا دەبێت ئەوە بزانرێت، ئەو نموونانەی کە

کەوتووە؟ بۆیە ئەو حزبە سیاسییانەی پێیانوایە دیموکراتی پێش دەوڵەتی نەتەوەیی دەکەوێت، یان ئەرکی حزبی سیاسی لە قۆناخی رزگاری نیشتمانی و بڕیاردانی مافی چارەنووسدا، هەمان ئەرکی ئەو حزبە سیاسییانەیە کە لەناو دەوڵەتێکی سەربەخۆدا دیموکراتییانە رەفتار دەکەن، ئەمە یان مانای ئەوەیە ئەو حزبانە لە مێژووی نەتەوەکانی جیهان بێ ئاگان، یان مانای ئەوەیە بۆ بەرژەوەندی و مەرامی سیاسیی خۆیان راستییەکان لە خەڵك و جەماوەر چەواشە دەکەن.

بۆیە لەم راستەوە، گرنگە چەمکی دەوڵەت و حزب لە یەکتری جیابکەینەوە، لەمەش زیاتر دەبێت راشکاوانە دەست بخەینە سەر راستییەکان، بەوەی حزبی سیاسی لە قۆناخی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەییدا، نابێت ئەو مافە لە خەڵك زەوت بکات و لە بری خەڵك قسە لەسەر پرسی دەوڵەت بکات، چونکە بەپێی هەموو دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە چوارسەد ساڵی رابردووە هەتا دەگاتە ئێستاش، پرسی دەوڵەت هەتا ئەگەر حزبێکی سیاسی رۆڵی سەرەکی تێدا بگێڕێت و تەنانەت ئەگەر بە دیالۆگ و رێککەوتنیش لەگەڵ دەوڵەتی سەردەست ئەم پرسە یەکلایی بکرێتەوە، نەك ریفراندۆمیش، ئەم پرسە پێوەندی بە بۆچوونی سیاسیی حزبەکانەوە نییە، بەڵکو دەربڕی خواست و ئیرادەی ئەو نەتەوە بێ دەوڵەتەیە کە هیواکانی لەناو دەوڵەتی نەتەوەییدا دێتەدی، زیاتریش لەمە هەتا ئەگەر ئەو دەوڵەتە نەتەوەییەی لەسەر بڕیاری گەل دروست دەبێت، بە بۆچوونی حزبێك، یان دوو حزبی سیاسی کەموکورتیشی هەبێت، حزبی سیاسی ئەو مافەی نییە دژی ئیرادەی گەلەکەی رابوەستێت، یان خۆی بکات بە کوێخا بە سەر ئیرادەی گەلەکەیەوە، ئەگەر پرسیار بکرێت: بۆچی؟ بێگومان لەبەر ئەوەیە ئەرکی حزبی سیاسی وەك حزبێکی دیموکراتی لە دوای دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەییەوە دەست پێدەکات و ململانێی حزبی بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات لەناو دەوڵەتە نەتەوەییەکەدا گەشە دەکات و لە رێگەی نوێنەرایەتیکردنی خەڵکەوە سیستمی سیاسی لە چوار چێوەی دەوڵەتەکەدا دەگۆڕێت، بەڵام ئەوەی کە نەگۆڕ و چەسپاوە دەوڵەتەکەیە کە هیچ لایەك ناتوانێت بیگۆڕێت.

بۆ ئێستای بارودۆخی کوردستان، بڕینی بودجە و مووچە لەلایەن حکومەتی (مالیکی و عەبادی)یەوە، هەمان سیناریۆی کشانەوەی دامودەزگا ئیدارییەکانی بەعسی لە ساڵی **١٩٩٢** دووبارە کردەوە. دیارە چۆن ئەو کات کشانەوەی دامودەزگاکانی بەعس لە کوردستان بووە فرسەتێك بۆ کوردستان بۆ ئەوەی وەك قەوارەیەکی دابڕاو لە بەغدا خۆی ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوەو ئەزموونی هەرێمی کوردستان لەدایك بێت، لە ئێستاشدا بڕینی مووچە و بوودجە لە هەر دوو حکومەتی مالیکی و عەبادی هەمان فرسەتی بۆ کوردستان دروست کردووە بۆ ئەوەی هەنگاوێك زیاتر بۆ پیادەکردنی سەروەریی پیادە بکات و لەسەر بنەمای پشت بەخۆبەستن دەوڵەتی کوردستان رێکبخاتەوە. فرسەتی زیاتر کە لەمیانەی شەڕی داعش بۆ کوردستان هاتۆتەپێشەوە، ئەو سەرکەوتنە بێ وێنانەی پێشمەرگەیە کە وایکردووە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە پرۆسەی دابەشکردنی سەروەریی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق هاوکاری کوردستان بن و خۆشیان وەك کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئامادەباشییان بە کردەیی پیشان داوە، لە حاڵەتیکدا ئەگەر عێراق رازی نەبێت،سەروەری لەگەڵ کوردستان دابەش بکات، ئەوا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئامادەیە خۆی لە بری عێراق بە هاوبەشی لەگەڵ کوردستان دەسەڵاتەکانی سەروەریی پیادە بکات، ئەمەش لە مێژووی هاوچەرخی مرۆڤایەتیدا ئەگەر رووداوێکی دەگمەنیش نەبێت، بەڵام یەکێکە لەو رووداوانەی کە زۆر کەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پەنای بۆ بردووە.

بۆیە لە حاڵەتی لەمجۆرەدا، گرنگە دەوڵەتی ئەمری واقیعی کوردستان لە سەرووی هەموو حزبە سیاسییەکانەوە سەیربکرێت و حزبە سیاسییەکانیش نابێت ئەو مافە بە خۆیان بدەن کە خۆیان جێگەی دەوڵەت بگرنەوە، بەداخەوە لە ئێستادا هەوڵێکی زیاد لە پێویست هەیە بەوەی حزب خۆی هاوشانی دەوڵەت بکات. ئەگەر ئەم هەوڵانە سنووردار نەکرێن و بە هەر رێگەیەك بێت دەوڵەت لە حزب جیانەکرێتەوە، ئەوا نەك هەر نابینە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان، بەڵکو ئەو دیموکراتییەتەی حزبەکان بۆ شاردنەوەی مەرامە حزبییەکانیان بانگەشەی بۆ دەکەن، جیا لەوەی هیچ مانایەکی نابێت، لە هەمانکاتدا کوردستانیش دووچاری کارەساتێکی گەورە دەکات و فۆکۆیاما گوتەنی: سیستمی سیاسی لەبەریەك هەڵدەوەشێت و بوونی نامێنێت.

**کاتێک حزبە سیاسییەکان و گروپی بەرژەوەندیی گەورە، ناوەرۆکی دەوڵەتی هاوچەرخ بەتاڵ دەکەنەوە، ئەوا دیموکراتی شکست دەهێنێت، هەروەک چۆن ئێستا دیموکراتی لە سەرانسەری جیهاندا لەناو تەنگژەیەکی گەورەدا دەژی**

**وەرچەرخان لە دەوڵەتێکی دیکتاتۆرییەوە بۆ دەوڵەتێکی هاوچەرخ زۆر ئاسانترە لە وەرچەرخان لە دەوڵەتێکی دەستەبژێری گەندەڵەوە بۆ دەوڵەتێکی هاوچەرخ، ئەمەش پێمان دەڵێت: کێشەی سەرەکی لە عێراقدا دیموکراتی نییە، بەڵکو نەبوونی دەوڵەتێکی هاوچەرخی بەهێزە**

# پێوەرە زانستییەکانی پۆلێنکردنی حزب و بەرەی سیاسی



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

asidiq1962@yahoo.com

یەکێک لە دیاردە سەیرەکانی لای ئێمە ونبوونی پێوەرە زانستییەکانە لە بواری پۆلێنکردنی حزب و بەرەی سیاسی بۆ ڕاست و چەپ و سیکۆلار و سۆسیالیست و پارێزگار و لیبراڵ و.. هتد.

جێی خۆیەتی بپرسین: حزب، یان بەرەی سیاسی چۆن ناو لە خۆی دەنێت؟ چونکە ناولێنانی حزب، یان بەرەی سیاسی وەک ناولێنانی منداڵ نییە، لەبەر ئەوەی منداڵ لە ساتەوەختێکدا کە هیچ ئیرادەیەکی نییە، بە بێ ویستی خۆی ناوێکی لێ دەنێن، بۆیە ئەگەر ناوی لەگەڵ ناوەڕۆکیدا یەکی نەگرتەوە، ئەو بەرپرسیار نابێت، بە پلەی یەکەم، بەڵام حزب کۆمەڵە مرۆڤێکی خاوەن ئیرادە ناوی لێ دەنێن، بۆیە هەر دەبێت ناوی حزب و بەرەی سیاسی لەگەڵ ناوەڕۆکدا یەک بگرێتەوە، ئەگینا هیچ مانایەك بۆ ناوی حزب و بەرەی سیاسی نامێنێتەوە.

بۆیە لە بواری ناولێنانی حزبدا بیرمەندانی بواری سیاسی ـ کۆمەڵایەتی وای دەبینن کە ناولێنانی حزب پێویستیی بە چەند هەنگاوێك هەیە لە بواری باس و توێژینەوەدا بۆ زانینی:

یەکەم: دۆزینەوەو دانانی ڕیزبەندی بۆ کێشە دیارەکانی ئەو کۆمەڵگەیە.

دووەم: دۆزینەوەی دیارترین و گەورەترین کێشەکانی ئەو کۆمەڵگەیە

سێیەم: دیارکردنی هەنگاوەکانی چارەسەر.

چوارەم: دەستبەکاربوون لەژێر ناوێکدا کە نیشانەیەك بێت بۆ میکانیزمی چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانە، نەك ناوێك کە لەوانی دی بچێت و خەڵك و جەماوەریش تووشی پەشۆکان بکات، بە جۆرێك کە نەتوانێت ئەو هۆیانە بزانێت کە بوونەتە مایەی بوونی چەندین حزبی دیموکرات و چەندین حزبی سۆسیال دیموکرات و ئەوەندە حزبی ئیسلامی و ئەوەندەش حزبی چەپی مارکسی و .. هتد. کەواتە ئێمە ئێستا لەبەردەم قەیرانی نەبوونی پێوەرێکین بۆ پۆلێنکردنی حزب و بەرەی سیاسی.

مەسەلەی پۆلێنکردنی حزبەکان و دانانیان لە خانە جیاجیاکانی ڕاست و چەپ و لیبراڵ و پارێزگار و کۆنخواز و پێشکەوتنخوازدا، هەروا کارێکی ئاسان و رووکەش نییە، کە بەپێی بەرژەوەندی، یان حەزی ئەندامان، یان مۆدەی رۆژگار و سەردەم بەڕێوەبچێت، بەڵکو لە وڵاتانی خاوەن ئەزموونی سیاسی و ژیانی درێژخایەنی حزبیدا، مەسەلەی پۆلێنکردنی تەنیا بەپێی ئایدیۆلۆژیا نییە، بەڵکو بەپێی پێوەری جۆراوجۆری زانستیی ئەوتۆیە کە لە دواجاردا دەتوانرێت بەهۆیەوە هەر حزبێکی خاوەن بەرنامەی جیاجیا پۆلێن بکرێت.

یەکێك لەو پێوەرانە، پێوەرێکە کە لە لایەن (لۆرانس لۆویل Laurence Lo well)ـەوە دانراوە، کە حزبەکان پۆلێن دەکات بۆ چوار جۆری (پارێزگار و لیبراڵ و کۆنخواز و پێشکەوتووخواز) لە وڵاتێکی خاوەن دەستوورێکی دەنگ بۆدراو و خاوەن سیستمێکی دیموکراتی و کارکردوو بە بنەماکانی بازاڕی ئازاد و میدیای ئازاد، بەجۆرێك کە پۆلێنکردنەکە دەڕوانێتە دوو ڕەهەند:

یەکەم: ڕازیبوون، یان ڕازینەبوون بە دەستوور.

دووەم: خوازیاربوونی گۆڕان، یان نە .

بەم پێوەرەی لۆرانس:

- هەر حزبێك بە دەستوور ڕازی بێت و بۆ ئایندەش خوازیاری گۆڕان بێت تیایدا، دەچێتە خانەی حزبە لیبراڵەکانەوە.

- هەر حزبێك بە دەستوور ڕازی بێت، بەڵام خوازیاری گۆڕان نەبێت و داوای جێگیرکردنی دەستوور بکات وەکو خۆی بێ دەستکاری، ئەوە حزبێکی پارێزگار (کۆنزێرڤاتیڤ) ـە.

- هەر حزبێك قەناعەتی بە تەواوی دەستوور نەبێت و خوازیاری گۆڕانیش نەبێت، ئەوە حزبێکی کۆنخوازە.

- هەر حزبێك قەناعەتی بە تەواوی دەستوور نەبێت و لە هەوڵی گۆڕانیش بێت، تیایدا بۆ ئایندە، ئەوە حزبێکی پێشکەوتنخوازە.

دیارە بەپێی ئەزموونی وڵاتانی دیموکرات، پێوەری دیکەش هەیە بۆ پۆلێنکردن لەسەر بنەمای دەستووری و زانستی کە دەکرێت لە ئایندەدا ئاماژەیان پێ بکەین.

# رزگارکردنی موسڵ لەنێوان تێڕوانینی هەولێر و بەغدادا



د. ڤیان سەبری

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ڕەنگە شەڕی رزگارکردنی موسڵ لە چنگ تیرۆریستانی داعش بەقەد کەوتنی ئەو شارە هەر وا ئاسان نەبێت، چونکە بە ئاشکرا بینیمان چۆن هێزەکانی عێراق لە دووەم گەورە شاری ئەو وڵاتە کشانەوەو زۆر بە ئاسانی و بە بەرچاوی هەموو عێراقییەکان بۆ داعشیان بەجێ هێشت، بۆیە لێرەدا شکستی ئاشکراو بەردەوامی سیاسەتی حکومەتی بەغدا بۆ هەموو لایەك روون بووەوە، بەتایبەتیش لەهەمبەر پرسە چارەنووسسازو بنەڕەتییەکان، لەوانەش پرسی شەراکەتی سیاسی لە حوکمڕانی و دیاریکردنی چارەنووسی گەلان لە ماوەی دوای داگیرکاریی ئەمریکادا، کە لە راستیدا لەلایەن حکومەتی بەغداوە هیچ بایەخ و گرنگییەکی پێ نەدرا، هەر ئەمەش بوو کە هەستێکی میللییانەی تۆڵەسەندنەوەی دەرحەق ئەو سیاسەتەی بەدوای خۆیدا هێنا کە خۆی لە پەراوێزخستن و تایفەگەریدا بینییەوە، بۆیە ئەم هەستە گەیشتە ئەو رادەیەی کە خەڵکەکە چاویان لەوانە بێت کە پێیانوایە دەبنە فریادڕەسیان و لەو دۆخە سەختە رزگاریان دەکەن.

ئەمڕۆ دەبینین کە هێزەکانی عێراق لەلایەك و هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان لە لایەکی دیکەوە پێشبڕکێیانە بۆ گەیشتن بە دەروازەکانی شاری موسڵ بەو ئومێدەی کە بتوانن رزگاری بکەن، بەڵام بە ئاشکرا دیارە کە تا ئێستا گەردەلوولی راستەقینە لە ئاسمانی ئەو شارە هەڵی نەکردووەو تارماییش هێشتا هەر ئەو شارەی داپۆشیوەو هیچ ئومێدێك لە ئاسۆدا بۆ ئەم بابەتە دەرنەکەوتووە و ناشزانرێت دوارۆژی ئەم شارە چی دەبێت کە گەورەترین شارە داعش لە عێراق و سووریادا دەستی بەسەردا گرتووە.

لێرەدا ناکۆکی و کێشمەکێشی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا دەربارەی ئەو ئۆپەراسیۆنە چ لە رووی سەربازی، یان سیاسییەوە بە ئاشکرا دەردەکەوێت. لە راستیدا هەڵوێستی حکومەتی بەغدا چەندین پرسیار دەورووژێنێت کە بە هیچ شێوەیەك دەرفەت بۆ گومانبردن ناهێڵێتەوە دەربارەی مەرامی راستەقینەی حکومەتی بەغدا لەهەمبەر ئەو قەیرانە درووستکراوەدا، سەرەڕای هەڵوێستی روونی هەرێمی کوردستان، دیارە حکومەتی بەغدا بە تێڕوانینی ناوخۆیی ناڕوانێتە شاری موسڵ، بەڵکو لە گۆشەنیگای فراوانی ئیقلیمییەوە تێی دەڕوانێت، هەر بۆیە بەغدا مەترسییەکانی سیاسەتی پەراوێزخستنی ناوخۆی نەیارانی سیاسی لەبەرچاو ناگرێت، کە هەمان ئەو هەڵوێستانەن کە بوونە هۆکاری کەوتنی موسڵ، ئەمەش وا لە لایەنەکانی دیکە دەکات هەڵوێستی دوورتر و گرژتر بگرنەبەر کە ڕەنگە لە قۆناخی دواتردا پەرگیرتر بن.

لای هەموو چاودێرانی سیاسی روون و ئاشکرایە کە حکومەتی بەغدا هیچ رێگەچارەی روون و دیاری لا نەبووە دەرحەق ئەو هەموو کێشەو مەینەتییە مرۆییانەی کە لە ئاکامی ئەو سیاسەتە هاتوونەتە ئاراوە بە هۆی سیاسەتی پاڵپشتیکردنی هەندێ دەوڵەتانی ئیقلیمی لە ناوچەکەدا، بۆیە لای هەموان روونە کە حکومەتی بەغدا بە هیچ شێوەیەگ گوێ بە رەخنەو گلەییەکانی رێکخراوە نێودەوڵەتی و دەستە سەربەخۆکان نادات دەربارەی هاتنەئارای ئەو هەلومەرجە مرۆیی و ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی کە رووبەڕووی هاووڵاتیانی سڤیل دەبنەوە لەو ناوچانەی کە رزگاردەکرێن، تەنانەت لەوەش زیاتر

دەستی هێزەکانی ناوخۆی کردۆتەوە تاکو سیاسەتی تایفەگەری و کاولکاریی بەرنامەداڕێژراو دژ بە هاووڵاتیان پەیڕەوبکەن.

لێرەو لە موسڵی حەدبادا نەخشەی جیۆسیاسی و دیمۆگرافی دەگۆڕێت تایبەت بە چارەسەری چاوەڕوانکراو لە شەڕی رزگارکردنی موسڵدا، بۆیە ئەو هەموو رێوشوێنە سەربازییە سەرپێییانەی ئەنجامدران چەندین زێدەڕۆیی و پێشێلکردنی ئاشکرای یاسای مرۆیی و نێودەوڵەتی دەرحەق مافی هاووڵاتانی سڤیلی لێکەوتەوە، هەر وەك لە شارەکانی سەلاحەدین و ئەنبار روویاندا، لەبەر ئەوە ناکرێ ئەو بارودۆخە لە سەروبەندی رزگارکردنی موسڵدا دووبارە ببێتەوە، چونکە ئەو شارە لەگەڵ شارەکانی دیکەی عێراقدا جیاوازە، موسڵ شارێکی مۆزاییکی عێراقییە و چەندین پێکهاتە لەخۆدەگرێت کە هەزاران ساڵە بە خۆشی و ئاشتییانە بەیەکەوە ژیان دەگوزەرێنن، بۆیە لێرەدا مەترسیی شێوەی هەڵسوکەوتەکانی حکومەتی عێراق دەردەکەوێت کە هەنگاوە سەربازییەکانی بە هیچ شێوەیەك ئومێدی ئەوەیان لێ چاوەڕوان ناکرێت کە موژدەیەك بن بە ئاراستەی چارەسەری سیاسیی ئەم بارودۆخە، بەڵکو بەپێچەوانەی ئامانجەکانە، ئەو رەفتارانەی بەغدا رێگەخۆشکەرن بۆ ئەنجامدانی هەنگاوی سەربازی کە دەرەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە، لە کۆتاییشدا هەر عێراقییەکان باجی ئەو مەینەتی وماڵوێرانییە دەدەن.

بە پێچەوانەی ئەو دیدگا شێواو و تاکڕەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەسەروویەوە سەرۆك مسعود بارزانی بە سەربەرزییەوە هەڵوێستی روون و دیارە کە رۆڵی سەرەکی ببینێت لە نووسینەوەی بەشەکانی داستانی ئەو شەڕە کە کورد بە شەڕی سیاسیی لەقەڵەم دەدات، چونکە گەلی کورد بە پێکهاتەی بنەڕەتیی ئەو شەڕە دەژمێردرێت بەهۆی ئەو هەزاران قوربانییانەی کە پێشمەرگە بەتایبەتی و سەرجەم گەلی کوردستان بەگشتی پێشکەشی کردوون، بۆیە زۆر پێویستە پێشەکیگەلی سیاسی و ئابووری و ئەمنی هەبن کە هەموو پێکهاتە بنەڕەتییەکانی موسڵ لەسەریان رێکبکەون، بەر لە دەستپێکردنی ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییانەی بۆ رزگارکردنی شارەکە پێویستن، چونکە بەبێ ئەمە وێرانکارییەکی گەورە بۆ سەرجەم گەلی عێراق و گەلی کوردستان بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەتایبەتیش دانیشتووانی موسڵ ئەوانەی پێشتر ئاوارە بوونە و ئەوانەیشی تا ئێستا لە شارەکەدا ماونەتەوە، دیارە شتێکی نهێنی نییە کە پێشبینی و چارەسەرەکانی کوردستانی ئاشکران سەبارەت بە پرسی موسڵ کە ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقی گوزارشتی لێ دەکات وەك ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، چونکە شاری موسڵ پێشتر و ئێستاش بە گۆڕەپانێکی کاری کوردستانی دەژمێردرێت کە ناکرێ بەو شێوەیە پشتگوێ بخرێت، نەبادا رووبەڕووی چارەنووسێکی نادیار ببێتەوەو دواتریش کاریگەریی وای لێ بکەوێتەوە کە ببێتە چەقی گرژی و ناکۆکی لە ئایندەدا، ئەگەر هاتوو کێشەکانی ئەو شارە بە رێگای سەربازی چارەسەربکرێت، هەر وەك چۆن لە سەلاحەدین و ئەنبار روویدا، ئەمەش لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە رەت دەکرێتەوە، هەروەها خەڵکی شاری موسڵیش پێی رازی نابن کە هەزاران ساڵە لەگەڵ برایانی کوردیان بەبێ کێشە ژیان بەسەردەبەن.

بانگەوازی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە بەشداریکردنی پێشمەرگە لە رزگارکردنی موسڵ و گەڕاندنەوەی سەقامگیری بۆ ناوچەکانی شارەکە یەکەم کاری لەپێشینەیە پێش ئەوەی ببێتە بەرنامەیەکی نادیاری عێراق، چونکە دانیشتووانی ناوچەکانی ناوەڕاست و رۆژئاوای عێراق ئەوانەی کە ئازادکراون، یاخود لە ئایندەدا ئازاد دەکرێن، هەستدەکەن کە دەسەڵاتدارانی بەغدا حەز بە چارەسەرکردنی کێشەکانیان ناکەن و بەشێوەیەکی کاریگەر و کارا لە پرۆسەی سیاسیدا بەشدارییان پێناکەن، بۆیە هەمان هەر ئەو برینە سارێژنابێت و بەردەوام زووخاوی لێ دەتکێت، رەنگە ئەگەر بەم شێوەیە بێت، کۆپییەکی دیکەی پەڕگیری بێتەئاراوە، هەر ئەوەشە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هاندەدات داوا لە حکومەتی بەغدا بکات عەقڵ بێنێتەوە بەر خۆی و بەرنامە نالۆژیکەکەی بگۆڕێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پرسەدا.. بەیاننامەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دووپاتی دەکاتەوە کە رزگارکردنی موسڵ ببێتە دەرفەتێکی مێژوویی کە وا لە حکومەتی بەغدا بکات سیاسەتەکەی بگۆڕێت، کە بە هیچ شێوەیەك خزمەتی دەستنیشانکردنی چارەسەری گونجاو ناکات، ئەگەر لەسەر ئەم میتۆد و بەرنامەیەی بەردەوام بێت، دیارە داواکەی سەرۆك بارزانی داخوازییەکی دڵسۆزانەیە بە مەبەستی دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتبوونەوەی سیاسیی سەرتاپاگیر لە عێراق کە رەچاوی هەموو لایەنەکان بکات و کاربکات بۆ دۆزینەوەی چارەسەرگەلی لۆژیکی کە ببنە قەڵغانێك بۆ لەناوبردنی تیرۆر و پەڕگیری و دوورخستنەوەی ناوچەکە لە هەموو کێشەیەك بە شێوەیەك کە مافی سەرجەم کەمایەتییەکان و گەلان لە دیاریکردنی چارەنووسیان بێ دەستتێوەردانی دەرەکی دەستەبەربکرێت.

**داواکەی سەرۆک بارزانی داخوازییەکی دڵسۆزانەیە بە مەبەستی دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتبوونەوەی سیاسیی سەرتاپاگیر لە عێراق کە رەچاوی هەموو لایەنەکان بکات و بۆ دۆزینەوەی چارەسەرگەلی لۆژیکی کاربکات**

**حکومەتی بەغدا بە تێڕوانینی ناوخۆیی ناڕوانێتە شاری موسڵ، بەڵکو لە گۆشەنیگای فراوانی ئیقلیمییەوە تێی دەڕوانێت، هەر بۆیە بەغدا مەترسییەکانی سیاسەتی پەراوێزخستنی ناوخۆی نەیارانی سیاسی لەبەرچاو ناگرێت کە هەمان ئەو هەڵوێستانەن کە بوونە هۆکاری کەوتنی موسڵ**

**لای هەموو چاودێرانی سیاسی روون و ئاشکرایە کە حکومەتی بەغدا هیچ رێگەچارەی روون و دیاری لا نەبووە دەرحەق ئەو هەموو کێشەو مەینەتییە مرۆییانەی کە لە ئاکامی ئەو سیاسەتە هاتوونەتە ئاراوە بە هۆی سیاسەتی پاڵپشتیکردنی هەندێ دەوڵەتانی ئیقلیمی لە ناوچەکەدا**

# داعش و پیادەکردنی ستراتیژیەتی «گورگی تەنیا»

ئەنجامدانی هێرشە تیرۆریستییەکانی گورگە تەنیاکان لە فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئەمەریکا و شوێنەکانی دیکە، ئەوە دەخەنەڕوو کە ئەم دیاردەیە بەردەوام لە تەشەنەکردندایە و کوشندەیی ئەم هێرشانەش لە هەڵکشاندایە. لە نێوان تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٥ تا ئابی ساڵی ٢٠١٦ تاکە کەسە رادیکاڵەکان، هەروەها «گەلە گورگەکان» پتر لە ٢٠ هێرشیان ئەنجامداوە وەك جێبەجێکردنێك بۆ بانگەوازەکەی داعش کە داوای کردبوو بە بێ جیاوازی دەست بدەنە کوشتنی «مەدەنییە بێباوەڕەکان».

کەواتە پیادەکردنی ستراتیژیەتی گورگە تەنیاکان لە چەند روویەکەوە سوود بە داعش دەگەیەنن. یەکەمیان: ئەمە ستراتیژیەتێکە تێچوویەکی زۆری ناوێت و ئاسان پیادەدەکرێت، چونکە نە پێویستی بەوەیە لەگەڵ ئەنجامدەرەکەدا پلان دابنرێت، یاخود پێوەندی لەگەڵ دروست بکرێت و تەنانەت پێویست بەوەش ناکات بشناسرێت. دووەم: ستراتیژی گورگە تەنیاکان رێکارەکانی بەرپێگرتن پەکدەخات، لەبەر ئەوەی ناتوانرێت پێشوەختە دەستنیشان بکرێن، چونکە پێوەندییەکی راستەوخۆیان بە داعشەوە نییە، بەم شێوەیە، رێگری دەکات لە ئاشکرابوونی تۆڕەکانی گروپەکە لە رۆژئاوادا. سێیەم: ئەم هێرشانە زیانبەخشن لەسەر سایکۆلۆژیای نەتەوەکە و سەرکردایەتییەکەی، چونکە دەبێتەهۆی بڵاوبونەوەی ترس و دروستبوونی دڵەڕاوکێ لە نێو خەڵکانی مەدەنیدا و لە هەمان کاتدا دەبێتەهۆی ئەوەی حکومەت دەستەوەستان و تەنانەت بێتواناش دەربکەوێت. چوارەم: بڵاوبونەوەی تیرۆریزمی گورگە تەنیاکان لە جیهاندا وێنەی داعش بەهێز دەکات، ئەوە دەردەخات کە توانای دەستڕاگەیشتن و سەرنجڕاکێشانی هەم دوژمن و هەم هاوسۆزەکانیان هەیە.

هەروەها لۆجیکێکی ستراتیژی هەیە بۆ ئەوەی داعش پتر پشت بە کاراکتەرە سەربەخۆکان ببەستێت. لەگەڵ شکستەکانی لە عێراق و سووریا و لیبیادا گروپەکە تینوی تۆڵەسەندنەوەیە، لەبەر ئەوە هێرشکردن لەلایەن ئەو کەسانەی داعش بۆتە سەرچاوەی ئیلهامیان نەك تەنیا ئەم ئامانجە دەهێنێتەدی، بەڵکو دەبێتەهۆی هێزێکی گەورە و لە شێوەی گەلە گورگێکدا بەرجەستە دەبێت. چونکە ئەنجامدانی ژمارەیەکی زۆر هێرش و پەلامار لە ماوەیەکی کورتدا بێ ئەوەی هەماهەنگی لە نێوانیاندا هەبێت، بۆی هەیە هاوسەنگی هەستیاری نێوان ئازادی و ئاسایش تێکبدات لە کۆمەڵگە رۆژئاواییەکاندا و بەمەش داعش ئامانجە سیاسیەکانی خۆی بەرەوپێش دەبات، وەك بەکارهێنانی هەستی دژ بە ئیسلام لە رۆژئاوادا بۆ برەودان بە کارگەی پڕوپاگەندەکەی.

> **ئەنجامدانی ژمارەیەکی زۆر هێرش و پەلامار لە ماوەیەکی کورتدا بێ ئەوەی هەماهەنگی لە نێوانیاندا هەبێت، بۆی هەیە هاوسەنگی هەستیاری نێوان ئازادی و ئاسایش تێکبدات لە کۆمەڵگە رۆژئاواییەکاندا و بەمەش داعش ئامانجە سیاسیەکانی خۆی بەرەوپێش دەبات**

داعش تەنیا گروپێك نییە کە بانگەشە بۆ «جیهادی بێ سەرکردە» بکات، ئەو دەستەواژەیەی کە لەلایەن مارگ ساگیمان- شارەزای تۆڕە تیرۆریستیەکان- داتاشرا. چونکە پێش داعش ئەلقاعیدە ئەم ستراتیژیەتەی بەکارهێنا، بەڵام بە حەزەرێکی زیاتر و بە سەرکەوتنێکی کەمترەوە. دوای ئەوەی ئەمەریکا لە دوای ١١ی سێپتەمبەرەوە ئۆپەراسیۆنەکانی ئەلقاعیدەی ئیفلیج کرد، ئەوا ئەلقاعیدەش لە ستراتیژیەتە بنەڕەتییەکەی خۆی لایدا و دەستی دایە برەودان بە جیهادێکی پتر نامەکەزی. لەبەر ئەوە پەناگا و کامپەکانی مەشقی لە ئەفغانستان لەدەست دابوو، گروپەکە هەوڵیدا لە رێی ئەنتەرنێتەوە ئەو کارە بکات و دەستی دایە بڵاوکردنەوەی رێگاکانی مەشقکردن و رێنماییەکانی بۆ شوێنکەوتووانی لەبارەی چۆنیەتی ئەنجامدانی هێرشەکانەوە. تەنانەت لقی ئەلقاعیدە لە سعودیە گۆڤاری ئۆنلاینی «معسكر البتار»ی بەکارهێنا بۆ فێرکردنی چۆنیەتی مەشقکردن. چەند ساڵێك دواتر،



باراک ماندێلسۆن*– فۆرن ئەفێرز

ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی هاڤەرفۆرد و
توێژەری باڵایە لە سەنتەری دیراساتی سیاسەتی دەرەوە

لقی یەمەنی ئەم گروپە گۆڤاری (inspire)ی بەرهەم هێنا، کە چەند وتارێکی ڕێنماییئامێزی تێدابوو وەك «چۆن لە چێشتخانەکەی دایکتدا بۆمبێك دروست دەکەیت».

لەبەرچاوگرتنی ئەم هەوڵانە، وا دەرکەوت سنووربەندییەك هەبێت بۆ بەکارهێنانی گورگە تەنیاکان لەلایەن ئەلقاعیدەوە، بەلای کەمەوە بە بەراورد بە داعش. دوودڵی ئەلقاعیدە لەوەوە سەرچاوەی گرت کە ترسی هەبوو لەوەی متمانە بە هاوسۆزێکی نەناسراو، یان کۆنترۆڵنەکراو بکات. توندوتیژی هەڕەمەکییانەی ئەبو موسعەب ئەلزەرقاوی- سەرۆکی لقی عێراقی ئەلقاعیدە تاوەکو ٢٠٠٦ و باوانی داعش- زیانی بە وێنەی ئەلقاعیدە گەیاند کە خۆی بە ئاڵاهەڵگری موسڵمانان دەزانی و دەرسێکی قورسیشی فێری سەرکردەکانی کرد لەبارەی مەترسیی کاراکتەرە کۆنترۆڵنەکراوەکانەوە. بە چەشتنی تاڵاوی ئەم ئەزموونە، کە کاریگەری هەبوو لەسەر بەدەستهێنانی پشتیوانی بۆ گروپەکە لە عێراق و شوێنەکانی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوا ئەلقاعیدە بە حەزەر بوو، نەکا برینێکی دیکە لە جەستەی خۆیدا بکات. لە روانگەی ئەلقاعیدەوە، هەڵمەتی هێرشی نارمەکەزی پێویستی- بەلای کەمەوە- بە بوونی ڕێنمایی روون هەیە بۆ ئەوەی دڵنیابن کە هێرشەکانی تەبان لەگەڵ پلانی ستراتیژی گروپەکەدا. تەنانەت سەرکردەکەشی، ئوسامە بن لادن، هاوڕا نەبوو لەگەڵ وتارێکدا لە گۆڤاری (inspire) کە هانی تاکەکەسەکانی دەدا بۆ ئەوەی پێشی بارهەڵگرەکان بە کەتەر داپۆشن و ئینجا بەنێو ئاپۆرای خەڵکە مەدەنیەکەدا لێیخوڕن. ئەو داوای لە ئەفسەرەکانی کرد بۆ ئەوەی مەترسی ئەم شێوازە بۆ لقی یەمەنی ئەلقاعیدە روون بکەنەوە، چونکە بۆی هەیە موسڵمانیشی تێدا بکوژرێت و پشتیوانی خەڵك بۆ گروپەکە لاواز بکات. دوای مردنی بن لادن، جێگرەکەوەی، ئەیمەن ئەلزەواهیری، بەردەوام بوو لەسەر جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە کوشتنی هەڕەمەکییانە، بە تایبەتی کاتێك کە ببێتەهۆی کوشتنی موسڵمانی بێتاوان، زیان بە دۆزەکەیان دەگەیەنێت. تەنانەت لە ساڵی ٢٠١٣دا، دۆکیومێنتێکی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی «ڕێنمایی گشتی لەبارەی جیهادەوە»، بۆ ئەوەی هاوکاری ئەندامان و هاوسۆزەکانی ئەلقاعیدە بکات، تاوەکو لە سنوورەکانی توندوتیژی «سوودبەخش» تێبگەن.

هەرچۆنێك بێت، دەوڵەتی ئیسلامی، کێشەیەکی کەمی هەیە لەگەڵ گرتنەبەری توندوتیژی هەڕەمەکییانەدا. لە کاتێکدا ئەلقاعیدە کاری لەسەر هەڵبژاردنی ئامانجەکان دەکرد، ئەویش لە پێناو هێنانەدی ستراتیژیەتێکدا کە ئەولەوییەتی بە ئەمەریکا دەدا لە پێش ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بەڵام داعش باوەڕی بە توندڕەوییەکی دڵڕەقانەیە و هانیشی دەدات لە دژی ژمارەیەکی زیاتری «بێباوەڕەکان». ئەو بە ئاسوودەییەوە رۆژئاوایی و شیعە و تەنانەت ئەو موسڵمانە سوننانەی -دیکە کە دەسەڵاتەکەی قبووڵ ناکەن- بکەنە ئامانج. داعش سەرجەم ناموسڵمانەکان بە ئامانجێکی رەوا دەزانێت و کوژرانی موسڵمانانیش لەو پرۆسەیەدا بە زیانێکی لاوەکی وەسف دەکات.

کەواتە کاتێك توندوتیژی تەنیا ئامانج بێت، ئەوا هەر هێرشێك لەلایەن گورگێکی تەنیاوە، بە چاوپۆشین لە باری سایکۆلۆژی، یان رەفتاری ئەنجامدەرەکەی، بە بەشداریکردنێکی پڕبەها دادەنرێت. داعش تەنیا داوای ئەوە لە گورگە تەنیاکان دەکات کە پێش ئەنجامدانی هێرشەکە پەیامێك بەجێبێڵن —ئیدی لە فەیسبوك بێت، یان تویتەر- و تێیدا دڵسۆزی خۆیان بۆ داعش و ئەبوبەکر بەغدادی — کە نازناوی خەلیفەی لە خۆی ناوە- دووپات بکەنەوە.

**توندوتیژی هەڕەمەکییانەی ئەبو موسعەب ئەلزەرقاوی- سەرۆکی لقی عێراقی ئەلقاعیدە تاوەکو ٢٠٠٦ و باوانی داعش- زیانی بە وێنەی ئەلقاعیدە گەیاند کە خۆی بە ئاڵاهەڵگری موسڵمانان دەزانی و دەرسێکی قورسیشی فێری سەرکردەکانی کرد لەبارەی مەترسیی کاراکتەرە کۆنترۆڵنەکراوەکانەوە**